دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

**١٢٤ ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی ڕۆژنامەی « کوردستان»**
**لە قاهیرە، کە لەلایەن ڕەوانشاد «میقداد مەدحەت بەدرخان»ـەوە بە زاراوەی کرمانجی ژووروو دەرچوو،**
**کە ئاشکرایە مەبەست لە دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیەش گرنگیدان بوو بە خوێندن و فێربوونی زمانی کوردی و باسکردنی کێشە و گرفتە نەتەوەیی و سیاسییەکانی نەتەوەی کورد لە دونیادا.**
**لەم یادە پیرۆزەدا وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز و وەفا بۆ هەموو ئەو ئازیزانەی کە لەم سەنگەرەوە دژ بە تاریکپەرستی تێکۆشاون و لە هەوڵدا بوون کە بە نووکی خامەیان دڕ بە شەوە ئەنگوستەچاوەکان بدەن،**
**بەڵێنمان دووپات دەکەینەوە کە تا سەر لە مەتەرێزی ڕۆژنامەوە هەوڵ بۆ ڕۆشنگەری لە جڤاکە داگیرکراوەکەمان بدەین.**

**بەرز و پیرۆز بێ یادی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی**
**دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان**

ژمارە ٨٢١، چوارشەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی، ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com




پەیوەندیی ئەدەبیات و پزیشکی ٤


دەسەڵاتی ئاخوندی و هەڵچۆڕاندنی گۆلی ورمێ ٦



پانۆرامای ڕووداوە گرینگەکانی ساڵی ١٤٠٠ ٨


دیمانەی کوردستان ١٠


# تراویلکەی خۆشبژێوی!



عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژانی ڕابردوودا وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی بە هەوڵدان بۆ خۆڵ لە چاوی خەڵک کردن ڕایگەیاند: «ئابووریی ئێران سەرەڕای تەحریمەکان شکستی نەخواردووە و بەپێچەوانەی پێشبینی بیانییەکان، ئێران مایەپووچ نەبووە و ئەمەش وای کردووە کە کۆماری ئیسلامی ببێتە نموونەیەکی دیار لە جیهاندا کە تووشی قەرز نەبووە؛ نموونەیەک کە خەڵکانی دیکە ئاواتی بۆ دەخوازن!؛ دەشڵێ: «وڵاتی ئێمە سەرباری تەحریمەکان و گوشارەکان تووشی قەرز نەبووە!»؛ لەوپەڕی ڕووهەڵماڵراویشدا دەڵێ: «ئەگەر ئێمە تەحریم نەدەکراین نەماندەتوانی ئێستە بۆ خۆمان واکسەنی دژ بە کۆرۆنا ساز بکەین!»».

ئەم قسانە لەکاتێکدا دێنە گۆ کە بەپێی خودی ئاماری بانکی ناوەندیی ڕێژیم، ئێران بڕی ٨ میلیارد دۆلار قەرزی دەرەکی و ٢٧٧ میلیارد دۆلار قەرزی ناوخۆیی هەیە و دەوڵەتیش بڕی ١٦٥ هەزار میلیارد تمەن بە بانکی ناوەندی و بڕی ٥٨٧ هەزار میلیارد تمەن بە بانکەکانی دیکە قەرزدارە! ئیتر باس کردن لەو بەشەی قسەکانی خامنەیی کە دەڵێ ئابووریمان شکستی نەخواردووە دەهێڵینەوە بۆ خودی کارناسانی ڕێژیم و یەک لەوان موسا میرجەهانمەردی سەرۆکی ماڵی کرێکار لە بووشێهر کە دەڵێ: زیاتر لە ٧٠٪ی کۆمەڵگای ئێران توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیانیان نییە! ئیتر پرسی کۆرۆنا و واکسەنێک کە ناوبراو شانازی پێوە دەکات لە جێی خۆیدایە کە نەتەنیا نەیانتوانی کۆنترۆڵی بکەن بەڵکوو بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ مایەپووچبوونی زیاتری سەرمایەدارەکان و هەژارتربوونەوەی خەڵکانی چینی هەژار و کەمداهات. بەچەشنێک کە سەرلەبەری ئامار و ڕاپۆرتە ئابوورییەکانی ناوەند و دەزگا حکومەتییەکان باس لەوە دەکەن کە ئابووریی ئێران بەردەوام لەحاڵی داتەپینە. بۆنموونە دواڕاپۆرتی دەزگای بەناو بەرنامە و بودجەی کۆماری ئیسلامی هۆشداری داوە کە ئەگەر پێکهاتە و گرێچنی ئابووریی کۆماری ئیسلامی پێداچوونەوەی جیددی، بنەڕەتی و زانستییانەی بەسەردا نەکرێت تا ساڵی ١٤٠٣ دەگاتە سنووری مایەپووچ بوون و بە درێژەکێشانی تەحریمەکانیش دۆلار تا ساڵی ١٤٠٦ دە قات لە ئێستە گرانتر دەبێ! کە ڕوونە گرانتربوونی دۆلار یەکسانە لەگەڵ گرانتربوونی پێداویستییەکانی ژیان بەگشتی.

یان دواڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیی ژووری بازرگانی ئێران جێگەی سەرنجە کە دەڵێ: « چوونە سەری نرخەکان و کەمیی هەستپێکراوی نەختینەیی، وای کردووە کە ڕێژەی کڕینی پێداویستییەکانی ژیان لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا بگاتە کەمترین ئاستی خۆی بەبەراورد لەگەڵ ٧ مانگی تێپەڕیو.»

ئامارەکانی وەزارەتی کاریش دەریان خستووە کە نێونجی نرخی زیاتر لە ٨٣٪ی پێداویستییە خۆراکییە ڕۆژانەکانی خەڵک لە سنووری قەیران تێپەڕیون و خەڵک لە دابینکردنیان دۆشداماون.

جا با کەسێکی وەک ئیبراهیم ڕەئیسیش هەتا ئێوارە هاوار بکات کە ئامادەیە بۆ ئیسلاحی بنچینەیی لە ئابووری، ئابڕووی خۆی بخاتە گرێو! بەڵام ئابڕووی قەتنەبووی ڕەئیسی و دەوڵەتەکەی و خامنەییش نە دەبێتە نان، نە دەبێتە ئاو و نە دەبێتە هۆی بەردەوامیی ژیان لە ئێران.

ئەگەر ڕەئیسی و حکومەتە ئیسک گرانەکەی خەمی سفرەی خەڵک و داهاتوو و چارەنووسی ئەوانیان ببوایەت وڵامیکی کرداری و پراکتیکییان بۆ مانگرتن و ئێعترازە بەردەوامەکانی خەڵک دەبوو کە ڕۆژانە کۆ دەبنەوە، لێیان دەدرێ، لێیان دەگیرێ و ئازار دەدرێن بەڵام دیسانیش هەر دێنەوە سەر شەقام و دروشم دەدەن؛ هەڵبەت بڕێ سروشتی دێتە بەرچاو کە بەلای دەسەڵاتەوە ئەم کۆبوونەوانە گرینگ نەبێت چونکە خۆیان هیچ کات برسیەتییان ئەزموون نەکردووە و نازانن کاتێک منداڵێک بە بابی دەڵێ برسیمە و ئەویش بێدەسەڵاتە بۆ دابینکردنی ژەمەخواردنێک، چ هەستێکی هەیە!

پرسێکی گرینگی دیکە کە لەم نێوانەدا دەبێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە هەوڵی سیستماتیکی حکومەت لە ژێر ڕێنوێنی کەسێکی وەک خامنەییە کە بەردەوام هەوڵ دەدات تراویلکەیەک لە ئاسایش و خۆشبژێوی بۆ خەڵک وێنا بکات و بە خۆی و دامودەزگا بەدناوەکانییەوە، لەوانەش دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی، هەوڵ دەدەن خەنەی کاڵ و بێڕەنگیان بە سەری خەڵکی لێقەوماودا بساون و پێیان بقبوڵێنن کە داهاتوومان زۆر گەشە و دەبێ چاوەڕوان و هیوادار بن!

بۆ نموونە خامنەیی لە دیدارێکیدا لەگەڵ بەشێک لە بەڕێوەبەرانی دەزگای ویلایەت بە ڕێکەوتی ٢٣ی خاکەلێوە دەڵێ: «دڵخۆش بن ئابووری تەنیا پێوەرێکە و هیچی تر.

ئێوە دەبێ ئەو وێنا ڕاستەقینە بینن کە هەیە؛ ئێمە خاوەن هەندێک لایەنی بەهێزین کە سەری بەرز ڕاگرتووین! لەوانەش بوونی ئەمنیەت و پەرەسەندنی هێزی ستراتژیکمان لە ناوچە بەتایبەت لەبواری دژەی مەعنەوی! کە ئەمانە کۆماری ئیسلامییان کردووەتە نموونەیەکی سەرنجڕاکێش و تاقانە»؛ کە ڕوونە مەبەستی ناوبراو لە پەرەسەندنی هێزی ستراتێژیک لە ناوچە، پشتیوانییەکانی کۆماری ئیسلامی لە گرووپە میلیشیاییەکان لە یەمەن و عێراق و لوبنان و سورییە کە هەم بووەتە مایەی ماڵوێرانی و ئاوارەبوونی دەیان میلیۆن کەس و هەمیش وێرانی و خاپووربوونی ئەو هەرێم و ناوچانەی کە گرووپەکانی تاران تێیدا بوونیان هەیە، ئەویش بە پارە و داهات و سامانی خەڵکانی ئێران.

ئەگەر دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکە و هەوڵدان بۆ ئاژاوەگێڕی و گێرەشێوێنی بۆ ناسەقامگیرکردن، نیشانەی بەهێزی و نفووزی مەعنەوی بێت، کەواتە ئەو خەڵکانەی کە لە شەقامەکانی بەغدا و بەسرە و باشووری عێراق هەڵدەکوتنە سەر بارەگاکانی تاران و ئاڵای ڕێژیم و وێنەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەسووتێنن چۆن پێناسە دەکرێن؟

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە، ئەوەی تاران بانگەشەی بۆ دەکات نەتەنیا فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە بەڵکوو تەنیا هەندێ درۆ و دەلەسەی ڕەنگاڵەیە بۆ سازکردنی تراویلکەیەکی هیوابەخش بە خەڵک تاکوو بەردەوام بن لە ژیان! ژیانێک کە لیپاولیپە لە چەرمەسەری و نەهامەتی داماوی؛ کە بەدڵنیاییەوە بەردەوامبوونی ئەم دۆخە لە هەموو بوارەکانی ژیان و لەسەرووی هەمووان لایەنی ئابووری، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شویندانەری لەسەر بیاڤەکانی تری ژیانیش دادەنێ، وا دەکات کە ژیان لە مانای ڕاستەقینەی خۆی لە ئێراندا بەتاڵ ببێتەوە.

## پەیڤ

## هێز و ڕەوایی

**کەریم پەرویزی**

لە ڕۆژانی ڕابرووی ئەرتەشی تورکیا لە درێژەی عەمەلیاتە پێشووەکانی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و دژ بە هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بەشێکی دیکەی عەمەلیاتی بە ناوی چنگ-قوفڵ دەست پێ کردووە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم شەڕە تازەیەدا، دامودەزگای ئیتلاعاتی و هەروەها هەواڵدەری و میدیاکانی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەوتنە گەڕ و دەیانهەوێ لەو نێوەدا بەرژەوەندییە گڵاوەکانی خۆیان دابین بکەن. یەکێك لەو هەڵوێستانەی کە بڵاویان کردەوە ئەو لێکدانەوەیە بوو کە دەڵێن لەم ئاڵۆزی و شەڕەدا، دەبێ حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق گوشار بێنن بۆ هێزە چەکدارە نایاساییەکان و چەکیان بکەن؛ چوونکە ئەو هێزانە ئەمنیەتی ناوچەیان خستۆتە مەترسییەوە و ئەمنیەتی ئێرانیش لە ناوچەی ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران بە دەستی هێزە چەکدارە بە قەولی ئەوان تەجزیەتەڵەبەکان کەوتۆتە مەترسییەوە.

لە کردەوە و کارە سیاسی و نیزامییەکان لە دونیادا زۆرجار جێگەی تاوانبار و قوربانی دەگۆڕدرێ و ئەوەی کە تاوانی خوڵقاندوە و ڕووی مێژووی ڕەش کردووە، سیمای ستەملێکراو دەگرێتە خۆ و لایەنی قوربانیش بە تاوانباری دژەمرۆیی نیشان دەدا! هەر لەم ڕۆژانەدا بە بەرچاوی هەموو دونیاوە نموونەی دەبینین کە ڕووسیا هێرشی کردۆتە سەر ئۆکراینا، بەڵام لە پروپاگەندەدا دەیهەوێ وا نیشان بدات کە ڕووسیا قوربانی بوو و بۆ فریاکەوتنی خۆی پەنای بردۆتە بەر ئۆپەراسیۆنی تایبەت!

دەسەڵاتدار کاتێك بەپێی لۆژیکی هێز دەجووڵێتەوە ئیدی پێی وایە لە هەر شوێنێ کە مووشەکی قورستر وەشێندرا یان ئاگری چەکەکە بەهێزتر بوو ئەوە ئیدی ڕەوایی بەوە و دەتوانێ چیرۆکی دڵخوازی خۆی لە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە. بەپێی ئەم لۆژیکە چیرۆکی ڕاستەقینە و هەقیقی لای خاوەنی چەکە و هێزی چەك نەك تەنیا شەڕ دەباتەوە بەڵکوو هەقیقەتیش دەسکاری دەکا و هەقیقەتیش دەباتەوە!

لەوە گەڕێین کە هەر بەپێی ئەم لۆژیکە ئیدی خامنەیی دەبێ ملکەچی هەقیقەتەکانی گوتراوی ئامریکا و ئیسرائیل بێ چوونکە ئەوان هێزیان زۆرترە!

تارانی هێرشبەر هاتووە بە فەرمانی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# کۆبوونەوەی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە بنکەی جێژنیکان




ڕێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکرات کۆبوونەوەیەکی بۆ لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە کەمپی جێژنیکان پێک هێنا.

کۆبوونەوەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

کۆبوونەوەکە بۆ ئەندامانی حیزب و هەروەها ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە جێژنیکان ڕێک خرابوو.

تەوەری کۆبوونەوەکە باسێکی سیاسی لەسەر ئێران و کوردستان و هەروەها پێگە و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و هەروەها چەند پرسێکی نێوخۆیی حیزب بوو.

مستەفا هیجری لە باسەکەیدا، هەڵسەنگاندنی بۆ دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی کرد و بە پشتبەستن بە ئامار و بەڵگەکان، باسی لەوە کرد کە مەشرووعییەتی نیزام لەنێو خەڵکدا نەماوە و ئێستا لە ئێراندا بە پێچەوانەی سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییە کە بێجگە لە کوردستان، خەڵکێکی زۆر لە ڕێفراندۆمی مەشرووعییەتدان بە ڕێژیم بەشدارییان کرد. لە ئێستادا خەڵکێکی زۆر خوازیاری نیزامێکی سێکۆلارن و ئەم ڕێژیمەیان قەبووڵ نییە و لە ڕاستیدا ڕێژیمی ئێران لە ئێستادا لەلایەن گرووپە مافیایی و میلیشیاکانەوە بەڕێوە دەچێت.

لێپرسراوی گشتی لە درێژەی باسەکەیدا، ئاوڕی لە خەباتی حیزبی دێموکرات دایەوە و باسی لەوە کرد کە پێگە و گوتاری حیزبی دێموکرات بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران زیاتر لە جاران دژایەتیی حیزب بکات و ئاستی بەرزی وشیاریی خەڵکی کوردستان و ئامادەییان بۆ خەبات لە ئاستێکی بەرزدایە و حیزبی دێموکراتیش بەتایبەت لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا توانیویەتی کە خەڵکێکی زۆرتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بەشداریی کوڕ و کچان لە ڕیزەکانی خەبات بەڵگەن بۆ ئەم بانگەشەیە.

هەروەها بە بەراورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، حیزبی دێموکرات بەرەوپێش دەچێت و لە کاتی ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێرانەوە و هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، سەرەڕای شەهیدبوونی دوو ڕێبەری گەورەمان و هەزاران کادر و پێشمەرگە و خەڵکی ڕۆژهەڵات، بەڵام حیزبی دێموکرات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بەرەوپێش دەچێت و پێگەی لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا قایمتر دەبێت.

لە درێژەی باسەکەیاندا، لێپرسراوی گشتی ئاوڕی لە چەند پرسێکی نێوخۆیی حیزب دایەوە و لەو پەیوەندییەدا، چەند سیاسەتی گشتیی حیزبی بۆ بەشداربووان هێنایەوە بەر باس و شیکردنەوەی پێویستی دا.

لە برگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، بەشداربووان پرسیار و سەرنجەکانی خۆیان ئاراستە کرد و لەلایەن هەریەک لە: «شنە دروودگەر» سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئێران، «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستن و «کەریم پەرویزی» بەرپرسی دەزگای ڕاگەیاندن و بەرپرسی یەکەی جێژنیکان وڵامی سەرەنج و پرسیارەکانیان دایەوە.

# بەشی ئاشکرای ڕێکخستنی گشتیی حیزب کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی بەڕێوە برد




کۆبوونەوەی بەشی ئاشکرای ڕێکخستنی حیزب بۆ بەرپرسان و ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە هەرێمی کوردستان

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٩ی خاکەلێوە کۆبوونەوەی بەشی ئاشکرای ڕێکخستنی حیزب بۆ سەرجەم بەرپرسان و ئەندامانی کۆمیتەی حیزب لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە چووە.

سەرەتای کووبوونەوەکە بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان لەلایەن بەڕێوەبەری کۆبوونەوە «محەممەد سەیفووری» کادری ڕێکخستن بەخێرهاتنی بەشداربووانی کرد و ڕێزی بەرنامەکەی بۆ ئامادە بووان خوێندەوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو. باسێکی سیاسی لەلایەن «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشت لەسەر هەڵسانگاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا و ئەو ئاستەنگانە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵی بەرەورووبەوو هاتنە ژێر پرسیاری مەشروعیەتی نیزام و بێزاری خەڵک لەو ڕێژیمەی باس کرد. ناوبراو هەڵسەنگاندنێکی کرد لەنێوان متمانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکاری و ئێستادا، بەپێی ئامار دەر دەکەوێت کە ڕێژیم متمانەی ٢٤./ی ماوە لەنێو گەلانی ئێراندا کە ئەو ڕێژەیەش کەسانێکن مانی خویان لە مان و مەوجودیەتی ئەم ڕێژیمەدا دەبینن. «مەحموودی» هەروەها بەراوردێکی تری کرد لەگەڵ چوونە سەری ئاستی متمانەی حیزب لەنێو کۆمەڵانی خەڵک دوای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە تاکو ئێستا، لە دوای ڕاگەیاندنی ڕاسان ئەم خوشەویستیەی خەڵک بۆ حیزب زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.

«محموودی» داوای لە هاوڕێیانی کۆمیتە کرد کە هاوکار و پشتیوانی بەشی ئاشکرای ڕێکخستنی حیزب بن بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی حیزب لەو بەشەدا. دواتر جەخت لەسەر ئوسوول و پرەنسیپی حیزبی و پێداگری لەسەر بەڕێوەچوونی ئوسول و بڕیارەکان کرایەوە.

«مەحموودی» بە بایەخەوە باسی لە پیوەندی نێوان دەزگای هەڵبژاردن و دەزگای ڕێکخستن کرد و سپاسی «سەلیم زەنجیری» کرد بۆ بەشداری لەو کۆبوونەوە و داوای لە بەرپرسانی کۆمیتەکان کرد وەک ڕابردوو هاوکاری دەزگای هەڵبژاردنی حیزب بن.

پاشان «شەهرام حەمیدزادە» وەک بەرپرسی تازەی بەشی ئاشکرای ڕێکخستنی حیزب بە ئامادەبووان ناسێندرا.

بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە کار و پرۆژەکانی بەشی ئاشکرای ڕێکخستنی حیزب بۆ داهاتوو کە لەلایەن «شەهرام حەمیدزادە» بەرپرسی تازەی ئەو بەشەوە پێشکەش کرا.

«حەمیدزادە» وێڕای خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەم کۆبوونەوە و بەخێرهاتنی هاوڕێیانی کرد و سپاسی هاوڕێیانی ڕێکخستنی کرد. هەروەها کار و پرۆژەکانی لە خزمەت کۆمیتەکاندا باس کرد کە پێوەندیداربوون بە کاری بەشی ئاشکرای ڕێکخستنەوە، وەک دەسەڵاتدان بە کۆمیتەکان بەپێی ئەو ئاییننامەی کە هەیە.

چۆنییەتی کار کردن لە بوارەکانی پەروەردە، چۆنییەتی دروستکردنی کێبڕکێی سالم لە نێوان کۆمیتەکان، چۆن و لە چ کاتێک ڕاپۆرت بدەن بە ئۆرگانی سەروەتر، چۆنییەتی وەڵام وەرگرتنەوەی کۆمیتەکان لە ڕێگای بەشی ئاشکرای ڕێکخستنەوە.

دواتر دەرفەت بە بەشداران درا کە ڕا و بۆچۆنی خویان لەسەر کار و بەرنامەکانی باس بکەن و ئەو ڕا و بۆچوونانە لەلایەن «تاهیر مەحموودی و شەهرام حەمید زادە» وڵام درایەوە.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی دەورەیەکی تایبەتی سیاسی و نیزامیی هێزی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان




دەورەی تایبەتی سیاسی و نیزامیی هێزی پێشمەرگە کە لەلایەن بەشی ئاموزشی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ڕێک خرابوو، ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی خاکەلێوە لە چیاکانی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە کۆتاییهاتنی ئەو دەورەیە بەڕێوە چوو.

بە سانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەخێرهاتنی بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دواتر بە سروودی نیشتمانیی ‹›ئەی ڕەقیب ‹› ڕێوڕەسمەکە دەستی پێ کرد.

پاش خوێندەوەی سوێندی نیشتمانی، هێزی پێشمەرگە ڕێژەیان بەڕێوە برد.

دواتر لەلایەن «دڵنیا لوتفی» پێشکەشکاری ڕێوڕەسمەکە، داوا لە ‹›کاوە بەهرامی›› بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرا وتەکانی پێشکەش بکات.

بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕۆڵی پێشمەرگە و گرینگیدان بە پەروەردە و ڕاهینان و هەروەها چەند بابتی دیکەی خستە بەر باس.

دواتر سروودێک لەژێر ناوی «من چیام خۆڕاگرم» لەلایەن کچانی پێشمەرگەوە پێشکەش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی فێرکاریی دەورە لەلایەن «دیاکۆ مەسعوودی» پێشکەش کرا.

دواتر «مەتین محەممەدی» بە هاوکاریی کۆڕی مۆسیقای هێزی پێشمەرگەی کوردستان گۆرانییەکی لەژێر ناوی ‹›کۆچی یارم›› پێشکەش کرد.

پاشان پەیامی دەورە لەلایەن «بێهزاد عەزیزی» خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا کۆمەڵێک لە ماموستایانی ماندوویینەناس و لەخۆبردوو کە ئەرکی ڕاهێنان و بارهێنانی بەشداربووانی خولەکەیان لە ئەستۆ بووە لەلایەن دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە خەڵات کران.

ئەو مامۆستایانە بریتی بوون لە: «ئەیووب ئازەری، سەیران مەحموودپوور، موحسێن خەلیلی و کیانووش عەلیرەزایی» کە لەلایەن «کاوە بەهرامی» بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خەڵاتەکەیان پێ بەخشرا.

لە نێوئاخنی ئەو ڕێوڕەسمەدا «سمکۆ دەستمەردی» پەخشانێکی لەژێر ناوی «هاوڕێی پێشمەرگە» خوێندەوە.

هەروەها ‹›عومەر فەرهوودی و شەهرام تایی›› کە لە ماوەی بەڕێوەچوونی ئەو دەورەیەدا هاوکاریی مامۆستایانیان کردووە خەڵات کران کە «تاهیر مەحموودی» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات خەڵاتەکەیانی پێشکەش کرد.

وەک نەریتی هەموو دەورەیەک خەڵاتی ڕێزلێنان لەلایەن «فواد خاکی بەیگی» بەرپرسی نووسینگەی کارگێڕی پێشکەش بەو کەسانەی کە پلەکانی یەک تا سێهەمیان لە هێزی ١١٥ بەدەست هێناوە، کرا. ئەو کەسانە بریتی بوون لە: «پێشەوا مەحموودی، موبین تاری و ئاسۆ بادغە».

لە هێزی ١٢٢ کەسانی یەکەم هەتا سێهەم لەلایەن «سەلیم زەنجیری» بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکرات خەڵاتەکەیان پێشکەش کرا کە بریتی بوون لە: «بێهزاد عەزیزی، پێشەوا ئەحمەدی و چیاکۆ محەممەدی».

لە هێزی ١٣٥ «پێدرام سولەیمانی، کامران قاسمی و دانیال ئیبراهیمی» کەسانی یەکەم هەتا سێهەم بوون کە لەلایەن «مستەفا مەناف» فەرماندەی هێزی ١٣٥ خەڵاتەکەیان پێشکەش کرا.

لە هێزی کچان کەسانی یەکەم هەتا سێهەم بە ناوەکانی: «ئەسرین بایەزیدی، ئەوین یووسفی و سەمیرا عەزیمیان» لەلایەن «ئەسعەد ئەحمەدی» بەرپرسی کادر و پێشمەرگە خەڵاتەکەیان پێشکەش کرا.

هەروەها لە هێزی ١٢٧، «شەماڵ لاجانی، ئارمان قوبادی و هیوا باتووتە»لەلایەن «فەرەیدوون عەزیمی» جێگری دەزگای دارایی حیزبی دیموکرات خەڵاتەکەیان پێشکەش کرا.

هەروەها «مریەم یووسفی» یەکێک لە تەواوە چالاکەکانی ئەو دەورەیە کە لە مەودای دەورەکەدا تووشی کێشەی جەستەیی ببوو، لەلایەن «موختار سۆهرابی» بەرپرسی فێرگەی فەرماندیی خەڵاتی ڕێزلێنانی پێشکەش کرا.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا «عادڵ مهاجر» بە هاوکاریی کۆڕی مۆسیقای هێزی پێشمەرگەی کوردستان گورانییەکی پێشکەش کرد.

پاشان کۆمەڵێک جووڵەی نیزامی و نیمایەشی کە لەلایەن بەشداربووانی دەورەوە ئامادە کرابوو، بەڕێوە چوو.

لە برگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا تابلۆیەکی هەڵپەڕکێی کوردەواری لەلایەن کیژان و کوڕانی بەشداربووی دەورەوە بەڕێوە چوو.

# کەسانی سەر بە ڕێژیمی ئێران بۆ سیخوڕی و بەرژەوەندیی کەسیی خۆیان لە ناوی حیزبی دێموکرات کەڵکاوەژوو وەردەگرن

لە شاری گوێکتەپەی مەهاباد، دوو کەس وەکوو باب و کوڕ بە ناوەکانی ‹›ئیـ.ق و س.ق›› کە کەسایەتییەکی ناحەز و بێزراویان لەنێو خەڵکدا هەیە، بۆ کاری سیخوڕی و بەرژەوەندیی تاکەکەسی، خۆیان لەنێو خەڵکدا بە ئەندامی حیزبی دێموکرات دەناسێنن و لە هەست و سۆزی خەڵک کەڵکاوەژوو وەردەگرن.

ئەو دوو کەسە جیا لە کاری سیخوڕی بۆ ڕێژیمی ئێران، مادەی هۆشبەر بە خەڵک دەفرۆشن و ناویان بە ‹›دز›› ناسراوە.

سەرچاوەی ئاگادار بە کوردستان میدیای ڕاگەیاندووە کە ئەو دوو کەسە بە پشتیوانیی ناوەندە ئەمنییەکانی ڕێژیم ماوەی یەک ساڵە دارستانەکانی ناوچەکانی ‹›شارویران، شامات و مەنگوڕایەتی›› مەهابادیان داوەتە بەر پەلاماری خۆیان و بە بڕینەوەی دارستانەکانی ئەو ناوچانە زیانێکی زۆریان بە ژینگە گەیاندووە.

ئەو سەرچاوەیە باسی لەوە کردووە کە خەڵکی گوێکتەپە چەندین جارهەوڵە قێزەونەکانی ئەو دوو کەسەیان لەقاو داوە و تەنانەت بە ناوەندەکانی ڕێژیمشیان ڕاگەیاندووە، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە سەر بە ڕێژیمی ئێرانن کاریان پێ نەبوونە و دەستیان بۆ هەر کارێک ئاوەڵایە.

ئەو باب و کوڕە بە ناوەکانی ‹›ئیـ.ق و س.ق›› بۆ ئەوەیکە جێگای خۆیان لەنێو خەڵکدا بکەنەوە و کەس کاری بە ئەوان نەبێت، خۆیان بە ئەندامی حیزبی دێموکرات دەناسێنن.

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات سەردانی زانکۆی «کۆیە»ی کرد



هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «ناسر سالحی ئەسڵ» بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆیە، سەردانی دوکتور «وەلی مەحموود» سەرۆکی زانکۆی «کۆیە»یان کرد.
ئەو هەیئەتە پێکهاتبوو لە بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆیە، سەید «نەجمەدین هاشمی» ئەندامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات و «مەحبووبە ئیبتکار» بەرپرسی بەشی پەروەردەی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی.
لەو سەردانەدا بە مەبەستی سپاس و پێزانین بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە و کۆلێژەکانی زانکۆی کۆیە سەبارەت بە پێگەیاندن و بارهێنانی خوێندکارانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەوحی ڕێزلێنان و چەپکە گوڵی حیزبی دێموکراتیان پێشکەش بە دوکتور «وەلی مەحموود» سەرۆکی زانکۆی کۆیە کرد.

## پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد




ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٨ خاکەلێوە، هەیئەتێکی «پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان» بە سەرپەرستیی «باپیر کامەلا» سکرتێری گشتیی «پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان» و ئەندامی پارلەمانی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد.
ئەو هەیئەتە لەلایەن وەفدێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی «محەممەد نەزیف قادری» جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات و بەرپرسی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکان پێشوازییان لێ کرا.
لەم دیدارەدا ڕەوشی کوردستان و ناوچەکە تاوتوێ کران. دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بە وردی ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا و هەر کام لە ڕوانگەی سیاسەت و هەڵوێستەکانیان، چۆنیەتیی بەرەوپێشچوونی بزاڤی نەتەوەیی دێموکراتیکی نەتەوەی کوردیان لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان باس کرد.
لەم چاوپێکەوتنەدا هەر دوو لایەن بەپێی بارودۆخ و هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستای ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و دۆخی ناوچەکە، پێویستیی یەکگوتاری و یەکڕیزیی هێز و لایەنە سیاسییەکانیان بە ئەرکێکی زەرووری زانی.
لەو دیدارەدا دوو لایەن لەسەر بەهێزترکردنی پەیوەندییەکان جەختیان کردەوە.

## سمینارێک لەسەر کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سوید بەڕێوە چوو



ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٨ی خاکەلێوەی ١٤٠١ سمینارێک لەسەر کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە هاوکاریی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوید ڕێکخرا.
لەلایەن بەڕێوەبەری سمینارەکە «سەرکان کویسە» پارلمانتاری سەر بە حیزبی سوسیال دێموکراتی سوید بە شێوەی پانێل دەستی پێ کرد. لەو پانێلەدا نوێنەری هەر چوار حیزبەکان وتاریان لە سەر هەلومەرجی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێشکەش کرد.
لەم سمینارەدا «ئاسۆ ساڵح» بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزب لە دەرەوەی وڵات بە نوێنەرایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداری کرد و بابەتێکی پێشکەش کرد.
ناوبراو لە بابەتەکەیدا بارودۆخی خەڵکی کورد و ئۆکراینی هەڵسەنگاند و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی بزوتنەوەکانی ئەم دوو بەشەی لێکدایەوە.
«ساڵح» لە بەشێک لە باسەکەی ئاماژەی بە پشتیوانیی نێونەتەوەیی وەکوو گرینگترین خاڵی جیاوازیی خەڵکی کورد و ئوکراین کرد و وتی: «لەگەڵ ئەوەیکە زۆرتر لە ١٠٠ ساڵە خەباتی کورد بە ڕێکخراوەیی کراوە، بەڵام هێشتاش تەنانەت ناتوانین بە زمانی خۆمان بخوێنین».
بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە درێژەی باسەکەی وێڕای ئاماژە بە ئاماری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە وتی: «لەوانەیە بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئێستا دەسکەوتی کەمی بێت، بەڵام ئەو فیداکارییانە کە لەم ڕێگەوە کراون نابێ لەبیر بکەین».
نوێنەری حیزب لە پانێلەکە هەروەها وتی: «ئێمە پێمان وایە کە دێموکراتیزاسیۆنی ئێران دەتوانێ ڕێگایەکی ئاشتیخوازانە و درێژخایەن بێت بۆ چارەسەریی پرسی کورد لەم وڵاتە؛ بەڵام سەرەڕای ئەوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وڵاتانی ڕۆژاوایی لایەنگری ئاشتی و دێموکراسین، بەڵام هێشتاش عەلاقەیەک بۆ پشتیوانی لە خەباتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە نێویاندا نابیندرێت».
«ئاسۆ ساڵح» لە کۆتایی باسەکەیدا وێڕای ئاماژە بە وتووێژە ناوەکییەکانی ئێران جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە جاری پێشوو لابردنی گەمارۆکان لەسەر ئێران بووە هۆی ئەوەیکە پشتیوانییەکانی ڕێژیم لە گرووپە تێرۆریستیەکان و پرۆژە مووشەکییەکانی پەرە بستێنن، بۆیە ڕێککەوتننامەی ناوکی ناتوانێ ببێتە هۆی پەرەسەندنی هێزە دێموکراتیکەکانی نێو وڵات، بەڵکوو بەپێچەوانە دەبێتە هۆکاری سەرکوتی ئەم هێزانە».
نوێنەرەکانی دیکەی پانێل لەسەر مەسەلەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە وەک گرتن و ئەشکەنجەدانی لاوانی کورد، ڕادەی بەرزبوونەوەی بێکاری لە کوردستان، نەبوونی دەوا و دەرمان و بنکەی تەندروستی و چارەسەرنەکردنی کێشەی کۆرۆنا بوو.
باس لە نەبوونی ئاوی خواردنەوە، تێکدانی ژینگەی کوردستان، میلیتاریزەکردنی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕێژیمەوە، کوشتنی کۆڵبەران کرا.
هەڵاواردنی کەمینە مەزهەبییەکان و ئاژاوەنانەوەی ڕێژیم لەنێو خەڵکی کوردستان، بڵاوکردنەوەی مادە سڕکەرەکان و گرتنی مامۆستایانی زمانی کوردی وەک زارا محەممەدی و هاوڕێیانی، گرتنی چالاکوانانی مەدەنی و ژینگەیی، کوشتن و تیرۆری چالاکانی سیاسی لەنێوخۆ و دەرەوەی کوردستان باسێکی دیکەی سمینارە بووە
قەیرانی ئابووری و هەڵاوسان لە کوردستان و ئێران، هەڕەشەی ڕێژیم لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتەجێ لە کوردستانی باشوور، تیرۆری چالاکوانانی کوردی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، خەرجکردنی داهات و پارەی ئێران بۆ کاری تێرۆریستی و دانی بە میلیشیا شیعەکانی عێراق، سووریە، یەمەن و لوبنان.
ناردنی سیخوڕ بۆ وڵاتانی ئورووپایی، بڵاوکردنەوەی ئیدئۆلۆژیی شیعەگەرایی بۆ دەرەوەی ئێران.
سەرەڕای ئەوەی ئەندامانی حیزب و هەیئەتی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لە سوید. نوێنەری ئەو چوار حیزبە بەشدار بوون
هاو کات نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، بەرپرسی فێدراسیۆن و چەند ڕێکخراوی تر بەشداری ئەم سمینارە بوون. ئامادەبووانی سیمینارەکە چالاکانە بە پرسیار و پێشنیاری بەشداری سمینارەکە بوون.
گرینگی ئەم سمینارە ئەوە بو کە پەیامی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ڕێگای سوسیال دێموکراتەوە بە پارلەمان و وەزارەتی دەرەوەی سوید بگەیەنن.
داواکاریی ئەم حیزبانە لەم سمینارەدا لە وڵاتی سوید بریتی بوون لەم چەند خاڵەی خوارەوە:
یەکەم؛ پشتیوانیی سیاسی و مافی نەتەوایەتی خەڵکی کورد بکەن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات
دووهەم؛ پرسی کورد بگەیەنە ناوەندی یەکیەتیی ئورووپا و نەتەوەیەکگرتووەکان UN
سێهەم؛ پێشگیری بکەن لە دروستکردنی چەکی ناوکی لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە کە دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ ناچەکە و تەواوی جیهان.

## دیداری نوێنەرانی حیزبی دێموکرات و حیزبی سوسیال چەپ لە نۆروێژ

بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە نۆروێژ، لەگەڵ نوێنەرایەتیی حیزبی «سوسیال چەپ»ی ئەو وڵاتە دیدارێکیان پێک هێنا.
ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی «گەلاوێژ محەممەدی» بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە نۆروێژ لەگەڵ «پێر بۆتۆلف مارسێل» نوێنەری بەشی پەیوەندییەکانی حیزبی «سوسیال چەپ»ی نۆروێژ «ئیس.ڤێ» کۆ بووەوە.
ئەو کۆبوونەوەیە لەسەر بانگهێشتی نوێنەری سوسیال چەپی نۆروێژ پێک هاتبوو.
لە کۆبوونەوەکەدا قەیران و کێشە سیاسی و ئابوورییەکانی داسەپاو بەسەر کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان، دەستێوەردان و ئاژاوەگێڕیی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکە، ڕێژەی بێ ئەژماری لەسێدارەدانەکانی ڕێژیم لە ئێران و بەتایبەت کوردستان لەو بابەتانە بوون کە دوو لایەن قسە و باسی تایبەتیان لەسەر کرد.
نوێنەری پارتی «سوسیال چەپ»ـی نورویژ، ئاواتی ئەوەی خواست کە لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانێت سەردانی کوردستان بکات و لە نزیکەوە چاوی بە هاوڕێیانی حیزبی بکەوێت.
لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا «مارسێل» داوای کرد لە داهاتوودا پەیوەندی نێوان دوو لایەن پتەوتر و ئاڵوگۆڕی بیروڕا زیاتر بێت.

### درێژەی پەیڤ

جەهاد خاکی کوردستانی داگیر کردووە و سوپای پاسدارانی تیرۆریست کە سوپایەکی داگیرکەر و کۆلۆنیالیستییە، بە پۆتین لەسەر ملی خەڵك حکوومەتی سەرکوتکەرانە دەکا، کەچی دەڵێن ئەو کەسانەی بەم حوکمە ستەمکارانە ملکەچ نابن، تیرۆریستن و ئەوان ئەمنیەتی ئێرانیان خستۆتە مەترسییەوە! ڕەوایی لای چەك و مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی نییە، تا بە دڵخوازی خۆیان هەقیقەت بنووسنەوە بەڵکوو ڕەوایی لای هێزی خەڵکە.
ئەم تارانەی وا لە جەمارانەکەیەوە بانگی سەرەڕۆیی لێ دەدرێ و ئیدیعای زلهێزی لە ناوچەکە دەکا، بە بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەمنییەتەکەی کەوتۆتە مەترسی، هەمان تارانە کە ماوەیەك پێش دەیگوت هێزە کوردییەکان یان بەقەولی خۆیان تەجزیەتەڵەبەکان ئاسەواریان نەماوە و لەنێو چوون و ئەوان لە کوردستاندا ئەمنیەتی تەواویان هەیە! ڕاسانی گەل، زیندووبوونەوە و وەگەڕخستنەوەی هێزی گەلە کە کردەوەیەکی دژەئەمنیەتی بۆ سەر خەڵك نییە بەڵکوو، وشیاریی گەلە کە خەو لە چاوی دیکتاتۆرەکانی تاران دەزڕێنێ.

## چالاکی تەبلیغی بۆ پشتیوانی لە خەباتی حیزبی دێموکرات و ڕەوایی بزووتنەوەی کورد

ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی لەلایەن ئەندامان و لاینگرانی حیزبی دێموکرات لە چەند شوێنی شاری «سنە» بە یادی شەهیدانی «کۆساڵان» چالاکیی بەرینی تەبلیغی بەڕێوە چوو.
ئەو شوێنانەی کە ئەو چالاکییانەیان تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «شەقامی خەیرێزنە، مەیدانی زەفەرییە، پارێزگاری، شەقامی نازوککاران، چوارڕیانی چوارباخ ، فەراح، چوارڕیانی ئێکباتان، ئاویەر، مەیدانی فەیزاوا، بەهەشت محەممەدی، گۆڕی شەهید ئەیووب زندی، باخی میللی، عەباس ئاوا، کانی کووزەڵە، نەبووەت، باخی دایک، مەیدانی پادگان و ئەرەش».
لەو چالاکییانەدا وێنەی شەهیدانی کۆساڵان بریتی لە مام ئەکبەر مینبەری، شاخەوان مینبەری، شۆڕش مینبەری، ئەفشار سوورەبوومە، ساحیب حوسێنی، بارزان حوسێنی، مەهدی شێخی، ڕوحوڵڵا حەیدەری، هیوا قوربانی، کاوە جەوانمەرد، سەرکەوت سەمەدی لە دار و دیواری ئەو شوێنانە دراون.
هەروەها لە ناوچەی «شارویران»، ڕێگای «حاجی خۆش – کێچاوا» سەر بە شاری «مەهاباد» ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەڵ کراوە.
لەلایەکی ترەوە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «حاجی لەک» لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان لەسەر دیوارێک لە گۆڕستانی گوندی حاجی لەک بە نەخشاندنی ئاڵای کوردستان و نووسینی دروشم پشتیوانیی خۆیان بۆ حیزب دووپات کردەوە. ئەو شوێنە کە چالاکی تیدا کراوە شوێنێکی پڕ هاتوچۆیە و پێشمەرگەکانی شار بەو کارە دڵی خەڵکی ناوچەکەیان شاد کردووە.
هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕۆژی هەینی ٢٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی، پێشمەرگەکانی شار لە «بۆکان» چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەو چالاکییە لەسەر ڕێگاکانی ئاوایی سەراو، گۆگتەپە و تڕانزیتی بۆکان – میاندواو بەڕێوە چووە.
لەو چالاکییەدا بۆ پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئاڵای پیرۆزی کوردستان و لۆگۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵ کرا. هەروەها ئەندامانی حیزب لە کوێستانەکانی «هەوارەبەرزی ناوچەی گەورکایەتی و گوندی یاغیان» سەر بە شاری «بۆکان» بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
لەو چالاکییەدا و لەنێو سەیرانچییەکان، «بەرنامە و پەیڕەوی نێوخۆی حیزب» بڵاو کراونەتەوە.
لەلایەکی دیکەوە و لە شاری «ساحێب»، «مەیدانی فەرهەنگ، ڕێگای سەقز- سنە و ڕێگای گوندی قیلەسون» سەر بە شاری «سەقز» چالاکییەکی بەربڵاو بەڕێوە چووە.
لەو چالاکییەدا «ئاڵای پیرۆزی کوردستان، وێنەی قازی محەممەد و دوکتور سادق شەرەفکەندی» بڵاو کراونەتەوە.
هەروەها ئەندامانی حیزب لەو شارە پەیمانیان لەگەڵ شەهیدان و پێشمەرگەکان نوێ کردووەتەوە کە هەتا سەر وەفادار بە ڕێگا و ڕێبازیان دەبن.

# پەیوەندیی ئەدەبیات و پزیشکی



**نووسەر: عەباس پژمان**

**وەرگێڕانی سامالْ ئەحمەدی**

هەمـوو ڕووداوێـک لـە ژیانـی مرۆڤـدا، هەسـتێک، یـان کۆمەڵێـک هەسـت لـە ناخیـدا دەبزوێنێـت، بۆیـە هەرکاتێـک مـرۆڤ ئـەو ڕووداوەی وەبیـر بکەوێتـەوە، ئەو هەستانەیشی سەر هەڵدەدەنەوە.

بـە واتایەکـی ڕوونتـر، سـەرەنجام هەمـوو ڕووداوەکان بە شـێوەی کۆمەڵێک هەست لـە مێشـکی مرۆڤـدا واتـا پەیـدا دەکـەن و ئـەو هەسـتانەش چ خـۆش بـن و چ ناخـۆش بـن، بـەلای مێشـکەوە گرنگـن و هـەر ڕووداوێکی بتوانێـت هەسـتی بەهێزتر بـەدی بێنێـت بەلای مێشـکەوە گرنگترە و زیاتر سرنجی پێ دەدات و ئەو ڕووداوانەی بە هەسـتی بەهێزترەوە ڕوویان دابێت، زیاتر لە بیری مرۆڤدا دەمێننەوە.

کاری سـەرەکیی ئەدەبیاتیـش ئەوەیـە کـە هەسـتی بەهێـز و جۆراوجـۆر بـەدی بێنێـت کە لەڕاسـتیدا ئـەوە کاری هەموو هونەرێکیشە.

کاتێـک هەوایەکـی گۆرانـی (ئاوازێـک) و مۆسـیقا دەبیسـتین، یـان تابلۆیـەک دەبینیـن، یـان ڕۆمـان و چیـرۆک دەخوێنینـەوە، ئەوانـە هەسـت و سـۆزی بەهێـز لە مێشـکماندا بەدی دێنن، هەربۆیە ڕووداوەکان و سـەردەمە مێژووییـەکان لـە ئەدەبیاتـدا باشـتر زینـدوو دەبنـەوە تـا لـە مێـژوو و ڕاپۆرتـە مێژووییەکاندا؛ کەواتە ئەوەمان لە بیر بێت کە کارە گرنگەکەی ئەدەبیـات خولْقانـدن و بزواندنـی هەسـت و سـۆزە لە وشـەکان و دەقەکاندا، بۆ ئەوەی هەر کەسـێک ئەو وشـانە و ئەو دەقانەی خوێندەوە، ئەو هەستانەش ئەزموون بکاتەوە و تێیاندا بژییێتەوە.

گرنگتریـن هەسـتی بەرهەمـی دەقـی ئەدەبی، هەسـتی «جوانی»یە کە ڕەنگە ئەو هەسـتە بەلامانەوە زانستیترین وێنەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان بێت و بۆ پێناسـەی ئەدەب و هونەر بڵێین، کۆمەڵێک تەکنیکن کە مرۆڤ هەستی بەهێزیان پێ دەخولْقێنێت؛ بەتایبەتـی هەسـتی جوانی. بەشـی هـەرەزۆری هێـزی ڕاکێشـانی ڕۆمـان و چیرۆکیـش هـەر پەیوەندیـی بـە بزواندنـی هەسـتە جۆراجـۆرەکان لـە ڕێـی خوێندنەوەیانـەوە هەیـە، چونکـە مـرۆڤ بزواندنـی هەسـتەکانی خـۆی پێ خۆشـە و ئـەو هەسـتبزواندنە لـە بەشـێک لـە ڕۆمـان و چیرۆکەکانـدا زۆر تونـد و بەرچاوە: هەستی ترس و تۆقان لە ڕۆمانە ترسـناکەکاندا، هەسـتی کونجکۆڵـی لـە ڕۆمانـی پۆلیسـی و مەتەڵۆکـەدا، هەسـتی بەزەیـی و ئەخـلاق لـە ڕۆمانـی ئایدیۆلۆژیکیدا، هەسـتی سەرسـووڕمان لە ڕۆمانـی خەیاڵـی و ڕیالیزمـی جادوویـی و زانستیدا (ساینس-فیکشن).

هەریەکـە لـەو ڕۆمـان و چیرۆکانـەی سـەرەوە زیاتر بە بزواندنی ئەو هەسـتانەی بـاس کـران، خوێنەر بە خۆیانەوە سـەرقاڵ دەکـەن و سـرنجی ڕادەکێشـن، نـەک بـە بزواندنـی «هەسـتی جوانـی»، هەربۆیـە بـەو جۆرە ڕۆمـان و چیرۆکانە دەگوترێت بەرهەمگەلـی لاواز، ئاخـر ڕۆمانیـش خـۆی بەرهەمێکـی هونەرییە، یـان دەبێت بەرهەمێکـی هونـەری بێـت، چونکـە بـۆ ئـەوە دەنووسـرێت کـە لـە پلـەی یەکەمدا جوانـی لـە فۆرمـی خۆیـدا وێنـا بـکات، کەواتـە دەبێ بەردەنگەکەیشـی لـە پێش هەموو شـتێکدا لە ڕێی بزواندنی هەسـتی جوانییەوە بخاتە ژێر کارتێکەریی خۆیەوە، نەک بە هەست و سۆزی دیکە.

لـە نێـوان ئـەو بیسـت و چەنـد هەسـت و سـۆزەی لە مرۆڤدا هەیە، هەسـتی جوانی بەرزترینیانـە، بەهای بەرهەمی هونەرییش هـەر لـەو جوانـی و بەرزییـەوە سـەرچاوە دەگرێت، هەربۆیە هەرچەندێکی هەسـتی جوانـی لـە بەرهەمـی هونـەری و ئەدەبیدا کـەم بێت و هەسـتەکانی دیکـە زۆریـش بـن، هـەر بـەو ڕادەیـە لـە هونەریبوونـی خـۆی دوور دەکەوێتـەوە و بەرەو سـووکی و چرووکی دەچێت.

هەسـتی جوانـی لـە هەمـوو شـتێکدا، چ بەرهەمـی هونـەری بێـت، یـان ڕووداو و دیـاردەی سروشـتی، چێژێـک بـۆ مـرۆڤ دەخولْقێنێت کە زۆرجار هەسـتی دیکەیشـی تێکـەڵاو دەبێت، زۆر ڕۆمان و چیرۆک هەن کە تێیاندا باسـی هەژاری و لێقەومـاوی و دامـاوی و ڕووداوی ناخـۆش و بەگشـتی ناحەزییەکانـی ژیان دەکرێت، کەچـی خوێندنەوەیـان هەسـتی ئـەو چێـژەی لـێ دەکەوێتـەوە کـە جوانی بـە مرۆڤـی دەبەخشـێت. بۆچـی وایـە؟ وەڵامەکەی ڕەنگە ئەوە بێت کە هەمووی دەگەڕێتـەوە سـەر شـێوەی دەربڕینـی ئەو مەینەتی و ڕووداوە ناخۆشانە.

هەمـوو زەردەپەڕێـک ئاماژەیـە بـۆ ئـەوەی کـە ڕۆژێکی دیکە لـە تەمەنمان چـوو، ئـەو ڕۆژەی کـە هەرگیـز دووبارە نابێتـەوە، بەمـە دڵتەنـگ دەبیـن، بـەلام زەردەپـەڕ جوانیشـە! جوانییەکـەی لـە چیدایـە؟ وەڵام ئەوەیـە کـە جوانییەکـەی لـە شـێوەی دەربڕینـی واتاکەدایە لە ڕێی «خواسـتن»ـەوە (میتافۆر / ئیسـتعارە)؛ ئـەو ڕۆژەی کە بەشـێکە لـە ژیانی ئێمە و لەگەڵ زەردەپەڕ بۆ هەمیشـە دەپەڕێت و دەمرێـت، لـە وێنـەی ئاوابوونی خۆردا بەیـان دەکرێـت کـە توێژینەوە زانسـتییە نوێیەکان سـەلماندوویانە ‹›خواستن›› بۆ مێشـکی ئێمـە جوانە، واتە چێژبەخشـە. هیـچ جیاوازییەکیـش نییـە لـەوەدا کـە ئەو واتایەی لە خواستنەکە دەکەوێتەوە، واتایەکـی خـۆش بێـت، یـان ناخـۆش بێـت، بەڵکـوو ئـەوە دەربڕینەکەیەتی کە لـە ڕێـی خواسـتنەوە چێژ بە مێشـکمان دەبەخشـێت. ملیۆنان ساڵە کە مێشکی مرۆڤ خواستن دەناسێت و هەرچییەکی بە خواسـتن دەرببڕدرێت بەلای مێشکەوە جوانـە، هەربۆیـە مێشـکی مـرۆڤ ڕاهاتـووە لەسـەر ئەوەی کە خۆیشی لە فۆرمـی خواسـتندا کۆمەڵێـک واتا بۆ خـۆی بخولْقێنیـت، لـەوەڕا شـێوەکاری پەیدا بوو، مۆسـیقا بەدی هات و ڕۆمان سەری هەڵدا...

بێجگـە لـە خواسـتن، شـتی دیکـەش لە زەردەپـەڕدا هـەن کـە جوانـی دەردەخەن؛ یەکێـک لـەو شـتانە ‹›پاتبوونەوە››یـە. پاتبوونـەوە لـەو شـتانەیە کـە بـەلای مێشـکەوە جوانـە، چونکە تەکووزی کە ڕۆڵێکـی گرنگـی لـە ناسـین و جوانیدا هەیـە، خـۆی شـێوازی جۆراوجـۆری پاتبوونەوەیـە و پاتبوونـەوە لـە هونـەردا، بەتایبەتی لە هونەری مۆسـیقا و شێعردا ڕۆڵـی زۆر گرنگـی هەیە و زەردەپەڕیش هەموو ڕۆژێک پات دەبێتەوە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ کە شتی وەکوو «خواسـتن» و «پاتبوونەوە»چۆن دەتوانـن بـەلای مێشـکەوە جـوان بـن و ئەو هەسـتە خۆشـەمان تێـدا ببزوێنن کە هەمـوو ڕۆژێـک بـە دیتنـی ڕوخسـاری جـوان، بەژنی جوان، گوڵی جوان، یان بە بیسـتنی هەوایەکی خۆشـی مۆسـیقا و خوێندنـەوەی شـێعری جـوان و چیرۆکی جوان و... هتد هەستی پێ دەکەین.

ئێسـتا لـە زانسـتی مێشـک و دەمـار و دەروونزانیـی فراژیبوونـدا دیـار کەوتـووە کـە بەشـێکی ئـەو ڕازە پەیوەندیـی بـە بابەتی «ناسین»ـەوە هەیە.

یەکەمین ناسـین کە مێشـک بۆ مرۆڤە سـەرەتاییەکانی ناو دارستانەکانی بەدی هێنـا، ئـەوە بوو کە بۆ ئـەو جۆرە مرۆڤە زۆر گرنگ بوو خۆی و منداڵەکانی لە زۆر مەترسـیی ئاژەڵـە دڕندەکان ڕزگار کـرد، واتـا ناسـین بـە بابەتـی مـەرگ و ژیـان و مانەوەشـەوە دەبەسـترایەوە و ئـەوەش لـە فراژیبوونـی مرۆڤـدا ڕۆڵـی بنەڕەتیـی هەبـوو، هەربۆیـە هەسـتێکی خۆش لەو ناسینانە کەوتەوە و ئیدی ئەو خولگانەی کە لە مێشکدا بۆ خولْقاندنی ئەو هەسـتە بەدی هاتبوون، بەرەبەرە بەهێز بوون و بۆ هەمیشـە مانەوە، بۆیە مرۆڤ هەرگیز لە «ناسین» نەوەستا و هەرچیی پێشـتریش ناسـیبووی وەبیـری هاتـەوە، ئیـدی «وەبیرهاتنـەوە›› و «پاتبوونەوە›› لـە بابەتـی «ناسـین»دا ڕۆڵـی گرنگیان گێـڕا، بـۆ نموونـە، مـرۆڤ کـە خـۆری ناسـی، پاتبوونـەوە لـەو ناسـینەدا زۆر کاریگـەر بـوو؛ خـۆر هەڵدەهـات و پـاش پێوانی مەودایەک بە ئەسماندا ئاوا دەبوو، دوای ماوەیەکیـش دیسـان هەڵدەهاتـەوە و تەکووزییەکـی نەگـۆڕ لە نێوان دوو جار هەڵاتنەوەکانیدا هەبوو.

توێژینـەوە زانسـتییەکان ڕوونیـان کردووەتەوە کە بۆ مێشـک باشتر وایە بە کەرەسـتەی وا بەلای «ناسـین»دا بچێت کە بەکارهێنانی ئاسانترە.

بـۆ نموونە، ناسـین لە ڕێی «دیتن»ـەوە ئاسـانترە لەوەی لە ڕێی «بیرکردنەوە»وە بێـت، چونکـە دیتـن زۆر ئاسـانترە لـە بیرکردنـەوە؛ یـان لـە ڕێـی هەسـتەکانی ‹›بیسـتن، بۆنکـردن، بەرکەوتـن و چەشتن››ـەوە گەیشـتن بـە «ناسـین» ئاسـانترە لە بیرکردنەوە. چونکە مێشـک لـە سـەرەتاوە بۆ ئەو جۆرە ناسـینە ڕێک خرابـوو، ناسـین لـە ڕێـی دووەمـەوە، واتە لـە ڕێـی بیرکردنەوەوە، دواتر لە مێشـکدا ڕێـک خرا، بەڵام گەیشـتن بە ناسـین لە ڕێی بیرکردنەوەوە ئاسـان نییە و مێشـک پێیـەوە ماندوو دەبێت، بۆیە ئەو ناسـینەی لـە ڕێی هەسـتەوە پێی دەگات، بەلایەوە خۆشەویستترە لەو ناسینەی بە بیرکردنەوە بەدەسـتی دێنێت. لـە ئەدەبیاتیشـدا بۆیە «خواسـتن» و «لێکچوواندن»ی پێ خۆشـە، لەبـەر ئـەوەی ئەمانـە بەشـێک لەو شـتانەی دەچنە خانـەی بیرکردنەوەوە دەیکەنە بەرهەسـت و شـیاوی بەرکەوتن، هەربۆیە بەلای مێشکەوە جوانن.

هەندێـک توانایـی لـە مرۆڤـدا هەیە کە بـەلای هەمووانـەوە بـە شـێوەی یەکسـان دەردەکەوێـت، بـۆ نموونـە، دیتنـی سـێڕەهەندی، کە «درکی قووڵ»یشی پـێ دەڵێـن. هەمووی ئـەو مرۆڤانەی کە ناوەندی ‹›درکی قووڵ›› لە مێشـکیاندا سـاغە و کێشەی دیکەی بیناییيان نییە، دیمەنـەکان بـە قووڵـی و شـتەکان بـە سـێڕەهەندی دەبینـن و ئەوەش پێویسـتی بـە ڕاهێنـان و فێربـوون نییـە، هـەر ئـەوە بەسـە کە «درکی قووڵ» و «بینایی» کێشەی نەبێت.

یەکێکـی دیکە لە تواناییەکانی مرۆڤ، توانایی فێربوونی زمانە.

هەر منداڵێک کێشـەی گوتن و بیستنی نەبێت، تەنیا بە بیستنی گوتەی خەڵکی دیکـە فێـری زمانـی هەڤپەیڤیـن دەبێت، بـەڵام ئـەو زمانانـەی کـە مرۆڤـەکان فێریان دەبن و قسـەیان پێ دەکەن پێکەوە جیاوازن.

زۆر لەمێـژە ڕوون بووەتـەوە کـە هـەم توانایـی دیتنـی سـێڕەهەندی (درکـی قـووڵ) و هـەم توانایـی «فێربوونـی زمـان» لـە مێشـکدا ناوەنـدی خۆیـان هەیـە و ئـەو ناوەندانـە هـەر بـە شـێوەی دایکـزا لە مێشـکی هەمـوو مرۆڤەکاندا هـەن. لـە زانسـتی مێشـک و دەمـاردا بـەو جۆرە تواناییيانـە دەگوترێت، توانایی وارسـکە (غەریزی)؛ ئەو جۆرە تواناییيانە پێویستیان بە ڕاهێنان و فێربوون نییە.

منـداڵ هـەر ئەوەنـدەی بەسـە کـە لەنێـو کەسـانێکدا بێت کە بـە زمانێک پێکەوە دەئاخڤـن، زۆری پـێ ناچێت فێری واتای وشـەکانیان دەبێـت و لێیـان تێـدەگات و دواتـر خۆیشـی بـە هەمـان زمان قسـە دەکات، هەڵبـەت بەو مەرجەی کە ناوەند و کۆئەندامەکانـی گوتـن و بیسـتنی ئـەو منداڵـە کێشـەی نەبێت؛ بـەڵام توانایـی دیکـەش لـە مرۆڤدا هەیە کە وارسـکە نیـن و هەرگیـز ناشـێت لەخۆوە لـە مرۆڤـدا دیـاری بـدەن، بۆیـە مـرۆڤ بـۆ لەکارهێنانیـان ناچـارە فێریـان ببێت؛ بـۆ نموونـە، خوێنـدن و نووسـین. چونکە خوێندن و نووسین بەپێچەوانەی ئاخاڤتنەوە وارسـکە نیـن و تەنیا لە ڕێـی ڕاهێنانەوە بەدەسـت دێـن. کەسـێکی نەخوێنـدەوار هەرچەنـدی لاپـەڕەی کتێبـان هەڵداتـەوە و چـاو بـە وشـەکانیاندا بگێڕێت ناتوانێت لە واتایان تێبگات، یان فێری نووسـینیان ببێـت، کەچی هەمـوو منداڵێک هەر بە بیستنی قسەی خەڵکی دەوروبەری خۆی فێـری قسـەکردن دەبێت. ئـەم نموونەیەم سەبارەت بە توانایی وارسکە لە یەکێک لە کتێبەکانی دوکتور ئانجان چاتێرجی، بە ناوی «مێشکی جوانبین» هێنایەوە.

دوکتـور چاتێرجـی یەکێکـە لـە نۆرۆلۆژیسـتە گەورەکانی ئەم سـەردەمە و مامۆسـتای کۆلێـژی پزیشـکیی زانستگەی پێنسیلڤانیا.

بـا بێینـەوە سـەر باسـەکەی خۆمـان، ئاخـۆ چێژوەرگرتـن لە شـێعر و چیرۆک و شـانۆنامە، یـان توانایـی نووسـین و داهێنانیان، لە جۆری توانایی وارسکەن، یـان لـە جۆری ئـەو تواناییانـەن کە دەبێ مرۆڤ فێریان ببێت؟

ماوەیەکـە زانسـتمەندانی زانسـتی مێشـک و دەمار دەسـتیان بە کۆمەڵێک توێژینەوەی پێشـکەوتوو دەربارەی جوانی و هونەرەکان کردووە و تا ئێستا توانیویانە چەنـد گۆشـەیەک لـە ڕازی جوانـی ڕوون بکەنەوە. بەشـێک لـەو توێژینەوانە نیشـانمان دەدەن کـە تەنانـەت منداڵـی سـاوای چەنـد ڕۆژانـەش سـەبارەت بـە جوانی هەسـتیارە؛ بۆ نموونە، زیاتر سـرنج دەداتـە ڕوخسـاری جـوان و کەمتر سـرنج دەداتە ئەو ڕوخسارانەی کە جوان نین.

ئـەوەش دیـار کەوتـووە کـە منداڵانـی سـاوا سـرنج دەدەنـە کۆمەڵێـک جوانیی دیکـەش. دیـارە هۆگریـی منداڵـی گەورەتریـش سـەبارەت بـە جوانـی لـە کەسـمان شـاراوە نییـە و هەموومـان دەیزانیـن. گشـت کەسـێک دەزانێـت کە منداڵانـی یـەک دوو سـاڵان سـەبارەت بـە جوانییـە وێنەییـەکان و ئاواز و شـێعر و چیـرۆک و ئەوانـە چەنـدە هەسـتیارن. ئـەوەش ڕوونە کە هەمـوو مرۆڤێک کەم و زۆر هۆگـری جوانییـە و نیشـانەی ئـەو هۆگرییـەش لـە هەمـوو سـەردەمانی مێژوویـی و لـە ناوچـە جیاوازەکانـی سـەر زەویـدا دەبینرێـت. ئـەو نیشـانانەش هەمـان بەرهەمـە هونەرییـە جیـاوازەکان و کەلوپەلـی جوانـکاری و میعماریـی جوانی بیناسـازی و شێعر و چیرۆکن کە مرۆڤ لە سەردەمانی جیاواز و لە شوێنە جیاوازەکانـی زەویـدا لەپاش خۆی بەجێی هێشتوون و هەموویشی ئەوەمان پێ دەڵێن کـە توانایـی درک و داهێنانی جوانی لە هەندێک پلەیدا لە هەموو مرۆڤەکاندا بە شێوەی وارسکە هەیە و لەناو مێشکدا بۆ هـەرکام لە هونـەرەکان ناوەندێک دیاری کـراوە، واتە بۆ هەر تواناییەکی وارسـکە ناوەندێکـی تایبەت لە مێشـکدا هەیە کە ئەو تواناییە بەدیار دەخات، بۆ نموونە، کە شتەکان بە شێوەی سێڕەهەندی دەبینین، یـان کە دیمەنەکان نـەک بە ڕووکاری، بەڵکوو بە قووڵی دەبینین، ئەوە بەشـێکی تایبەتی مێشکە کە ئەو تواناییەمان پێ دەدات.

ئێستا پێویستە بزانین کە ئەو تواناییانەی لـە هەمـوو مرۆڤەکانـدا بـە شـێوەیەک دەردەکـەون، ناوەندەکەیـان لـە مێشـکدا چ جێیەکـی داگیـر کـردووە؛ بـۆ نموونە «درکی قووڵ» شوێنێکی سنووردارتری لـە مێشـکدا گرتـووە، بـەڵام هونـەر شـوێنێکی زۆر بەرفرەوانتری لە مێشـکدا پـێ دراوە، تەنانـەت ئـەو شـوێنانەی مێشک کە بۆ درکی جوانی و داهێنانی هونـەری تایبـەت کـراون، زۆر زیاترن لەو شـوێنانەی مێشک کە بۆ زمان دانراون؛ بۆیە داهێنانی هونەری و ئەدەبی دەتوانێت شێوازی زۆر جۆراوجۆری هەبێت هەربۆیە هەمـوو بەرهەمێکـی هونـەری، خـۆی بەشـێک لـە ژیـان و فەرهەنگی مرۆڤانە دەگێڕێتەوە.

# ڕەوتی سەلەفییەتی جیهادی و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان

خەبات ساڵحپوور



لە ماوەکانی ڕابردوودا گرووپێک لە ئیسلامگەرا توندڕەوەکان لە شەقامەکانی شارەکانی وەک مەریوان،جوانڕۆ،سەقز و بانە و زۆر شارەکانی دیکەی کوردستان بە ئاڵای ڕەش و وتنی دروشمی ( الله اکبر) هێرشیان کردە سەر خەڵکی ئاسایی و تەنانەت بە قەمە و چەک پەلاماری خەڵکیان دەدا کە لە ئەنجامدا چەندین کەس لە هاووڵاتیان بریندار بوون و بەگشتی ئەم گرووپانە بوونە هۆی سازبوونی کەشێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ بۆ هاونیشتمانیان، کە لەڕاستیدا ئەمە دەتوانێ زەنگی مەترسی ئەوە بێت کە ڕەوتی سەلەفیەتی جیهادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەرەسەندندایە؛ ئەم گرووپە سەلەفییانە لە لایەن ڕێژیمەوە پشتیوانیان لێ دەکرێت بۆیە دەتوانن ئاوها بە ئازادانە پەلاماری خەڵکی کوردستان بدەن.

ئەم گرووپە ڕادیکاڵە ئیسلامییە ڕوو لە پەرەسەندنە لە ئایندەدا دەتوانێ ببێ بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر داهاتووی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، کە بەشێکی زۆر لە هێز و توانای مرۆڤەکان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی سەرقاڵی خۆی دەکات .

بزانین سەلەفییە جیهادییەکان کێن ؟

سەلەفییەکان گرووپگەلێکی توندڕەوی ئیسلامی سوننە مەزهەبن کە دەیانهەوێت ئیسلام بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی زێڕینی دەسەڵاتداری و یاسا و شەریعەتی سەردەمی دەسەڵاتداری ئیسلام، واتە ٣٠٠ ساڵی یەکەمی ئیسلام ڕەچاو بکەن، کە ئەمە تەنیا پەردەیەکە بۆ فریودانی خەڵکی نیشتمانپەوەری کورد و لاوانی کوردستان بە کاری دەبەن بەڵام لە پشتی ئەم هزرە بەناو ئایینییەوە سیاسەتێکی زۆر دێوەزمانە هەیە کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە فەرمان وەردەگرن. سەلەفیەتی جیهادی وەک یەکێک لە ڕێبازە بناژۆخوازە ئیسلامییەکان بڕوای بە پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان دین و بەستێنی کۆمەڵایەتی نییە و، بۆچونی ئەوان وایە کە کۆمەڵگای سەردەم ڕێگای ڕزگاری ون کردووە و دەبێ بگەڕێتەوە سەر ڕێبازی ئەسڵی خۆی کە ئەمە ئەوانی تووشی شەڕێکی قورس لەگەڵ هەموو شوناسە دینییەکانی جیهانی ئیسلام کردووە و ئەوان بە لادان لە ئیسلامی ڕاستەقینە و بێ بڕوایی تۆمەتبار دەکەن و خۆیان لە بواری پەیوەندیدان بە قورعان و سوننەت بە ڕەسەنترین دەزانن و لەگەڵ هیچ حیزب و لایەنێک سازگارییان نییە و ئەوان بە سەرلێشێواو ناو دەبەن .

تێگەیشتنی سەلەفییەکان لە خواپەرەستی لەگەڵ تێگەیشتنی موسوڵمانان لە یەکتاپەرەستی جیاوازی هەیە .

سەلەفی تەبلیغی «ئەبوو ئەعلای مەودوودی» زانای دینی هێندی -پاکستانی لە سەر ئەو بڕوایەیە کە فەرمودەی خودا دەبێ لە ڕێگەی بانگەشەی ئاشتییانەوە بڵاو بکرێتەوە؛ بەڵام سەلەفی جیهادی بڕوای بە پێچەوانەی سەلەفی تەبلیغییەوەیە و لەژێر کاریگەری بۆچوونی «سەید قوتب»دایە و ڕێبازێکی توند و ڕادیکاڵیان هەیە و بانگەواز بۆ جیهاد دەکەن و تێگەیشتنیان وایە کە دەڵێن دەبێ یاسا و دانانی یاسا لە دەستی خودایە و مرۆڤ نابێ دەستتێوەردانی تێدا هەبێت و هەروەها سەردەمی ئەمڕۆکە دەشوبهێنن بە سەردەمی نەزانیی پێش لە ئیسلام و بە بڕوای سەید قوتب هەموو کۆمەڵگەی ئێستاکە بە نەزان لە قەڵەم دەدەن جا بە ئیسلامی و نائیسلامییەوە .

هەروەها جیهاد وەک ئەرکێک بۆ خواپەرەستیی ڕاستەقینە تا دامەزراندنی دەسەڵاتی دینی دەزانن و ئەو کەسانەی کە جیهاد دەکەن بە جیهادیی ناو دەبەن و هەر کەسێک کە دژی بیروباوەڕی ئەوان بێت بە کافر ناوی دەبەن .

چۆنیەتی پەرەسەندنی ڕەوتی سەلەفیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠١؛ کاتێک کە گرووپی( ئەنسارولئیسلام ) لە ناوچەی هەورامانی باشووری کوردستان لە هاوسنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئیمارەتی ئیسلامی بیارەی) دامەزراند، کە سەلەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم ئیمارەتەوە . سەلەفییەکانی گرووپی ئەنسارولئیسلام ئەوکات جیهادیان دژ بە حکومەتی کوردستان ڕاگەیاندبوو، سەلەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە ئەوکات ژمارەیان کەم بوو لە جیهاددا بەشداریان کرد.

ئەم گرووپە کەمە لە ناوچەی مەریوان مەشقیان دەبینی، بەم شێوەیە سەلەفیەت بانگەوازی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر کرد و خەریکی وەرگرتنی ئەندام بوو و کۆماری ئیسلامی بە مەرجێک هێشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کار بکەن کە ئەندامانیان تەنیا لە خەڵکی کوردستان و گەنجەکانی کورد وەرگرن و ئەندامانیان بۆ جیهاد بنێرنە ئەفغانستان و دەرەوەی ئێران.

کۆماری ئاخوندی شیعە سەرەڕای ئەوە جیاوازییە فکرییەی کە لەگەڵ شەڕئاژۆیی و نەریتەوازەکانی سوننە مەزهەب هەیەتی و مێژوویەکی خوێناویش لە نێوانیاندا لە سەرتاسەر ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و شوێنەکانی دیکە هەیەتی، ئەم دوژمنە سوێندخواردووەی گەلی کورد لە کات و شوێنی گونجاودا و بە دژی گەلی کورد و هیوا و ئومێدی ئەم نەتەوە هەروەها بزووتنەوەی ڕەوای کورد بە کاری دەهێنێت .

لێکۆڵەران هۆکارگەلی مێژوویی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیش لە پەرەسەندنی ئەم بیرۆکەیەدا بە کاریگەر دەزانن؛ بە دەر لە جیاوازی ئیدئۆلۆژیک دوو تایبەتمەندی ئەم ڕەوتە سەلەفییانە کە بریتین لە ڕایەڵکەی توند و سەرچاوەی جۆراوجۆری هێز، کە بەپێچەوانەی ڕێکخراوە تیرۆریستییە کلاسیکەکانی تر کە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی پلەداری، ستوونی و ڕێبەری دیاریکراویان هەیە، ئەم گرووپانە لە ڕایەڵکەی ئاسۆیی و دروست بوون زۆر بە کەمی لە چوارچێوەی ڕێکخراوی گەورەدا دەردەکەون و ناوەندی فەرماندەیی و ڕێبەرییەکی دیاریکراویان نییە و ئەوەی کە ئەندامانی ئەم گرووپانە پێکەوە دەبەستێتەوە هزر و بڕوای تیۆریک و هاوبەشی ئەندامانیەتی؛ بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام لەگەڵ خەڵکدا لە پەیوەندیدان و لە ڕێگەی جیاوازەوە تەبلیغ بۆ دین دەکەن وەک مامۆستایان لە خوتبەکاندا کە دەکرێ لێرەدا نموونەی بەناو مامۆستایەکی ئایینی لە مزگەوتێکی بانە بهێنینەوە کە دژ بە هەستی ناسیۆنالیستی بانگەشە دەکات و تەبلیغ بۆ دین دەکات دژ بە هەستی نەتەوایەتی . کە هۆکاری سەرەکی ئەم مەسەلە دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی هەڵسوکەوتی ڕێژیم و کۆمەڵگا، یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبوونی سەلەفیەتی جیهادی دەگەڕێتەوە بۆ سوننی بوونی زۆربەی دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەمە گرینگترین هۆکاری کاریگەری سەلەفییەت لەم ناوچەیەیە.

هەروەها ساڵانێکی زۆرە بانگەوازی ئازادانەی ئەم ڕەوتە لە سەلەفیەت بە بێ هیچ ڕێگرییەک نە لەلایەن حکومەت و نە لەلایەن کۆمەڵگاوە کاریگەری بووە لە سەر بڵاوبوونەوەی ئەم هزرە ئایینییە.

هەروەها گەشەی سەرمایەداری، دروستبوونی چینی هەژار و جیاوازی و ناعەدالەتی لە دنیای سەردەمدا کە بەپێچەوانەی هزری سەلەفیەتە و دژی مۆدێرنیزمن. ئەوان بانگەواز بۆ سادەژیانکردن وەک سەردەمی ئیسلام دەکەن و ئەمەش دەتوانێ هاندەر بێ بۆ پشتیوانی چینی هەژار لە ئەم فکرە ڕادیکاڵە؛ بەتایبەت هەژارییەک کە ڕێژیم بۆخۆی هۆکاری پەرەسەندنیەتی لە ناوچەدا بەتایبەت لە ناوچەکانی دەوروبەری سنە و کرماشان کە بووەتە هۆی ئەوەی سەلەفییەکان سەرنجی گەنجان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن بۆیە زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تووشی ئەم ڕەوتە ئایینییە بوون و پەیوەست بوون پێیانەوە، لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگان.

بەڵام لێرەدا گرینگترین هۆکاری پەرەسەندنی ئەم ڕەوتە ڕادیکاڵە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی دەوڵەت لە هاوکاری و پشتیوانی لەم گرووپانە کە دەیهەوێ بە پەرەسەندنی ئەم هزرە پرسی ڕەوای کورد بەلاڕێدا ببات و لە پرسێکی نەتەوەییەوە و ئایینیدا قەتیسی بکاتەوە؛ هەروەها دەیهەوێ ببەینێ ڕۆژ پرسی ڕەوای کورد لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆردا بە دنیای دەرەوە نیشان بدات وەک سەرکوتی خۆپیشاندانە ڕەواکانی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان، بۆ ئەوەی بە دنیای دەرەوە بڵێت کە خەڵکی نیشتمانپەروەری کورد تیرۆریستانی سەر بە گرووپە توندئاژۆکانی وەک ئەلقاعیدە و داعش و هتدن و لەم چوارچێوەیەشدا پشتیوانی و هاوسۆزی وڵاتانی دیکە بەدەست بهێنێت.

هەروەها ڕێژیم و بەتایبەتی ئیدارەی ئیتلاعات ئامانجێک کە لەم کارە زۆر بەلایەوە گرینگە ئەوەیە کە دەیهەوێ کۆمەڵگای کوردستان دابەش بکات بەسەر دوو یان چەند بەرەی جیاواز و دژ بەیەک و لەم ڕێگایەوە دەیهەوێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە بکاتەوە و دەرفەت بۆ دروست بوونی ڕەوتێک بڕەخسێنێ کە لە نێو قووڵایی و ڕەسەنایەتی و هزری کورددا کار دەکات و خواستە سیاسییەکانی لەنێو دەبات ، هەروەها ڕەوتی سەلەفیزم بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ لەگەڵ بیروبۆچونی حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستان یەک بێت چونکە ئەوان بڕوایان بە پلۆرالیزمی سیاسی، زمانی، کلتوری و دینی کۆمەڵگا و هەروەها فیدراڵیزم هەیە کە هزری سەلەفیەتی جیهادی ناتوانێ خۆی لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونانە ڕێک بخات و تەنانەت ڕێکخراوە دینییەکانی تریش بە دژبەری خۆی دەزانێ. لەلایەکی تریشەوە ئەم ڕەوتە دژایەتی لەگەڵ چەمکە جیهانپەسندەکانی وەک دێموکراسی و ئازادی تاک و ناسیۆنالیزم دەکات، چونکە ئەم گوتارانە بە گوتاری کافران دەزانێ؛ بەتایبەت ڕێژیم دەرەتانی خۆش کردووە کە ئەم ڕەوتە دژی گەلییانە لەو ناوچانەی کە هەستی کوردایەتی لە نێویاندا یەکجار زۆر پەرەی سەندووە، بە ئازادی و بێ هیچ سنوورێک خەریکی بانگەشە بۆ خۆیان بن کە وەک دەبینین تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووە تێیدا و ڕێژەی ئەندامانیان ڕوو لەزیادبوونە بەتایبەت لە ناوچەکانی وەک مەریوان و ناوچەی ژاوەڕۆی سنە.

هۆکاری ئەوەیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پشتیوانی لەو گرووپە توندڕەوە ڕادیکاڵانە دەکات ئەوەیە کە دەیهەوێ ئەم گرووپانە ببنە جێگرەوەیەک لە نێو خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان و بەرەبەرە نەخشی حیزبە ئازادیخوازەکان لەناو خەڵکدا کاڵ و کەمڕەنگ ببێتەوە و لە ئاکامدا شتێک بە ناوی کورد بوونی نەمێنێ لە ناو خەڵکدا .

لە ساڵی (٢٠٠١ی ز) و لە کاتی دەسەڵاتداری گرووپی ئەنسارولئیسلام لە هەورامانی باشووری کوردستان، ژمارەی سەلەفییەکانی باشووری کوردستان و ئەو عەرەبانەی کە هاتبوون بۆ جیهاد، لەگەڵ سەلەفییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دەگەیشتە ٦٠٠ تا ٧٠٠ کەس، بەڵام ئێستا ژمارەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتووەتە چەند هەزار کەس کە زۆربەیان ڕۆیشتوون بۆ ئەفغانستان و پاکستان و نێو داعش و لە شەڕی نێو شار شارەزان و خەریکی ڕێکخستنێکی گشتین بۆ بەدەستهێنانی هێز؛ هەر وەک چۆن نمونەکەیمان لە باشووری کوردستان و هاتنی داعش کە بە دژی خەڵک هەستنانەوە و ئەو کەسانەی کە سەر بە ئەوان نەبن و ئەوانی قەبوڵ نەبێت بە دڕندانەترین شێوە دەکوشت.

زۆر لە لێکۆڵەران لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە ئەگەری دروستبونی خەباتێکی گشتیی نەتەوەیی ئەم گرووپە ڕادیکاڵە توندئاژۆیانە لە داواڕۆژدا بە دژی خەباتی نەتەوەیی کورد ڕادەوەستنەوە و بە ئاشکرا دەبنە دژبەری خەباتی نەتەوەیی و دەستەبەربوونی ئەو مافە ئینسانی و نەتەوەییانەی کە کورد نرخی بۆ داوە.

لەبەرانبەر ئەم پیلانە دژەمرۆڤانەیەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لەکاتێکدا کە گەنجانی نیشتمانپەروەری کورد بەرانبەر بە سەلەفییە توندڕەوە قەمەبەدەستەکان، دەوەستانەوە ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم ئەوانی بۆ دیفاع کردن لە ڕەسەنایەتی خۆیان و خۆشکردنی مەیدانی مانۆڕ بۆ ئەم گرووپانە لە شاری مەریوان و باقی شارەکانی کوردستان دەستبەسەر دەکرد .


بەڵام لەبەرامبەر ئەم پیلانەی ڕێژیمدا شێرەژنانی قارەمان و نیشتمانپەروەری کورد لە گەڕەکی دارسەیرانی مەریوان بەرامبەر بەم سیاسەتەی ڕێژیمی داگیرکەری کوردستان هاتنە سەر شەقامەکان و پێشیان بەم هێزە توندئاژۆیە گرت کە ئەمە نیشانی دا گەلی کورد زۆر لەوەی کە ڕێژیم بیری لێ دەکاتەوە وریاتر و وشیارترە؛ بۆیە خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان دەبێ بە باشترین شێوە لەم سیاسەتەی ڕێژیم ئاگادار بن و لە هەمان کاتیشدا ئەرکی هەر تاکێکی کۆمەڵگایە، بە تایبەت مامۆستایانی ئایینیی نیشتمانپەروەری ڕووناکبیر و هەروەها مامۆستایانی پەروەردە، کە دەتوانن ڕۆڵێکی ئەرێنی و کاریگەریان هەبێ لە ئاگادارکردنەوەی خەڵک و بنبڕکردنی ئەم هزرە و هەوڵ بدەن کە سیمایەکی جوان لە ئایینی میلیۆنان کەس نیشان بدەن و نەهێڵن دابونەریت و ڕەسەنایەتی کورد ببێتە قوربانی و ئامانجی سیاسەتەکانی ڕێژیم.

**ڕێژیم و بەتایبەتی ئیدارەی ئیتلاعات ئامانجێک کە لەم کارە زۆر بەلایەوە گرینگە ئەوەیە کە دەیهەوێ کۆمەڵگای کوردستان دابەش بکات بەسەر دوو یان چەند بەرەی جیاواز و دژ بەیەک و لەم ڕێگایەوە دەیهەوێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە بکاتەوە و دەرفەت بۆ دروست بوونی ڕەوتێک بڕەخسێنێ کە لە نێو قووڵایی و ڕەسەنایەتی و هزری کورددا کار دەکات و خواستە سیاسییەکانی لەنێو دەبات**

**بەتایبەت ڕێژیم دەرەتانی خۆش کردووە کە ئەم ڕەوتە دژیگەلییانە لەو ناوچانەی کە هەستی کوردایەتی لە نێویاندا یەکجار زۆر پەرەی سەندووە، بە ئازادی و بێ هیچ سنوورێک خەریکی بانگەشە بۆ خۆیان بن کە وەک دەبینین تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووە تێیدا و ڕێژەی ئەندامانیان ڕوو لەزیادبوونە بەتایبەت لە ناوچەکانی وەک مەریوان و ناوچەی ژاوەڕۆی سنە**

## دیار زاگرۆس

# لە ئەدەبیاتەوە بەرەو چالاکیی سیاسی



پژمان شەریعەتی

شار و سیاسەت لە پەیوەندییەکی نەپچڕاون لەگەڵ یەکتردا، بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە سیاسەت لە شاردا واتای ڕاستەقینە بە خۆیەوە دەگرێت و کۆمەڵگای شاری، کاریگەری لەسەر سیاسەت دادەنێت و بەپێچەوانەکەیشی شارەکان لەژێر کاریگەری سیاسەتدان.

یەکێک لە دەرکەوتە سەرەکییەکانی مودێرنیتە لە کۆمەڵگای جیهانیدا، شارەکانن و کەسایەتییەکانی نێو ژینگەی شارن کە پردەکانی پەیوەندین لەگەڵ تاک و کۆمەڵ و لەڕاستیدا، ئابووری، فەرهەنگ و سیاسەت و...هتد و گەشە لە هەموو بوارەکانی ژیان لە نێو شارەکاندا گرێدراون بەم خاڵانە و نەتەوەکان لە جیهاندا لە ڕێگەی شارەوە خۆیان پێناسە دەکەن.

هەر وەک ئاماژەمان پێ کرد، سیاسەت لە شاردا لە جەریاندایە و نەتەوەکان لە جیهاندا جێگەوپێگەی خۆیان لە ڕێگەی شارەوە دیاری دەکەن و چۆنیەتی ژیان لە شاردا پێناسەیەکە بۆ هەر نەتەوەیەک و ژینگەی شار و پەیوەندییەکان لە هەموو بوارەکانیدا (دەسەڵات و خەڵک، تاک لەگەڵ تاک، تاک لەگەڵ کۆمەڵ) دەرخەری پێشکەوتن و دواکەوتنی هەموو کۆمەڵگاکانە.

لەم نێوانەدا وڵاتی کوردستانیش سەرەڕای ئەوەیکە سەربەخۆ و ئازاد نییە و کورد خاوەنی دەسەڵاتی خۆجێیی نییە و لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی هەڵکەوتەی جوغرافیایی کوردستان، شارەکان بە ڕادەی پێویست بە ئێلێمانە دیاریکراوەکان بۆ شار و شارۆمەند نزیک نەبوونەتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتیی کۆلۆنیالیستی زاڵ بەسەر کوردستاندا، ڕێگری کردووە لە گەشەی شارەکانی کوردستان.

لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ ئاماژە بە خەباتی نەتەوەیی - دێموکراتیکی گەلی کورد بکەین؛ بەتایبەتی لە سەد ساڵی ڕابردوودا کە پێشکەوتن و ئامانجەکانی لە شارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها حیزبە کوردستانییەکان ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە هەوڵی قورس و قایمترکردنی پێگەی خۆیانن لە نێو شارەکاندا هەتا بتوانن کاریگەریی باشتر دابنێن و لە ئامانجەکانیان نزیکتر ببنەوە.

بەهۆی ئەوەیکە خەباتی گەلی کورد هەتا ئێستایش نەیتوانیوە گشتگیر و هاوکات و هاوبەش بێت لە کوردستان و سیاسەتی داگیرکەرانی دەسەڵاتدار بەسەر پارچەکانی کوردستان، چارەنووسی هەر بەش لە کوردستانیان گرێ داوە بە خۆیانەوە، هەرچەند ئەم گرفتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر دەکەوێتە بەرچاو و بیری نەتەوەیی زاڵترە، بەڵام لە ئێستادا هەموو بەشەکان لە کوردستان ناچارن ڕێگەی جیاواز بەڵام لە ڕاستای یەک ئامانج بگرنە بەر. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای ئەوەیکە نموونەیەکی بەرچاو و دیارە لە داخوازی و سیاسەت لە ئاستی ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناوینیشدا، ئەو چەمک و ئەندێشەگەلەی ڕێبەرایەتی گەلی کورد لەو پارچەیەدا کە باسیان لێ دەکرێت، بۆ زۆربەی وڵاتانی خاون دەسەڵاتی ناوچەکە و خەڵکی وڵاتەکەیان نامۆیە، بەڵام هێشتا خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕادەی پێویست گشتگیر نەبووە و لە شارەکاندا بە شێوەی ئیدەئال نییە.

لەم نێوانەدا، کەلانشاری کرماشان، سەرەڕای ئەوەیکە مێژووی بوون بە شار و شارنشینی تێیدا دوور و درێژە و لە زۆربەی بڕگەکانی دەسەڵاتداری لە ئێران و کوردستان کاریگەر بووە، لە ئێستادا وەکوو پێویست و لە ئاستی چاوەڕوانی، لە خەبات و سیاسەتدا بەشدار نییە.

ئەمە بەو واتایە نییە کە شاری کرماشان لە سیاسەت دوورە و کاریگەری دانانێت لە سەر دەسەڵات و سیاسەت لە ئێران و کوردستان و بە تایبەتی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد، بەڵکوو بەپێچەوانەی، هەڵکەوتی ستراتێژیکی ئەو پارێزگایە و ژێرخانە فەرهەنگی و دیرۆکی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی، ئەو شارەی کردووەتە گرنگترین و کاریگەرترین شار لە کوردستان و ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەیکە، داگیرکەر بە زانیاری لەسەر ئەو گرینگییانەی کرماشان، زۆرترین بەربەست بە نیسبەت شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ چالاکیی سیاسی و خەبات درووست بکات. بەربەستەکان زۆرن، وەکوو: میلیتاریزەکردن، ئاسمیلاسیۆن، نائەمنکردنی ئەو پارێزگایە، کۆچاندن و دوورخستنی دانیشتووانی ئەو شارە بەرەو ناوەندی ئێران و بە پێچەوانەکەیشی ناردن و ئەرکدارکردنی غەیرەکوردەکان بۆ ئەو پارێزگایە، تێکدانی ئابووری و خۆشبژێوی لەو شارە و دەیان و سەدان بەربەستی دیکە کە داگیرکەر بە دیاری هێناویەتی بۆ کوردستان. یەکێک لەو بەربەستانە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی هەوڵی بۆ داوە و بەردەوامە لەسەری، بەلاڕێدابردن و دوورخستنی ئەو شارەیە لە شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا و سنووردارکردنی چالاکییەکان لەو شارەدا و قەتیسکردنەوەی چالاکییەکان لە بیاڤی ئەدەبدا. ئەم بەربەستە واتە قەتیسکردنی خەبات لەو شارەدا بە چالاکیی ئەدەبی، چەند هۆکاری سەرەکیی هەیە، یەکێک لەوان پرۆژەی ئاسمیلاسیۆنە کە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەڕێوە چووە و دەچێت و تاک و کۆمەڵگای کرماشان دەیانهەوێت بە چالاکی و پاراستنی ئەدەبیاتی کورد لە خۆیان بەرگری بکەن.

یەکێکی دیکە لە بەربەستەکان، کەمبوونی چالاکی حیزبە کوردستانییەکانە لەو ناوچانەدا و هەروەها سیاسەتەکانی بەڕێوەبەری ڕێژیمە لەو شارەدا کە بە ئەنقەست باریکەڕێیەکیان داناوە بۆ چالاکی ئەدەبی و لە هەوڵدایە کە چالاکانی مەدەنی کرماشان تەنیا لەو بازنەیەدا بمێننەوە و ڕوو لە شێوە خەباتەکانی دیکە بەتایبەت سیاسی و سازماندراو لە چوارچێوەی حیزبە کوردییەکان نەکەن.

لێرەدایە کە چالاکانی مەدەنی لە کرماشان هاوکات لەگەڵ پاراستنی زمان و کولتور و ئەدەبیاتی کوردی، دەبێ هەوڵ بدەن لە سیاسەت و خەباتی کوردستان ڕۆڵی باشتر بگێڕن و لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان بەرەو چالاکی سیاسی سازماندراو بڕۆن.

# دەسەڵاتی ئاخوندی و هەڵچۆڕاندنی گۆلی ورمێ



## سندووس

چەند مانگێک بەر لە ئێستا بەرپرسی شیرکەتی ئاوی پارێزگای ورمێ ڕایگەیاند کە ڕێژەی ئاوی گۆلی ورمێ بە دوو میلیارد و ٤٥٠ میلیۆن میتری سێجای ئاوەوە، بەنیسبەت پار نیوە لە کەمیداوە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە ستادی بووژانەوەی گۆلی ورمێ لە کۆتایی دەوڵەتی دوازدیەمدا بە بڕی ١٥ میلیارد تمەن بودجەی وەرگرتووە بەڵێنیشی دابوو تا ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی ئەم گۆلە بژیێنێتەوە.

بڕیار وابوو کە لە ڕێگەی:

١- گۆڕینی جۆری کشتوکاڵ

٢- باراندنی هەورەکان

٣- ڕاگواستنی ئاو بۆ گۆلی ورمێ لە ڕێگەی چۆمی ئەرەسەوە

٤- ڕاگواستنی پاشماوەی پاڵاوگەکان

٥- ئازادکردنی ئاوی بەنداوەکان

٦- کەمکردنەوە و پێخۆری ٤٠ لە سەدی بە مەسرەفی ئاوی کشتوکاڵ

٧- ڕاگواستنی ئاوی زێی گەورە (ئاوی ڕشتەکێوەکانی قەندیل کە لە بەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە دەڤەری پیرانشار هەڵکەوتووە)، بۆ نێو گۆلی ورمێ

٨- هەروەها بە کەمکردنەوەی ڕێژەی مەسرەفی ئاوی بەشی پیشەسازی و ئاوی خواردنەوە، کارێک بکەن کە گۆلی ورمێ بژیێننەوە.

دیارە هیچکام لەم خاڵانەی سەرەوە بە کردەیی نەکران، سمینار و دانیشتنەکانیان بێئاکام بوون و ١٥ میلیاردەکەیان خوارد و گۆلی ورمێش زیاتر ویشک هەڵات و هەڵچۆڕا. لەبیرمان بێت دۆخی ئێستای گۆلی ورمێ زۆر قەیراناوییە و هیچ هەنگاوێکی ئەرێنیش لە لایەن دامودەزگاکانی ڕێژیمەوە بەرەو ژیاندنەوەی هەڵنەگیراوە. تا ئێستا دەرگای هیچکام لە بەنداوەکان بەرووی گۆلی ورمێدا نەکراونەتەوە، گەر بڕیارێکی دڵسۆزانە و جیدی نەدرێت - کە بە هیچ شێوەیەک شیمانەی هەست پێناکرێ، چوونکە لە چییەتی ئەم سیستمە گەندەڵەدا نییە - تا کۆتایی پاییزی ئەمساڵ، زیاتر لە ٩٠ لەسەدی ئەم گۆلە ویشک دەبێ، تازە ئەگەری بووژانەوەی بە هیچ شێوەیەک بەدی ناکرێ و ئیتر ژیان بە گشت بوونەوەر و نیشانەکانییەوە لە دوو پارێزگای ورمێ و تەورێز هێدیهێدی بەرەو کووژانەوە دەچێت. هەر چەند ئاسەواری گەردەلوولی خوێ، زۆر شوێنیتریش دەگرێتەوە و دەرگای ژیانێکی ئاسوودە بەڕووی زۆر جێگادا دادەخات.

### ئێستا با بزانین هۆکارەکانی ویشکبوونی ئەم گۆلە چین؟

بەبەراورد لەگەڵ گۆلی «وان»، لە باکووری کوردستان کە تەنیا ٢٠٠ کیلۆمیتر مەودای لەگەڵ گۆلی ورمێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، بۆچی گۆلی ورمێ ویشکاوە و گۆلی وان هەر وا زیندوویە و پڕ لە جوانی دەدرەوشێتەوە؟ ئەگەر سووکەلەنگەرێک لە سەر شێوەی کاربەڕێوەبەریی کۆماری ئاخوندی لە ماوەی تەمەنی پڕ لە نەگبەتیدا بگرین و شڕۆڤەی ڕەفتارە بێبەندوبارەکانی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم سیستمە هەموو بەشەکانی سازێنەری کۆمەڵگای لە بەشی ئابوورییەوە بگرە تا دەگاتە پەروەردە، پیشەسازیی، شارسازیی، ڕێگەوبان، کلتوور و ژینگەی، بە بێ یاسایەکی بەرژەوەندیخوازانەی نەتەوەیی بەڕێوە دەبات و ئەوەی بەلایەوە گرینگە ئایدیۆلۆژییە پاشڤەخوازانەکانی خۆیەتی نەک بەڕێوەبردنێکی یاسامەندی پێشڤەخوازانەی نەتەوەیی.

ئەم بەرەڵڵاییە ئایدیۆلۆژیک و کاربەڕێوەبەرییەش لە گشت بەشەکاندا خۆی دەنوێنێ و تەنیا مۆدێلی کۆماری ئاخوندییە و زێدەبێژی نییە گەر بڵێین لە دونیادا تاقانەیە و لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا هاوتای ئەم سیستمە بوونی نییە!

هەبوونی کەسگەلی ناکارامە و ناپسپۆڕ لە بەشە جیاجیاکاندا و سپاردنی تەواوی کاروبارەکانی بەڕێوەبردنی وڵات بە تاقمێک مافیای سپای پاسداران، کە لە نەخوێندەواریی و بێدەسەڵاتی زانستیدا هاوتایان نییە؛ ئاکامەکەی هەر ئەوە دەبێ کە تا ئێستا خۆی نیشان داوە. گۆلی ورمێ پێش هەموو شتێک قوربانیی ناپسپۆڕی و گەندەڵی کۆماری ئاخوندییە کە دەتوانین کارە هەڵەشە و نابەرپرسیارییەکانی ئاوا پۆلێنبەندی بکەین:

### ١- درووستکردنی بەنداو، بەشێوەیەکی ناکارناسانە و نازانستی لە سەر ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە نێو گۆلی «ورمێ»وە؛

لە مەودای نێوان ئەو چۆم و ڕووبارانەی دەڕژێنە نێو گۆلی «ورمێ»وە، بەنداوێکی زۆر سازکراون کە هیچکامیان زانستی و کارناسانە نین، لە پارێزگای ورمێ نیزیکەی ٢٢ بەنداو درووست کراون کە ئێستا هێندێکیان پڕئاون و کەڵکیان لێوەردەگیرێ.

لە پارێزگای تەورێزیش ٣٦ بەنداو درووست کراوە کە ٢٢ دانەیان ئێستا پڕئاون و کەڵکیان لێوەردەگیرێ.

ئەم بەنداوانە گەر پێشیان بە ئاوی چۆم و ڕووبارەکان نەگرتبا و لە پشت دیوارە بێتۆنییەکاندا نەیانخەساندبان، بێشک دەڕژانە نێو گۆلی ورمێ و ڕۆحی تازەیان بەبەردا دەکردەوە.

### ٢- لێدان و هەڵکەندنی چاڵاوێکی زۆر بە شێوەی ڕەمەکی، بە مەبەستی کاری کشتوکاڵی؛

لە دەورووبەری گۆلی ورمێ و لەو شوێنانەی پێوەندی بە ئاوی ژێرزەوی گۆلەکەوە هەیە، تا ئەم ساڵانە نیزیکەی ٤٨ هەزار چاڵاوی ئیزن پێنەدراو - هەرچەند لە ژێرەوە بە بەرتیل ئیزنپێدراون -، ئەم بابەتە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوەکانی ژێر زەوی. لە دەڤەری گۆلی ورمێ نیزیکەی ٦٨٠ هەزار دۆنم (هێکتار) واتە ٦ میلیارد و ٨٠٠ میلیۆن میتری چوارگۆشە، زەوی لە ژێر کشتوکاڵدایە. بەراوردێک لە نێوان ساڵانی ڕابردوو ڕەنگە زۆر ڕاستیمان بۆدەرخات، لە نێوان ساڵانی ١٣٥١ بۆ ١٣٥٢ ڕادەی زەوی کشتوکاڵی نیزیکەی ٦٩٧ میلیۆن میتری چوارگۆشە بووە، لە کاتێکدا لە نێوان ساڵەکانی ١٣٩٢ بۆ ١٣٩٣ گەیشتووەتە ٢٤٠١ میلیۆن و ٦٠٠ هەزار میتری چوارگوشە، کە بە ئەژمارێکی سەرەپێی دەبینین بە چەندین بەرابەر زیادی کردووە.

### ٣- کێشانی ڕێگەی قیرەتاو بە نێو گۆلی ورمێدا؛

کێشانی ڕێگەیەکی ناستاندارد کە بە شێوەی فەرمی ئەم گۆلەی بە دوو بەشی باکوور و باشوور دابەش کردووە، لێدانی ئەم ڕێگایە ئەوەندە ناکارناسانەیە کە لە دواکەوتووترین وڵاتانی دونیاشدا وەها ڕێگایەک، بە شوێنێکی ئاوا هەستیاردا لێنادرێ.

خیزەڵان و گڵ و خۆڵی پێویست بۆ پڕکردنەوی گۆلەکە لە کێوەکانی دەوروبەرڕا هاوردە کراوە و لە بەشی ناوەڕاستی گۆلەکە نەبێ هیچ دالانێکیان بۆ پێوەندی دوو بەشی گۆلەکە نەهێشتووەتەوە. بەباوەڕی نووسەری ئەم دێڕانە سەرەکیترین هۆکار هەر ئەم ڕێگە ناکارناسانەیەیە و خاڵەکانیتر پلەیەک لەخوارترەوە دێنەئەژمار.

### ٤- ڕاکێشانی ئاوەکانی تەتەهوو و جەغەتوو بۆ تەورێز؛

هەڵبەستنی بەنداوی «نەورۆزیان» یان(نوروزلو)، لە سەر چۆمەکانی تەتەهوو و جەغەتوو هەروەها ڕاگواستنی ئاوی ئەم بەنداوە بۆ تەورێز، یەکێکیتر لە هۆکارکانی ویشکبوونی گۆلی ورمێیە.

هەر ئێستا لە یەک چرکەدا ١٠ میتری سێجا ئاو ڕادەگوازرێ بۆ تەورێز، کە کۆی ئاوی ڕاگوازراو لەم دوو چۆمە لە ساڵدا ٣١٥ میلیۆن لیتری سێجایە.

پێویستە بزانین ئارتیمیای نێو گۆلی ورمێ، کە جۆرێک ئاوژییە کە تەنیا لە نێو ئاوی سوێردا دەتوانێ بژی و دەیتوانی لە ساڵدا زیاتر لە سێ بۆ چوار میلیۆن دۆلار بۆ پارێزگای ورمێ کە لە گشت بوارێکەوە لاواز ڕاگیراوە، داهاتی هەبێ، ئێستا ئیتر قڕبوونە.

ئاوژی ئارتیمیا جۆرێکە کە بەزۆری لە نێو ئاوێکی سوێردا دەژی کە خەستییەکەی ٢٤٠ لە لیتردا بێت، کە هۆی کزی گۆلەکە بۆ ٣٠٠ هەڵکشاوە و ئەم خەستییە بە شێوەی ستاندارد نەماوە و چەندین ساڵە بۆ ژیانی ئارتیمیا لەبار نییە. کۆماری ئاخوندی تەنانەت ئارتیمیاشیان قڕ کرد و ئەو ئاوژییە پڕخێر و بەرەکەتە، ئیتر ناتوانێ لە گۆلی ورمێدا بژی.

تەمەنی پڕ لە شوورەیی کۆماری ئاخوندی سەلماندوویەتی کە دژی گشت بەهاکانی مرۆڤی و فەزیلەتگەلێکە کە لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە، بیرمەندان باوەڕیان وایە کە ژینگەپارێزی و ژینگەخۆشەویستی خۆی فەزیلەتێکی گەورەیە. وەک چۆن کۆماری ئاخوندی دژایەتی نیشتمانپەروەران دەکات، هەر بەم پێیەش دژایەتی ژینگە و ژینگەپارێزان دەکات، ئەوەی ئێمە باسی دەکەین زۆر بە ڕوونی لە کوردستان دەبیندرێ و هەست پێدەکرێ.

کۆماری ئاخوندی دژی هەموو جوانییەکی ئەم وڵاتەیە، لە مرۆڤەکانیڕا بگرە تا دەگاتە، بوونەوەرە گیاندار و بێگیانەکان، ئاو، دار، بەرد، لێڕەوار، تالاو، گوڵ، جوانی و هەرچی ڕەنگی ژیان ببەخشێ و ژیان بڕازێنێتەوە دژایەتی دەکات و هەوڵی لەنێوبردنی دەدات، ئەوەیە چییەتی پڕ لە شوورەیی سیستمێک کە هاتبوو هەم دونیامان ئاوەدان بکاتەوە هەم ئاخیرەتمان!!

# تاران تا سەر حوکمی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بۆ ناکرێت

محەممەد سلێمانی




ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو هێز و توانا و ئیمکانی سیاسی و ئابووری و نیزامییەک کە لە بەردەستیدایە، لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی ستەمکارانەیدا، بۆ بنەبڕکردنی بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەی جۆربەجۆر دژی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد پیلانگێڕی کردووە و لە هیچ کردەوەیەك بە دژی نەتەوەی کورد دەستی نەپاراستووە و ڕێبەرانی گەورە و ناوداری کوردی لەو بەشەی کوردستان بە ئامانجی تیرۆری سیاسی گرتووە و بەداخەوە شەهیدی کردوون.

سەرباری گوشاری لەڕادەبەدەری هێزە ئەمنییەکانی دەسەڵاتی تاران بۆ سەر خەڵکی خۆڕاگر و چاونەترسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانیان، بەهۆی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی و بەهێزتربوونی هەستی ڕزگاریخوازی و خەونی گۆڕکردنی حکوومەتی ئاخوندی ئێران، بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان لە کوردستان، تادێ زیاتر بوونی خۆیان بەسەر پانتایی وڵاتدا دەچەسپێنن و خەڵکی زیاتر شوێن ئەو کرادە شۆڕشگێڕییانە لە خەباتی مەدەنی دەکەون کە تێیدا دەسەڵاتی ئاخوندی پێ لاواز و داماوتر بکرێت.

بێگومان جووڵانەوەی سیاسی لەژێر دروشمی ڕاساندا، گرۆتینێکی نوێی بە بەر ڕۆحی بەرخۆدانی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتدا کردەوە و لە سایەی شکۆ و خۆڕاگری خەباتی نەپساوەی شار و شاخدا، بزووتنەوەی کورد بەهێزتر و پەرەگرتووتر بووە بە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی و جگە لە بەرچاوتربوونی شۆڕشی سەرانسەری لەسەر ئاستی نێوخۆی ئێراندا، ناڕەزایەتییەکان بەدژی دەسەڵاتی ناوەندی ڕادیکاڵتر و شوێندانەرتر بوونە و دەسەڵات و گەلانی وڵات بەتەواوی لێك دوور کەوتوونەتەوە و ڕێژیمی ئێران بەتەواوی بێمتمانە بووە لە نێو خەڵکدا.

هەرچەندە ڕێژیم هەوڵی زۆر دەدات دەنگی ڕزگاریخوازی سیاسی و نەتەوەیی، بە ڕێگای گرتن و لەسێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد لەو بەشەی نیشتماندا بێڕەنگ و لاواز و کپ بکات، بەڵام هەستی بەرگری و تێکۆشانی سەربەرزانەی خەڵك و، یەکگرتوویی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، سیاسەتی سەرکوت و کۆنەپەرستانەی ڕێژیمی ئاخوندی لە ئاست ئیرادەی ڕزگاریخوازیدا بەتەواوی بەچۆکدا هێناوە و بۆیان دەرکەوتووە کە چیتر دەرەقەتی شەپۆلی بەرگری و مافویستی خەڵکی کوردستان نایەن و داهاتووی ڕێژیمی ئاخوندی لە ساڵانی پێشوو لێڵ و تەماویتر بووە و تاران ناتوانێ تاسەر خۆی لەبەرامبەر گوشارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە نێوخۆی و نێودەوڵەتییەکاندا بۆ بگیرێ و کوردستان بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات و هێز و نفووزی خۆی بسەپێنێت.

سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمی تاران بەدژی گەلی کورد، لە ئێستادا ئاسەواری شکستەکانی بەتەواوی دەرکەوتووە و هێزەکانی سەر بە دەسەڵاتی ئاخوندی بە هیچ جۆرێك ناتوانن شوێن لەسەر ئیرادە و خۆڕاگری و هاوخەباتی ڕۆڵەکانی کورد لە نێوخۆی وڵات دابنێن و بیانکات بە پاشکۆی داماوی سیاسی و ڕیسوایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە بەرخۆدانی ڕزگاری سیاسی ساردیان بکاتەوە. ئەو بەشەش لە خۆفرۆشانی کورد کە بەتەواوی بە سیاسەتی تاران بەستراونەتەوە، زوو یان درەنگ بە سزای تاوانەکانیان دەگەن و پێشمەرگە تێکۆشەر و گیان لەسەر دەستەکانی نێوخۆ دەرفەتی تەراتێنیان بەتەواوی لێدەگرن و بەشێك لە مۆرە بەرچاوەکانی کورد کە دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان سوور بووە، شەووڕۆژ بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و ترس دەبەنە سەر و زۆریشیان بە شێوەی نادیار دەژین.

حکوومەتی ئاخوندی لەگەڵ قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی فراوان دەژیت و بەشێك لە دەرگا سیاسی و دیپلۆماسییەکانی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بەهۆی سیاسەتی فراوانخوازی بەسەردا داخراون و لە هەر کوێیەك ئاڵۆزی و بشێوێ لە سەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێتە ئاراوە، هەبوونی دەستی ڕێژیمی ئێران ناشاردرێتەوە کە ئەمە بێگومان نیشانەی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی تارانە کە بەردەوام هەڕەشە بووە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی گێتی و وڵاتانی ناوچەییدا بە دیاریکراوی.

ڕێژیمی ئێران لە سەر ئاستی جیهاندا سیاسەتێك بەڕێوە ئەبات کە جگە لە زیان گەیاندن بە ئاشتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە، بەردەوام دژایەتی سەقامگیری سیاسی و ئاشتی سیاسی بووە لە نێوان گەلاندا و ئەگەر حکوومەتی ئێران لێگەڕابا، دەمێک بوو کێشە سیاسی و نەتەوەییەکان لە سەر ئاستی ناوچەییدا چارەسەر کرابوون و شتێك بە ناوی ناکۆکی و پێکهەڵپڕژانی سەربازی نەدەما. تاران لەگەڵ هەموو دونیا لەشەڕدایە و تەنانەت تاسەر دۆستایەتی دۆستەکانیشیان ناکەن و ئەگەر دەرفەتیان هەبێت، خۆیان بەسەردا فەرز دەکەن و دەیانکەن بە پاشکۆی خۆیان، کە ئەوە جەوهەری ستراتیژی سیاسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و لەسەر ئەو بنەمایە پایەکانی حوکمڕانی خۆی دەپارێزن.

هەر بەو هۆیەشەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا تووشی کێشە و ململانێی گەورە بوونە و پاش سەپاندنی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، کەرتی ئابووری و وەبەرهێنان و گەشەپێدانی بازرگانی و کۆمەڵایەتی بەتەواوی پەکی کەوتووە و جگە لە بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك لە بازاڕدا، بێکاری و بێنرخبوونی ڕیاڵی ئێران، زیانێکی زۆری بە ژیان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی گەلانی ئێران گەیاندووە و دەسەڵاتیش بەهۆی قەیرانە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی کە لەگەڵی بەرەوڕوویە، ئاسۆیەك بۆ چارەسەرکردنی کۆی قەیرانەکان بەدی ناکات.

ڕێژیمی ئێران بە هێرش کردنە سەر بەرژەوەندی ئامریکا و هاوبەشەکانی لە سەر ئاستی ناوچەیدا، جگە لە زیانگەیاندن بە خۆی، بێگومان سوودێك بە تاران ناگات و ئەو سیاسەتەی بۆتە بەڵا و مەینەت بەسەر خۆیاندا و ڕێژیمی ئاخوندی بە سانایی ناتوانێ پشتی لەژێر کۆی گوشارە نێودەوڵەتییەکان و یەك لەوان گەمارۆ ئابوورییەکاندا بۆ ڕاست ناکرێتەوە و لە داهاتووشدا زیاتر لەگەڵ بارگرژی و شڵەژان بەرەوڕوو دەبێتەوە.

ئێران وەك وڵاتێك کە بەکردەوە پشتیوانی تیرۆریزمی سیاسی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و نێوخۆییدا دەکات، زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو بۆتە سەرێشە و کەم نین ئەو وڵاتانەی کە ئێرانێکی بەهێز و خاوەن چەکی ناوکیان ناوێت و بەتەواوی دژایەتی لەگەڵ دەکرێ و وەك ساڵانی پێشوو پێناچێت ئیمتیازی ئەوتۆی پێ بدرێت کە بتوانێ خۆی ڕێک بخاتەوە.

ڕێژیمی ئاخوندی جگە لە دەست هەبوونی لە بارگرژی و ئاڵۆزییەکاندا، هەر بەو ڕادەیەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا متمانەی سیاسی لەدەست داوە و وڵاتە زلهێزە جیهانییەکان باوەڕیان بەقسە و کرداری تاران نەماوە، لەبەر ئەوەی بەردەوام سیاسەتێکی نادیار و شلوێ و ناجێگیر لەهەمبەر قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا پەیڕەو کردووە و لەکوێ هەست بە خاڵی لاوازی دژبەرەکانیان بکەن، ڕاست لەوێوە خۆیان دەرئەخەنەوە و بەپێچەوانەی ڕێککەوتن و سازانە ناوچەییەکان هەڵدەسووڕێن و هێرش دەکەنە سەر ئامانجی دژبەرەکانیان.

دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێران هەرگیز بە ڕادەی ئەمڕۆ لیپاولیپ لە قەیران و تەنگەژەی گەورە نەبووە و جگە لە پەرەگرتنی خەباتی دژایەتی تاران لە کوردستان، بەگشتی بەشەکانی تری ئێرانیش بە دژایەتی و ڕوخاندنی حکوومەتی ناوەندی بە باشی خۆیان ڕێکخستووە و شەقامی وڵات وەك چوار دەیە لەمەوبەر پشتیوانی سیاسەتی سەرکوتی ئاخوندەکان ناکات و دەمێکە دروشمی دارمان و ڕوخاندنی ئەو ڕێژیمەیان بەرز کردۆتەوە و ئەو ڕاپەڕینە سیاسی و جەماوەرییەی کە نێوەبەنێوە لە شارەکانی ئێران و بەشە جیاجیاکانی وڵاتدا سەرهەڵدەدات، بەتەواوی ناوەندی بڕیاری سیاسی ئێرانی بێزار و بێئۆقرە و نیگەران کردووە.

کاتێك تاران لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دەکەوێتە ژێر گوشار و گەمارۆ سیاسی و دیپلۆماسییەکانەوە، وەك مانۆڕدان و خۆنیشاندان گوشارەکانی بۆ سەر دژبەرەکانی زیاد دەکا و هەر لەو پەیوەندییەشدا هێرش دەکاتە سەر دراوسێکانی و بەدیاریکراویش هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندییەکانی واشنگتۆن لە کوردستان بە ئامانج دەگرێ و بەداخەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش سیاسەتێکی ڕوون و دیاریکراویان نەبووە و بەردەوام ئارامی خۆیان پاراستووە و بە جۆرێك دژکردەوەیان نەبووە کە سنوورێك بۆ سەربزێوی و سەرەڕۆییەکانی تاران دابنێن.

بێگومان کاتێك جووڵانەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئامانجە سیاسییەکانی دەگات کە یەکگرتوویی سیاسی و نەتەوەیی لەبەرچاو بگیرێ و پەرە بە هەستی ڕزگاریخوازی و هاوپشتی و کۆدەنگی بەرخۆدانی سیاسی بدرێت و هەنگاوە دیپلۆماسییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕێك بخرێن و هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی گەورەتر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ مەسەلەی کورد بدرێت.

ستراتیژی سیاسی ئەو بەشەی کوردستان بە دیاریکراوی دەبێت لە سەر بنەمای بەرژەوەندی سیاسی و نەتەوەیی بێت و هێزەکانی ئەو بەشەی کوردستان، پێویستە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕزگاری سیاسی، لەسەر کۆمەڵێك خاڵ وەك کرۆك و جەوهەری شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێك بکەون و خاك و نیشتمان بە هێندێك تەلیسە دۆلار هەرزان و هەڕاج نەکرێ و سنوور و سەراوردە سیاسی جوگرافییەکان شتێك نین فیدای کێشە و ناکۆکییە نێوخۆییەکان بکرێن لە داهاتووی سیاسی وڵاتدا.

دەرفەت هەر جارێك بەباشی دێتە بەرەوە و ئەگەر بێت و هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەباشی خۆیانی بۆ ئامادە نەکەن و هەرکەس لەفیکری پێوانی بەشەکەی خۆیدا بێت، پرسی سیاسی و نەتەوەیی ناتوانرێ بە باشی و بە دڵی گەلەکەمان بە ئامانجەکانی بگات کە قوربانی زۆر و زۆر گەورە و بەنرخی لە پێناودا داوە.

## وێستگە

### کێ دوژمنی ژنانە ؟



نووسین: هێمۆ

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا سەبارەت بە دۆخی ژنانی سەرپەرستی خێزان قسەی کرد و وتی: «پرسی ژن و خێزان یەکێک لەو پرسە گرینگانەیە کە دوژمن هێرشی کردووەتە سەری و بۆ پێشگرتن لە زیانەکانی ئەم هێرشە دەبێ پارێزگاری لە پێگەی خێزان بکەین»!

ڕەئیسی لە حاڵێکدا باس لەم بابەتە دەکات کە لەڕاستیدا یەکەمین و سەرەکیترین دوژمنی ژنان و خێزان هەر خودی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین و ئەوە ئەوانن کە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر پێگەی ژن و خێزان بە ئەژمار دێن.

لە کاتی هاتنەسەرکاری ئەم دەسەڵاتەوە تاکوو ئێستا هەوڵ دراوە کە خێزان وەکوو چوارچێوەیەکی پیرۆز بەتایبەت بۆ ژنان چاوی لێ بکرێت، هەر بۆیە لە ڕێگەگەلی جیاوازەوە و بە پلان و بەرنامەی تایبەت ئەو شتەیان خزاندووەتە نێو مێشکی تاکەکانی کۆمەڵگاوە کە ژن تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی خێزاندایە کە مانا و پێناسەی خۆی تەواو دەکات.

هەر ئەم چەشنە پێناسەیەش وای کردووە کە ژن ببەسترێتەوە بە چوارچێوەی خێزانەوە بەشێوەیەک کە زۆرجار لادان لەو نۆرمانەی کە لە خێزاندا پێناسەی بۆ کراوە لە ژناندا هەستی ئالوودەبوون بە گوناح درووست دەکات.

پێناسەیەک کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمەوە بۆ ژن بە گشتی کراوە ئەمەیە: ژنێکی بەحیجابی ئیسلامی کە خوێندەواربوونی هیچ گرینگییەکی نییە و تا کاتی هاوسەرگیری دەبێ گوێڕایەڵی باوک و براکانی بێت و دواتر بە بڕیاری ئەوان ژیانی هاوبەش پێک بێنێت، لە چوارچێوەی ماڵەوەدا گوێڕایەڵی بڕیاراتی هاوسەرەکەی بێت و هەرکات ئەو پێی خۆش بێ، ببێتە دایک و ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکان لە ئەستۆ بگرێت و دواتریش هەتا کاتی مردن خزمەتکارێکی تەواووەختی هاوسەرەکەی و منداڵەکانی بێت!

لە ڕاستیدا ئەمە ئەو چوارچێوە دیاریکراوەیە کە ڕەئیسی دەڵێ دوژمنان هێرشی دەکەنە سەر و دەبێ پێش بە زیانەکانی بگیردرێت!

ئەگەر چاوێک لە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمی دژەژنی کۆماری ئیسلامی بکەین، بابەتەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، چونکە ژنێک کە بەپێچەوانەی ئەم پێناسەیە بێت، خودی خۆی گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی ئاخوندییە!

ژنێکی تێگەیشتووی خوێندەوار، بە پێچەوانەی ئەو پێناسەیە، هاوسەرگیری بە ئامانجی ژیان نابینێت بەڵکوو تەنیا وەکوو بژاردەیەک چاوی لێ دەکات، زۆرجار هەوڵ دەدات پلەکانی خوێندن تێپەڕێنێت و خۆی لە کۆمەڵدا کەسایەتی بە خۆی ببەخشێت هەر بۆیە لە بنەڕەتدا دژ بەو پێناسە باوەیە کە کۆمەڵگا و دەسەڵات بۆیان کردووە.

ژن لە ئەم کۆمەڵگایەدا تەنیا وەکوو پاشکۆی پیاو دەبینرێت و هەموو شتێکی لەگەڵ پیاو پێناسەی بۆ دەکرێت، دەوترێت فلان ژن، ژنی فلانە پیاوە، دایکی فلانە کوڕە، کچی فلانە پیاوە، وەک بڵێی ژنیش وەکوو باقی کەرەستەکانی ژیان تەنیا کەرەستەیەکی ژیانی پیاوانە و ئەوە ئەوانن کە خاوەنی سەرەکیی ئەم کەرەستەیەن!

هەر ئەمە کە لە کۆماری ئیسلامیدا ڕێگە بۆ هەموو چەشنە هەڵاواردن و نایەکسانی و توندوتیژییەک بەرانبەر بە ژنان هەموار کراوە، ژن دەکوژرێت چونکە پیاو پێی خۆشە، ژن تەڵاق دەدرێت چونکە یاسا پیاوانەیە، ژن منداڵی لێ وەردەگیردرێت چونکە منداڵ هی باوکە، ژن میراتێکی نیوەی براکەی وەردەگرێت، دیەی ژن نیوەی پیاوە و ئەگەر هاوسەرەکەی بە هەر هۆکارێک لە ژیانیدا نەمێنێت لە جیاتی سەرپەرستی بنەماڵە، پێی دەوترێت ژنی بێ سەرپەرست، وەک بڵێی ژن هیچ توانایی و لێهاتوویەکی نییە بۆ ئەوەی کە بتوانێ بە بێ بوونی پیاو بژیت و درێژە بە ژیانی خۆی بدات هەموویان هەوڵە سیستماتیکەکانی کۆماری ئیسلامین بۆ بەستراوەهێشتنەوەی ژنان بەو چوارچێوەیە کە بە پیرۆزیان وەسف کردووە و هەمیشە ترسیان هەبووە کە لەو پیرۆزییە بدرێت! چونکە لێدان لەو پیرۆزییە، بە مانای ئازادبوونی ژنان لە بەندی داماوی و کۆیلەبوونە!

ئەوەی کە ڕەئیسی باسی لێوە دەکات و دەڵێ دوژمن هێرشی کردووەتە سەری، ئەمەیە و لە بەرامبەریشدا ئەو هەڵاواردنەی کە چالاکانی مافی مرۆڤ و بەتایبەتیش چالاکانی بواری ژنان هەوڵ بۆ سڕینەوەی دەدەن، ئەوەیە کە وڵاتانی دیکە بە ئاشکرا دەیبینن و پێی دەڵێن ڕاوەستە لە تاوان.

لە ڕاستیدا هەموو ئەم ساڵانەی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی وا تێپەڕیون کە ژن هەمیشە وەکوو ڕەگەزی لاواز سەیر بکرێت و ئەوەندەی کە بۆیان دەلوێ لە چەوساندنەوەی بەردەوام بن، چونکە هێزی ژنان ئەگەر کۆ ببێتەوە دەتوانێ پێگەی دەسەڵاتەکەیان لەرزۆک بکات.

لێدوانی لەم چەشنە و ئەویش لە زاری سەرکۆماری ڕێژیمەوە ڕێک بە مانای ترسە، ترس لە بوونی هێزێک کە زیاتر لە ٤ دەیەیە هاواری پەنگی خواردووەتەوە و چاوەڕوانی بچووکترین دەرفەت بۆ تەقینەوە و ڕاماڵینی بیرۆکەی ویلایەتی فەقیە بەرانبەر بە ژنانە.

## خوێنەرانی هێژای «کوردستان»، بەپێی نەریتی ساڵانەی ڕۆژنامەکەمان، «کوردستان»، پانۆڕامای گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی پێشوو لە ڕاپۆرتەهەواڵێکی تایبەتدا دەخاتە بەرچاوی ئێوەی ئازیز؛ ئەوەی بەردەستان پانۆڕامای سێ مانگی سێهەمی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی واتە ٢٧٢١ی کوردییە.

٣ی ڕەزبەر: لە دوای بانگەوازی سەرتاسەری بۆ د نارەزایەتیی گشتگیر لە ئێران، مامۆستایانی شارەکانی ئیلام، کرماشان، مەریوان، سنە و سەقز لە بەرامبەر نوێنەرایەتییەکانی وەزارەتی پەروەردە لەو شارانە کۆبوونەوە.

٣ی ڕەزبەر: میدیاکانی سوئید ڕایانگەیاند کە کەسێکی ئێرانی بە ناوی «پەیمان کیا» کە پێشتر لە پۆلیسی ئەمنییەتی وڵاتی سوئید بووە بە تاوانی سیخوڕی بۆ ڕێژیم دەسبەسەر کراوە.

٣ی ڕەزبەر: دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی «ئینتێل لەب» بە بڵاوکردنەوەی چەندین وێنەی ماهوارەیی ئاشکرای کردووە کە چالاکییە مووشەکییەکانی ڕێژیم لە دامەزراوەی مووشەکییە ژێرزەوینییەکانی کرماشان چڕتر بووەتەوە.

٤ی ڕەزبەر: ماڵپەڕی «ئینتێلیجێنس ئانلاین» کە ماڵپەڕێکی بواری ئەمنییەتییە لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کردووە کە ئیتلاعات و پاسدارانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەترسییەکی گەورە دەزانن بۆ سەر خۆیان و ئەم حیزبە لە نزیکەوە لەلایەن دەزگای هەواڵگریی پاسدارانەوە کە «حوسێن تائێب» بەرپرسیەتی، چاودێری دەکرێت.

٥ی ڕەزبەر: پرۆفیسۆر «غازی زێباری» لە ویلایەتی «لۆیزیانا»ی ئامریکا لەلایەن گۆڤاری لۆیزیانا لایف مەگەزینەوە بۆ ساڵی ٢٠٢١ وەک باشترین پزیشکی ئەو ویلایەتە هەڵبژێردرا.

٧ی ڕەزبەر: چەندین جار بە کاتیوشا و درۆن هێرش کرایە سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر و لەحاڵێکدا ڕێژیمی ئێران بەردەوام ڕایدەگەیاند کە ئەوان دەستیان لەو هێرشانەدا نییە، بەڵام کاناڵێکی تێلێگرامیی سەر بە سپای پاسداران بڵاوی کردەوە کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ئەو ڕێکخراوەیە هێرشی کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر.

٧ی ڕەزبەر: پاسداری تێرۆریست «محەممەد پاکپوور» فەرماندەی هێزی زەوینیی سپای پاسداران لە کۆبوونەوە لەگەڵ جاش و بەکرێگیراوەکان هەڕەشەی لە هەرێمی کوردستان کرد و هەڕەشەی لەنێوبردنی بنکە و بارگای حیزبە کوردستانییەکانی کرد.

٩ی ڕەزبەر: «سەعید خەتیب زادە» وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێران لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە فەرانسە، لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا لە ئەگەری گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ناوکی، ئیسرائیل لە هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران پاشگەز دەبێتەوە، وتی: ‹‹ئیسرائیل زیانی جیددیی بە ژێرخانە زانستییەکانی ئێمە گەیاندووە، ئەوان سەدان بۆمبی ناوکییان هەیە و ڕێککەوتنی پێشگرتن لە پەرەپێدانی چەکی ناوکیشیان واژۆ نەکردووە».

٩ی ڕەزبەر: کاک «ئاکام دەریایی» پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەهۆی ڕووداوێکی دڵتەزێنەوە گیانی لەدەست دا و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو. شەهید «ئاکام دەریایی» لەداکبووی ساڵی ١٣٧٤ لە ساری شنۆ بوو. ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی بە فەرمی پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوو و چەکی بەرگری لە نیشتمانی کردە شان. شەهید ئاکام ڕۆڵەیەکی ئازا و بە جەرگ بوو و لە سەخترین ساتەکان سامناکیی دوژمنی دەشکاند و هیوا و وورەی بە لاوان دەبەخشی. دوانیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، تەرمی شەهید «ئاکام دەریایی» بە بەشداریی بنەماڵەی شەهید «ئاکام»، بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، فەرماندە نیزامییەکان، کادر، پێشمەرگە و میوانان لە گۆڕستانی شەهیدان لە «جێژنیکان» بە خاک ئەسپێردرا و لەگەڵ ڕێباز و ئامانجی شەهید «ئاکام» و سەرجەم شەهیدانی کوردستان پەیمان نوێ کرایەوە.

٩ی ڕەزبەر: کۆمیتەی نێودەوڵەتی بۆ «عیداڵەت» پشتیوانیی خۆی لە کۆبوونەوە نارەزایەتییە بەربڵاوەکانی «مامۆستایان و خانەنشینکراوان»ی ئێران ڕاگەیاند. ٤ هەزار پارلمانتار لە «ئورووپا و ئامریکا» پشتیوانی لەو کۆمیتەیە دەکەن. ئەو کۆمیتەیە داوای لە هەموو یەکیەتییەکان، سەندیکایەکانی مامۆستایان و خوێندکاران لە وڵاتانی جیهان کردووە بۆ ئازادیی مامۆستایانی بەندکراو هەوڵ بدەن و بە پشتیوانیی خۆیان ئیزن نەدەن دیکتاتۆرییەتی دینی دەنگی مافخوازی ئەو مامۆستا و خانەنشینکراوانە بنبڕ بکات.

١٥ی ڕەزبەر: خەڵکی لوبنان بە هەڵگرتنی پلاکارت و وتنەوەی دروشم بەنیسبەت سەفەری وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی ئێران بۆ ئەو وڵاتە نارەزایەتییان دەربڕی. خەڵکی لوبنان و حیزبە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە، ڕێژیمی ئێران بە هۆکاریی سەرەکیی کێشە ئابووری و سیاسییەکانی لوبنان دەزانن و دژی دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمەن لە کاروباری وڵاتەکەیان.

دوابەدوای ئەوەی کە کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵ خەڵکی سنە بە ناوی «فایزە مەلەکی‌نیا» لەلایەن باوکی سووتێنراوە و گیانی لەدەست دا ڕۆژی پێنجشەممە ١٥ی ڕەزبەر بەشێک لە ژنانی دانیشتووی «مەریوان لەهەرمبەر توندوتیژی دژی ژنان کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوە برد.

١٧ی ڕەزبەر: ڕۆژنامەی «تایمز» بڵاوی کردووەتەوە، چالاکانی مەدەنیی سکاتلەند داوایان لە پۆلیسی ئەو وڵاتە کردووە کە لە کاتی چوونی «ئیبراهیم ڕەئیسی» سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران بۆ «گلاسکۆ»، دەسبەسەری بکەن.

١٧ی ڕەزبەر: «ئەبوولحەسەن بەنی سەدر» دوای ماوەیەک بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی لە نەخۆشخانەی «سالپێرتیە»ی پاریسی پێتەختی فەرانسە کۆچی دوایی کرد. «بەنی سەدر» وەکوو سەرکۆماری پێشووی ئێران لە پەروەندەی «میکۆنووس»دا ڕۆڵێکی کاریگەر و ئەرێنیی هەبوو و بە دژی ڕێژیمی ئێران شایەتیی دا و شایەتی دیکەی بە دادگاکە ناساند و لەو دادگایەدا ڕۆڵێکی دیاری لە مەحکوومکردنی تەواوییەتی ڕێژیمی ئێراندا گێڕا.

١٨ی ڕەزبەر: بەپێی ڕاپۆرتێکی نوێی بانکی ناوەندی، ڕێژەی قەرزەکانی ڕێژیمی ئێران گەیشتە ٨ میلیارد و ٨٤٠ ملیۆن دۆلار کە ئەو بابەتە بۆ وڵاتێکی وەک ئێران کە پێوەندیی ئابووریی لەگەڵ دنیای دەرەوە پچڕاوە، ئەرێنی نییە.

١٨ی ڕەزبەر: هەواڵدەریی «فارس» سەر بە ڕێژیمی ئێران دیسانەوە هێرشی کردە سەر ڕێبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە هەواڵێکدا بڵاوی کردەوە: «ڕێبەرانی کوردستانی باشوور بەرپرسی نائەمنییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتن و ڕێگاخۆشکەری وڵاتانی بیانی لە ناوچەدا بەتایبەتی نێوخۆی ئێرانن».

٢١ی ڕەزبەر: «هادی عامری» ڕێبەری هاوپەیمانیەتیی «فەتح» کە گرووپێکی گرێدراو بە ڕێژیمی ئێرانە، لە ئاکامی بەدەست نەهێنانی کورسییەکی زۆر لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق، وتوویەتی: «ئاکامی هەڵبژاردنە فەرمییەکان بە هیچ شێوەیەک قەبووڵ ناکەم چونکە لە هەڵبژاردنەکاندا ساختەکاری کراوە.

٢١ی ڕەزبەر: لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن کەسانێکی هەلپەرەستەوە بە هاندانی سپای تێرۆریستی پاسداران دەست کرابوو بە زیندووکردنەوەی عەشیرەگەرایی لەژێر ناوی ڕەچەڵەکناسی و هەوڵ دەدرا خەڵک لەم پیلانەوە بگلێنن. ئامانجی ڕێژیم شەقکردن و لەتلەتکردن و پەراوێزخستنی خەڵکی کوردستان و نەزۆککردنی بیری نەتەوایەتی خەڵکی کورد بوو. سپا بۆ ڕازیکردنی خەڵک و تێوەگلاندنیان بەدانی پارە و پۆستی ئیداری و چەک ئەوانی وەبەر تەماح نابوو.

٢٢ی ڕەزبەر: ڕێژەیەکی زۆر لە مامۆستایان لە شارەکانی کوردستان و ئێران لە نارەزایەتی بەنیسبەت پەسەندنەکردنی گەڵاڵەی پلەبەندی و ئازادنەکردنی مامۆستایانی زیندانی خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد.

٢٦ی ڕەزبەر: لەلایەن ڕێکخراوی کولتووری و هونەریی مامۆستا «زیرەک»ەوە، ٥٠٠ دانە کتێبی فێربوونی نووسینی کوردی لە نووسین و ئامادەکردنی مامۆستا «سوێسنە حەسەن زادە» لە شاری بۆکان لەسەر پردی «کۆسە، سەیرانگای کێوەڕەش و جادەی کۆسە» بەخۆڕایی و بە شێوەی خۆبەخشانە لەلایەن پارێزەرانی زمانی کوردی لەنێو خەڵکدا بڵاو کرایەوە.

٢٦ و ٢٧ ڕەزبەر: ڕێژیمی ئێران کۆبوونەوەیەکی لەژێر ناوی «سوڵح «و لەسەر پرسی «سوڵح و چارەسەرکردنی کێشەکان «لە زانکۆی تاران بۆ بانگەشەی هەوڵە ئیدئۆلۆژییەکانی بەڕێوە برد. خوێندکاران ڕوو بەو کۆبوونەوەیە وتوویانە: ‹‹ئەگەر لە سوڵح دەگەڕێن بۆچی لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ٩٨ هەزاران کەستان تەنیا بە تاوانی هاتنە سەرشەقام گوللەباران کرد و بۆچی مافخوازیی بزووتنەوەی گەلی کورد بە تۆپباران و مووشەکباران وەڵام دەدەنەوە.››

٣٠ی ڕەزبەر: لە شارە تورک‌نشینەکانی وەک: «مەراغە، تەورێز، ئەردەبێڵ» و شارەکانی دیکەوە تورکەکان بۆ کاری کشتوکاڵی ڕوویان لە پیرانشار و شارەکانی دیکەی کوردستان کردووە و بە پارەی سەرسووڕهێنەر زەوی بۆ کشتوکاڵیان لە خەڵک بەکرێ گرتووە یان کڕیویانە کە ئەمە کێشەی بۆ خەڵکی خودی ئەو شارە درووست کردووە.

٢ی خەزەڵوەر: دوابەدوای ئەوەی کە «ڕەجەب تەیب ئەردۆغان»، سەرکۆماری تورکیە سەبارەت بە دۆخی تورکەکانی دانیشتووی ئێران نیگەرانی دەربڕی، «عەلی شەمخانی» سەرۆکی شورای باڵای ئەمنییەتی ڕێژیم لە تویتێری خۆیدا نووسیی « دەسەڵاتێک لە هەبوونی نەتەوەکان دەترسێت کە بە زەبر و نێزە و کوشتن، بەرەنگاری خەڵک دەبێتەوە نەک ئێران کە گوڵستانێکە بۆ نەتەوەکان».

٤ی خەزەڵوەر: دوای ماوەیەک هەوڵ و زەحمەت لەلایەن بەرپرسان و کارگێڕانی بەشی «شەهیدان»، ماڵپەڕێکی تایبەت بە شەهیدان دامەزرا و خرایە بەر دیدی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەو ماڵپەڕە زانیارییەکانی تایبەت بە شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی تێدایە.

٤ی خەزەڵوەر: دوو ماتۆڕسواری نەناسراو هێرشیان کردە سەر «هادی ڕەزازادە» بەرپرسی بەسیجی خوێندکارانی زانکۆی زانستی پزیشکیی «تاران»، لێیان داوە و مۆبایلەکەشیان لەگەڵ خۆیان بردووە. لە پارێزگای «سیستان و بەلووچستانیش» پلەدارێکی هێزی ئینتزامیی ڕێژیم بە ناوی «ئەسغەر نەورۆزی» لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کوژرا و سێ پلەداری دیکەش بریندار کران.

٤ی خەزەڵوەر: لە بەرەبەری دووەمین ساڵوەگەڕی خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨دا هێرشی سایبێری کرایە سەر پۆمپ بێنزینەکانی ئێران و وەزارەتی نەوتی ڕێژیمی ئێران ئەم ڕووداوەی پشتڕاست کردەوە. هاوکات بیلیبۆردە دیجیتاڵییەکانی ئیسفەهان هەک کران و لەسەریان نووسرا «خامنەیی، بێنزینی ئێمە کوا؟›› و «بێنزینی خۆڕایی لە پۆمپی بێنزینی جەماران››. بەهۆی ئەم هێرشە سایبێرییەوە زۆربەی پۆمپی بێنزینەکان داخران، هەر بۆیە فرۆشتنی بێنزین بە بەهای ئازاد و بێ بەکارهێنانی سیستمی هوشمەندی سووتەمەنی ئەنجام درا.

٦ی خەزەڵوەر: ئاکامی ڕاپرسییەکی دامەزراوەی «گەمان» پیشانی دا،٨٦.٢٪ لە خەڵکی ئێران لەسەر ئەو باوەڕەن کە گەندەڵی و ناکارامەیی ڕێژیمی ئێران زۆرترین کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر دۆخی ئێستای ئابووریی ئێران داناوە. بەپێی ئاکامی ئەو ڕاپرسییە بەنیسبەت ڕوانگە سیاسییەکان، ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران زۆرترین لایەنگری هەبووە.

٦ی خەزەڵوەر: «موجتەبا تەوانگەر» ئەندامی کۆمیسیۆنی ئابووریی مەجلیسی ڕێژیم لە لێدوانێکدا وتی: «ئەمنییەتی ئیتلاعاتی ئێمە لە دۆخێکی خراپدایە و جێگای نیگەرانییە، بەجێی ئینتێرنێت باشترە ئەمنییەتی ئیتلاعاتی خۆمان بەهێز بکەین».

٨ ی خەزەڵوەر: لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ٢٠١٧دا «نەوزاد هەورامی» کە ئەندامی بەڕێوەبەری ناوەندی سەلاحەدین لە شاری «ناشیفل»ی ویلایەتی «تێنێسی»ی ئامریکایە هەوڵەکانی بۆ بەفەرمیکردن و خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی ئامریکا خستە گەڕ و زمانی کوردی وەک یەکێک لە ١١ زمانەکان؛ لەلایەن وزارەتی دەرەوەی ئامریکاوە بە فەرمی ناسێندرا و لە ویلایەتی «تێنێسی» دەخوێندرێت.

٩ی خەزەڵوەر: بەپێی لێکۆڵینەوەی زانکۆی «ستەنفۆرد» لە ساڵی ٢٠٢١دا، ١٤ مامۆستای زانکۆی «کوردستان»لە سنە وەک مامۆستای بلیمەت لە ئاستی جیهاندا هەڵبژێردران. پێشتریش ڕێکخراوی زانستیی «تایمز» بڵاوی کردبووەوە، زانکۆی «کوردستان» لە بواری کاریگەریی باش لە ساڵی ٢٠٢١دا پلەی ٨٠٠-٦٠١ هەیە.

١٠ی خەزەڵوەر: زیاتر لە ١٠٠ کەس لە ڕێبەرانی جیهان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠٣٠ی زایینی بە ڕەوتی لەنێوچوونی دارستانەکان و داخورانی زەوی کۆتایی بێنن. بەپێی ڕاپۆرتی هەوڵدەریی ‹‹ڕۆیتێرز›› ئەو ڕێبەرانە بەڵێنیی ئەوەیان دا کە ١٩ میلیارد دۆلار لە چوارچێوەی بودجەی بەشەکانی گشتی و تایبەتی بۆ سەرمایەگوزاری لە پاراستن و بووژاندنەوەی دارستانەکان تەرخان بکرێت.

١٢ی خەزەڵوەر: ڕێوڕەسمێک لەلایەن کۆمسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتەوە بۆ ڕێزگرتن لە قوتابییانی سەرکەوتووی نێو شۆڕش بەڕێوە چوو. «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، چەند وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و وێڕای پیرۆزبایی لە خوێندکاران و قوتابییانی سەرکەوتووی نێو ڕیزەکانی شۆڕش و بنەماڵەکانیان ڕایگەیاند کە هەتا زیاتر دەستمان بە خوێندن و زانست بگات، زیاتر دەتوانین خزمەتی وڵاتەکەمان بکەین.

١٤ی خەزەڵوەر: بە بڕیاری «عەلی خامنەیی» ڕێبەری ڕێژیمی ئێران میلیشیاکانی سەر بە ئێران گرووپێکی مەرگیان لە عێراق پێک هێنا کە کاری ئەم گرووپە «گرتن، ڕفاندن و کوشتنی چالاکان» لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقە. چالاکیی «گرووپی مەرگ» لە عێراق لە حاڵێکدایە کە پێشتر «مستەفا کازمی» سەرۆکوەزیرانی عێراق وتبووی، ئەندامانی «گرووپی مەرگ»ـمان لە بەسرە دەسبەسەر کردوون.

١٦ی خەزەڵوەر: بە درۆنی بۆمبڕێژکراو ماڵی سەرۆکوەزیرانی عێراق ‹‹مستەفا ئەلکازمی›› کرایە ئامانج. ئەرتشی عێراق ئەم هێرشەی بە هەوڵێک بۆ تێرۆری ئەلکازمی ناودێر کرد.

١٧ی خەزەڵوەر: کرماشان لەلایەن «یونسکۆ»وە وەک ٣٧ـەمین شاری «داهێنەری خۆراک» لە جیهان و ١٢هەمین شار لە ئاسیادا ناسێندرا. کرماشان بەهۆی هەبوونی پێشینە و ژێرخانی گونجاو لە بواری خۆراکەوە، لەلایەن «یونسکۆ»وە ئەو نازناوەی پێ بەخشرا.

١٨ی خەزەڵوەر: لێژنەی چاوەدێری بەسەر چاپەمەنییەکانی ئێران مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «کلید»ی هەڵوەشاندەوە. ڕۆژنامەی «کلید» لە ئێران بابەتێکی لەبارەی هەژاری بڵاو کردەوە و بۆ ئەم بابەتە کەڵکی لە تەرحی دەستی «خامنەیی» وەرگرتبوو کە بووە داخرانی ڕۆژنامەکە.

١٨ی خەزەڵوەر: هەواڵدەریی «ڕۆیتێرز» لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کرد کە ئەو درۆنانەی کە لە هێرش بۆ سەر ماڵی «مستەفا ئەلکازمی» سەرۆکوەزیرانی عێراق بەکار هێنراون، دروستکراوی ئێرانن و لانیکەم دوو گرووپی میلیشایی سەر بە ڕێژیمی ئێران لەو هێرشەدا ڕۆڵیان هەبووە.

١٩ی خەزەڵوەر: سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران بەمەبەستی لێدان لە پێگەی حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکدا، لە ناوچەی چلچەمەی دیواندەرە، شوێنێکی هەڵ دایەوە و ئیدعای ئەوەی کرد کە ٣٧ ساڵ لەمەوبەر لەو شوێنە ژنێک بە ناوی ‹‹فاتمە ئەسەدی›› کە هاوسەرەکەی لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە زیندانی کراوە، دوای ئازار و ئەشکەنجە کوژراوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕەوتی خەباتی دەیان ساڵەی خۆیدا سەدان جاش و پاسداری ڕێژیمی ئێرانی بە دیل گرتووە و دواتر ئازادی کردوون.

٢٠ی خەزەڵوەر: دادگای نێونەتەوەیی خەڵک ناسراو بە «دادگای خەزەڵوەر» لە «لەندەن» دووەمین دانیشتنی خۆی لەبارەی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی ڕێژیمی ئێران لە مانگی خەزەڵوەری ٩٨ بەڕێوە برد.بڕیارە ئەو دادگایە هەتا ٢٣ی خەزەڵوەر درێژەی هەبێت و ٤٥ کەس وەک شایەتحاڵ لێدوان بدەن.

٢١ی خەزەڵوەر: «حەسەن نەسروڵڵا›› ڕێبەری گرووپی تێرۆریستیی حیزبووڵڵای لوبنان لە بەرنامەیەکی تێلێڤیزیۆنیدا وتی کە ڕێژیمی ئێران هیچکات بەنیسبەت یارمەتییەکانی خۆی بۆ حیزبوڵڵا منەتی دانەناوە. بە وتەی ناوبراو ‹‹ئێران ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە لە لوبنان مێترۆ و وزەخانەی برقیان بۆ دابمەزرێنێت». ئەمە لە کاتێکدایە کە خەڵکی ئێران لەوپەڕی هەژاری و بێ دەرەتانیدا ژیان دەکەن و زیاتر لە ٦٠ لەسەدی خەڵک لەژێر هێڵی هەژاریدا ژیان بەسەر دەبەن.

٢٢ی خەزەڵوەر: تێلێڤیزیۆنی فەرمیی نۆرویژ بڵاوی کردەوە کە پۆلیسی ئەو وڵاتە دیپلۆماتێکی پێشووی باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئێران لە «ئۆسلۆ» و هەروەها کەسێکی لوبنانی بە ناوی «خالید موسەوی»ـی بە هەوڵدان بۆ تێرۆرکردنی «ویلیام نیگارد» تاوانبار کردوون. «ویلیام نیگارد» خەڵکی نۆرویژە کە ڕۆمانی «ئایەتە شەیتانییەکان»ـی بە زمانی نۆرویژی بڵاو کردووەتەوە. ڕۆمانی «ئایەتە شەیتانییەکان» لەلایەن «سەلمان ڕۆشدی» نووسراوە، ئەو کاتە حوکمی کوشتنی «ڕۆشدی» بەهۆی نووسینی ئەو ڕۆمانە لەلایەن «خومەینی»یەوە دەر کرا، هەروەها لە دوای ئەوە ئەو کەسانەی ئەو کتێبەیان چاپ دەکرد یان وەریاندەگێڕا دەکەوتنە بەر هێرشی تێرۆریستییەوە.

٢٣ی خەزەڵوەر: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی دەسبەسەرکردن و گیرانی خەڵکی کوردستان لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە پەیامێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتووە: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەم شەپۆلە لە ڕەشبگیریی چالاکانی مەدەنیی کوردستان، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ و هەروەها کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، بەرانبەر بەم سەرکوتکارییانەی ڕێژیم و چارەنووسی چالاکانی دەسبەسەرکراوی کورد بێ‌هەڵوێست نەبن.

٢٤ی خەزەڵوەر: «حەسەن نەورۆزی» جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی دادوەریی ڕێژیمی ئێران، لە وتوویژ لەگەڵ ماڵپەڕی «دیدەبانی ئێران» دژکردەوەی بە بەڕێوەچوونی دادگای نێونەتەوەیی خەڵک لە لەندەن پیشان دا و سەبارەت بە سەرکوتەکانی خەزەڵوەری ٩٨ وتی: «یەکێک لەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ تەقەی لە خەڵک کردووە من بووم، ئێمە خەڵکمان کوشت، ئیستا کێ دێت لێپرسینەوە لە ئێمە بکات؟».

٢٥ی خەزەڵوەر: دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە ئەندامێکی حیزبی دێموکرات بە ناوی «داوود ڕەحیمی» دوای دەسبەسەرکردن و ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر لە زیندانی ڕێژیمدا وێڕای هاونیشتمانییەک بە ناوی «ئەسعەد ڕامین››، شەهید کراون.

٢٦ی خەزەڵوەر: بەشی نیزامی و بەرگریی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێونەتەوەیی، بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک، دۆخی بەرگری و ئەمنییەتی ڕێژیمی ئێرانی لە بواری گەندەڵییەوە بە قەیراناوی وەسف کرد. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە جگە لە پێوەری پەیوەندیدار بە پێرسۆنێلەکان کە لە دۆخێکی پڕمەترسیدار‌دا جێگەیان گرتووە، پێوەرەکانی بەشی نیزامی، سیاسی، ماڵی، عەمەلیاتی و لۆجیستیکی لە دۆخی قەیراناویدان.

٢٦ی خەزەڵوەر: کۆمیتەی سێهەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پەسەندکردنی بڕیارنامەیەک، پێشێلکردنی ئاشکرا و سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێرانی مەحکووم کرد. بڕیارنامەکە بە ٧٩ دەنگی ئەرێنی و ٣٠ دەنگی نەرێنی و ٧١ دەنگی بێ لایەن پەسەند کرا.

٢٧ی خەزەڵوەر: مەجلیسی نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە دووهەمین ساڵڕۆژی سەرکوتی خوێناویی نارازییانی خەزەڵوەری ٩٨ لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، بڕیارنامەیەکی دژی ئەم ڕێژیمە دەر کرد. ٢٤ نوێنەری کۆماریخواز ئەو بڕیارنامەیەیان ڕێک خستووە کە یەکەمین بڕیارنامەی فەرمیی کۆنگرەی ئامریکا بە مەبەستی بە فەرمی ناسینی کوشتارەکانی ساڵی ٩٨ی هەتاویە کە بە «خەزەڵوەری خوێناوی» ناسێنراوە.

درێژە لە لاپەڕەی ٩

درێژەی لاپەڕەی ٨

٢٧ی خەزەڵوەر: نووسینگەی دارایی وەزارەتی دەرەوەی خەزێنەداریی ئامریکا گەمارۆی خستە سەر شەش کەس و شیرکەتێکی ئێرانی کە ویستبوویان لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ٢٠٢٠ی ئامریکادا دزە بکەن. ئەو کەسانە ویستبوویان لە ڕێگای هێرشی سایبێرییەوە ناکۆکی لەنێوان دەنگدەراندا دروست بکەن و باوەڕ و متمانەی دەنگدەران بەنیسبەت هەڵبژاردنی ٢٠٢٠ی ئەو وڵاتە کەم بکەنەوە.

٢٩ی خەزەڵوەر: کوالێتیی ڕێگاوبانەکانی وڵاتانی جیهان لەلایەن کۆڕی جیهانیی ئابوورییەوە هەڵسەنگێندرا کە لەم بوارەوە ئێران لەنێوان ١٤١ وڵاتی جیهان پلەی ٧٧ی تۆمار کرد. لەم ڕیزبەندییەی کۆڕی جیهانیی ئابوورییەدا، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی پلەی هەشت، عەمان پلەی دە، قەتەر پلەی شازدە، بەحرەین پلەی ٢٥ و عەرەبستان پلەی ٢٩ی جیهانیان هەیە.

٢٨ی خەزەڵوەر: هەزاران کەس لە خەڵکی ئیسفەهان بەنیسبەت وشکبوونی سیستماتیکی ڕووباری ‹‹زایەندەڕوود›› و لەنێوچوونی کشتوکاڵی ئەو ناوچەیە، پەیوەست بە کۆبوونەوەی وەرزێڕانی ناڕازی بوون و بەنیسبەت ناکارامەیی سیاسەتەکانی ڕێژیم و گرینگینەدانی بەرپرسان دروشمیان دا.

٢٩ی خەزەڵوەر: میدیاکانی ئاڵمان بڵاویان کردەوە کە بە هاویشتنی «کۆکتۆل مۆلۆتۆف» لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە هێرش کراوەتە سەر بینای کۆنسولگەریی ڕێژیمی ئێران و ئاگری تێبەردراوە. ئەو هێرشە هاوکات بووە لەگەڵ کۆبوونەوەی نارەزایەتیی دژبەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە «هامبورگ» بۆساڵیادی قوربانییانی خەزەڵوەری ٩٨.

هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی دادگای نیزامی بۆ دە مەئمووری پلە خواری ناسراو لەلایەن ڕێژیمی ئێران وەکوو تاوانبار بە پێکانی فڕۆکەی ئۆکراینی، ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی خەزەڵوەر بنەماڵەی قوربانیانی گرۆکە ئۆکرانییەکە بە پلاکاردێک کە لە دەستیاندا بوو و لەسەریان نووسرابوو: «خوێندنەوەی دۆسیەی پێش لە بەدواداچوون مافی شیاو و یاسایی ئێمەیە» لە بەرامبەر ڕێکخراوی دادوەریی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئێران نارەزایەتییان بەڕێوە برد. ئەوان دروشمی «مەرگ بۆ خامنەیی» و «مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی»یان وتەوە.

١ی سەرماوەز: وەزارەتی نێوخۆی بەحرەین ڕایگەیاند کە گرووپێکی سەر بە ڕێژیمی ئێرانی دەسبەسەر کردووە کە لە هەوڵی پیلاندارشتن بۆ کردەوەیەکی تیرۆریستی بوون. لە دەسبەسەرکراوان چەک و کەرەستەی تەقینەوە زەوت کراوە کە لە ئێرانەوە بۆیان ڕەوانە کراوە.

١ی سەرماوەز: ئەنجوومەنی ژینگەپارێزیی بانە ـ پاژین سەبارەت بە کۆکردنەوەی واژۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێئاوی لە شاری بانە سەر بە پارێزگای سنە لە ڕێکەوتی ٢٤ هەتا ٣٠ خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە. لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتبوو کە زیاتر لە ١٠ هەزار واژۆ کۆ کراوەتەوە. هەروەها پاژین داوای لە خەڵک کرد کە هەموو کات ئاوا شێلگیرانە و مەدەنیانە پاڵپشت و یارمەتیدەری ئەنجوومەنی پاژین بن.

٣ی سەرماوەز: «کارین ئەندروز›› وەزیری نێوخۆی ئوسترالیا ڕایگەیاند کە ئەو وڵاتە گرووپی حیزبوڵڵای لوبنانی خستووەتە نێو لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە. ناوبراو لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، حیزبوڵلا لە ڕێگەی هێرشە تێرۆریستییەکانییەوە هەڕەشە درووست دەکات و پشتیوانی لە گرووپگەلێکی وەکوو ‹‹جیهادی ئیسلامیی فەلستین» و «گوردانی عیزەدین قسام›› دەکات.

٤ی سەرماوەز: ئیسرائیل و مەراکێش بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتمانی و ئەمنییەتی لە سێبەری نیگەرانییەکان بەنیسبەت هەڕەشەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکە و میلیشیا توندڕەوەکان، پەیمانی بەرگرییان واژۆ کرد. ئەو ڕێککەوتنە هاوکاریی ئیتلاعاتی، مامەڵەی چەکوچۆڵ و ڕاهێنانی هاوبەشی نیزامی لەخۆ دەگرێت.

٥ی سەرماوەز: ڕێژیمی ئێران جارێکی دیکەش لە هێرشی سایبێری بۆ سەر ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تووشی شکست بوو. ڕێژیم لە ڕێگای دروستکردنی ڕۆبات لە هەوڵ دابووە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حیزبی دێموکرات هەک بکات. بەهۆی ئەو هێرشە سایبێرییە، گوشارێکی زۆر لەسەر ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» بوو و لەلایەن بەکارهێنەرانییەوە نەدەکرایەوە. ڕێژیمی ئێران بە دانانی پەیجی ساختە لە هەموو تۆڕ و کاناڵەکانی سۆشیالمیدیادا، بە ناوی حیزبی دێموکرات، هەم دەیەوێ زانیاریی ناڕاست و چەواشە لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتدا بڵاو بکاتەوە و هەم بەو ڕێگەوە هەوڵی سیخوڕی بە سەر خەڵکدا دەدات.

٥ی سەرماوەز: وڵاتی بریتانیا بەفەرمی گرووپی تێرۆریستیی «حەماس» کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پشتیوانیی لێ دەکرێت، وەک «گرووپێکی تێرۆریستی» ناساند و هۆشداریی دا کە ئەندامان و لایەنگرانی ئەو گرووپە لەوانەیە بە چواردە ساڵ زیندان سزا بدرێن. وەزارەتی نێوخۆی وڵاتی بریتانیا ئەو بڕیارەی بەفەرمی دوای پەسەندکردنی پارلمانی ئەو وڵاتە ڕاگەیاند.

٨ی سەرماوەز: «حەمید ئەلحوسێنی» ئاخوندی سەر بە ڕێژیمی ئێران لەلایەن دادگوستەریی شاری «نەجەف»ی وڵاتی عێراق بە تاوانی «تێرۆریستی» حوکمی دەسبەسەرکردنی بۆ دەر کرا. ناوبراو ئاخوندێکی شیعەمەزهەبی سەر بە ڕێژیم کە لە عێراق بەرپرسی یەکیەتیی ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆنە ئیسلامییەکان بووە و لە هێرشی مووشەکیی ڕێکەوتی ٢ی خەرمانان بۆ سەر «کانوونی گۆفتمانی ئەلڕافدین»ی شاری نەجەف دەستی هەبووە.

٨ی سەرماوەز: بەهۆی کەڵکوەرگرتنی ئێران لە دڕۆن بۆ هێرش و کاری تێرۆریستی، پارلمانی «هۆلەند» بە ١١٣ دەنگ بڕیارنامەی دانانی گەمارۆ بە دژی ڕێژیمی ئێرانی پەسەند کرد. ئەو بڕیارنامەیە لەلایەن ١٥ حیزبی «هۆلەند» لە پارلمان پشتیوانیی لێ کرا. هەناردەکردنی دڕۆن لەلایەن سپای پاسدارانەوە بۆ گرووپە تێرۆریستییەکانی وەکوو حیزبوڵلا، حەماس و حوسییەکان یەکێک لە هۆکارەکانی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارنامەیە بووە.

٨ی سەرماوەز: دوو ئیدارەی میراتی کولتووریی پیرانشار و تاران لە چوار گرووپدا لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵەوە لە چەند شوێنی ناوچەکەدا هەوڵی بە تاڵانبردنی ئاسەوارە مێژووییەکانیان داوە و خەسارێکی زۆری ژینگەییشیان بەو شوێنانە گەیاندووە.

٨ی سەرماوەز: بە بۆنەی سەدەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی مامۆستا ‹‹حەسەن زیرەک›› هونەرمەندی ناوداری کورد لەلایەن خەڵکەوە ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوو کە هێزە ئەمنییەتی و ئینتزامییەکانی ڕێژیمی ئێران لەسەر گڵکۆی ‹‹حەسەن زیرەک›› بڵاوەیان بە خەڵکی شاری بۆکان کرد و ڕێگایان نەدا کە خەڵکەکە کۆ ببنەوە.

٩ی سەرماوەز: کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاکامی هەڵبژاردنەکانی بڵاو کردەوە . ڕەوتی «سەدر» بە ڕێبەریی «موقتەدا سەدر» بە هێنانەوەی ٧٣ کورسیی پارلمانی عێراق بوو بە یەکەم و هاوپەیمانیی دەوڵەتی یاسایی بە سەرۆکایەتیی «نووری مالکی» بە ٣٣ کورسی دووەم و پارتی دێموکراتی کوردستان بە ٣١ کورسی سێهەم هاتنەوە کە ئەمە نارەزایەتیی توندی ملیشیا و لایەنەکانی سەر بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی لێ کەوتەوە.

١٠ی سەرماوەز: لە سنوورەکانی نێوان سیستان و بەلووچستان لە ئێران و ویلایەتی نیمرووز لە ئەفغانستان، شەڕ لەنێوان تاڵبان و هەنگی سنووریی ڕێژیمی ئێران ڕووی دا. تاڵبان بەرپرسیاریەتیی ئەو شەڕەی لەئەستۆ گرت بەڵام میدیاکانی ڕێژیمی ئێران وتوویان ئەو شەڕە لەنێوان کەسانی چەکدار و هێزە سنوورییەکانی ئێران هاتووەتە ئاراوە. هەواڵدەریی ‹‹تولوع››ی ئەفغانستانیش لە زاری جێگری وتەبێژی تاڵبان ‹‹بیلال کەریم››ەوە ڕووداوەکەی پشتڕاست کردەوە.

١١ی سەرماوەز: «ڕەزا بیانی» جێگری کاروباری دارستان و لێڕەوارەکانی ئێران وتی: «لە ئەمساڵدا زیاتر لە شەش هەزار و ٧٠٠ هێکتار لە دارستانەکانی ئێران و کوردستان لە ئاگردا سووتاون». ناوبراو ڕایگەیاند «لەو دارستانانەی کە سووتاون بەنیازین دەنک بچێنین و نەمامیان لێ بچەقێنین و بەو شێوەیە بەشێک لەو زیانانەی کە بەر دارستانەکان کەوتوون، قەرەبوو بکەینەوە».ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژیم یەکەم هۆکاری ئاگر تێبەردان لە دارستانەکانە.

١١ی سەرماوەز: بەرینترین نارەزایەتی و مانگرتنی مامۆستایان و فەرهەنگییان لە کوردستان لە بەردەم ئیدارەکانی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیم، بەڕێوە چوو. خۆپیشاندەران بەنیسبەت جێبەجێنەکردنی خواست و داواکارییەکانیان، جێبەجێنەکردنی تەرحی پلەبەندی و تەرحی یەکدەستکردنی مووچەی مامۆستایان لەلایەن ڕێژیمەوە، نارەزایەتییان دەربڕی.

١٣ی سەرماوەز: وێبلاگی «هەڵۆکانی زاگرۆس» بڵاوی کردەوە کاتژمێر نزیک ٣ی شەو بە کاتی ڕۆژهەڵات، «هەڵۆکانی زاگرۆس» بە هێرشکردنە «سەر کەلانتەریی ١١» هەڵکەوتوو لە شەقامی «شارەبانی»ی سەقز، سزای بەکرێگیراوانی مۆڵدراوی ئەم مۆڵگەیەی ڕێژیمیان داوە. هەڵۆکانی زاگرۆس» ڕایانگەیاند کە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شاری «سەقز» و بەربەرەکانێ لەگەڵ دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم ئامادەی هێرشکردنە سەر ئەم بنکانەن و خۆیان بە پشتیوانی خەباتی خەڵکی کوردستان دەزانن.

١٥ی سەرماوەز: پێشمەرگەکانی کوردستان لە مەتەرێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی پیرۆزی بەرووچاندن ئەمساڵیش بە دەم بانگەوازی زاگرۆسانەی ڕۆژهەڵاتەوە چوون. پێشمەرگەکانی هێزی ١١٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پشتیوانیکردن لە هەڵمەتی بەرینی زاگرۆسانە، لە چیاکانی کوردستان هەڵمەتی ژینگەییان بەڕێوە برد و بەروویان چاند. ئەوان پشتیوانیی خۆیان لەو هەڵمەتە پیرۆزە بۆ بووژاندنەوەی ژینگەی نیشتمان دەربڕیوە و داوایان لە خەڵکی کوردستان کردووە کە پارەزێری ژینگە بن و بۆ بووژاندنەوەی سروشت هاوتەریب بن لەگەڵ هەڵمەتە ژینگەییەکان.

١٥ی سەرماوەز: کۆنگرەی «کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کورد›› بە ئامانجی یەکخستن و یەکگرتوویی گوتاری کوردانی دیاسپۆرا لە هەولێر بەڕێوە چوو. لەو کۆنگرەیەدا یەکەم گۆڕانکاری لە ناوی کۆنفیدراسیۆنەکەیانەوە دەستی پێ کرد و دوای قسە و باسێکی زۆر ناوی کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کورد، گۆڕدرا بۆ «کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی». لە کۆنگرەکەدا دەنگ لەسەر ئەوە درا کە هەر سێ ساڵ جارێک کۆنگرە ببەسترێت، دوای هەڵبژاردنی کۆمیتەی گشتی، ئەندامەکان حەوت کەس لەنێو خۆیاندا دەستنیشان دەکەن بۆ کۆمیتەی ڕێبەری، کاری سەرەکیی کۆنفیدراسیۆنیش پێکەوە گرێدانی کوردان دەبێت لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

١٦ی سەرماوەز: وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا بەهۆی سەرکوتی خۆپیشاندانەکان لەلایەن ئێرانەوە گەمارۆی نوێی خستە سەر کۆمەڵێک لە بەرپرسانی ئەمنییەتی و نیزامیی ڕێژیم، لەوانە: «غولامرەزا سلێمانی» سەرۆکی ڕێکخراوی بەسیجی موستەزعەفان. یەکەکانی تایبەتی ناجا و «هێزەکانی تایبەتی پادوەحشەت» ناسراو بە «نۆپۆ»ش لەو لیستەیەدان.

٢٠ی سەرماوەز: وێنەگرێکی کورد بە ناوی «محەممەد مەعسوون سوەر»، خەڵکی دیاربەکری کوردستانی باکوور لە پێشبڕکێی نێودەوڵەتیی وێنەگریی مێژوویی لە بریتانیا، لەنێو ٤٠ وێنەگری گەورەی جیهان وەک باشترین وێنەگر هەڵبژێردرا. ناوبراو بە ٢٦ وێنەی مێژوویی شارەکانی کوردستانی باکوور، لەو پێشانگایەدا بەشداریی کرد، بەڵام بە وێنەی پەیکەرێک لە شاری سامسوری کوردستانی باکوور کە لەسەر چیای نەمرودە، توانیی ببێتە باشترین وێنەگری ساڵ و وێنەکە بە باشترین وێنە هەڵبژێردرا. ناوبراو لەمبارەوە وتوویەتی کە بە وێنەی ناوچە مێژووییەکان، دەیەوێت شارستانییەتی کوردستانی باکوور بە جیهان بناسێنێت.

کۆنفرانسی نەتەوەیی مەریوانناسی کۆتایی پێ هات، ئەم کۆنفرانسە ڕۆژی پێنجشەممە ١٨ی سەرماوەز لەلایەن ئەنجومەنی ئەدەبیی مەریوان و بە بەشداریی بەرچاوی توێژەران و نووسەران و خەڵکی شاری مەریوان و کوردستانی باشوور دەستی پێ کرد کە تێیدا نووسەرانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور، زیاتر لە ٢٠ توێژینەوەی جۆراوجۆر لەبارەی مێژوو، کولتوور و پێگەی فەرهەنگی و لایەنە جیاجیاکانی شاری مەریوان پێشکەش کرد. لەم کۆنفرانسەدا کتێبی کۆنفرانسی مەریوانناسی کە بریتییە لە سەرجەم وتارەکانی کۆنفرانس بڵاو کرایەوە و دەتوانێت سەرچاوەیەکی زانستیی باش بێت بۆ کەسانی لێکۆڵەر.

ڕۆژی شەممە ٢٠ی سەرماوەز، مامۆستایانی شارەکانی «سنە، مەریوان، سەقز، بانە و جوانڕۆ و...» لە پۆلەکان ئامادە نەبوون و بە هەڵگرتنی دروشم نارەزایەتییان دەربڕی. مامۆستایانی ناڕازی خوازیاری جێبەجێکردنی دادپەروەری و جێبەجێکردنی گەلاڵەی پلەبەندی و هاوسەنگسازی و ئازادیی مامۆستایانی زیندانین.

٢١ی سەرماوەز: لە درێژەی مانگرتنی مامۆستایان و بانگهێشتی شورای هاوئاهەنگیی پێکهاتە سێنفییە فەرهەنگییەکانی ئێران، مانگرتنی گشتیی مامۆستایان لە شارەکانی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو. مامۆستایانی کوردیش لە شارەکانی «ئیلام، سەقز، سنە، ڕوانسەر، دیواندەرە و مەریوان» بۆ گەیشتن بە ویست و داخوازییەکانیان بۆ دووەمین ڕۆژ مانیان گرت.

٢١ی سەرماوەز: چەند کەس لە ئیدارەی ئیتلاعاتی پیرانشار ڕژانە نێو کافەکتێبی ئەندێشەی ئەو شارە و بە لێدان و سووکایەتی، بێڕێزییان بە بەڕێوەبەرانی ئەو کافەیە کرد. هێزە تاڵانچییەکانی ڕێژیم دەستیان بەسەر کامپیۆتێر و چەندین کتێبدا گرت. لەم ڕووداوەدا بەڕێوەبەرەی کافەکە دەسبەسەر کرا و بۆ ئیدارەی ئیتلاعات گوازرایەوە کە پاش لێدان و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر و هەڕەشەکردن، ئازاد کرا.

٢٢ی سەرماوەز: مامۆستایان لە قوتابخانەکانی ئێران و کوردستان لە سێهەمین ڕۆژی نارەزایەتیی خۆیاندان و نەچوونە سەر پۆلەکانیان. لە چەندین شاری کوردستانیش وەکوو ‹‹ورمێ، سەقز، مەریوان، کرماشان، سنە و بیجار›› مامۆستایان پێوەست بەو مانگرتنە گشتییە بوون.

٢٣ی سەرماوەز: لەنێوان گوندەکانی «قەڵاتەڕووتەڵە» و «ئایەجان»ی ناوچەی زەڕینەی پارێزگای سنە، ئاسەوارێکی زۆری مێژوویی پێکهاتوو لە «زێڕ» و «زیو» دۆزراوەتەوە، بەپێی زانیارییەکان چەند کەسی چەکدار و ئاسایی لە بۆکانەوە بە مەبەستی بە تاڵانبردنی ئەو ئاسەوارانە سەردانی ئەو شوێنەیان کردووە، بەڵام بەر لەوەیکە ئەو کەسانە بتوانن هیچ ئاسەوارێک بدۆزنەوە، کۆمەڵێک لە خەڵکی گوندی «قەڵا ڕووتەڵە» ئاگادار دەبنەوە و پێشیان پێ دەگرن.

٢٣ی سەرماوەز: یەکەی پاراستنی وەزارەتی ئاسەوارە مێژووییەکانی ئێران دەستی بەسەر ١٣٨ ئاسەواری مێژوویی لە پارێزگای کرماشاندا گرتووە کە بۆ هەزار ساڵ پێش زایین، سەردەمەکانی ساسانی و ئیسلام دەگەڕێنەوە».

٢٣ی سەرماوەز: هێزەکانی هەنگی سنووریی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەی «هەوارە بەرخەڵە» سەر بە شاری «پیرانشار»، گۆزەیەکی پڕ لە سکەی «زیو»یان دۆزیوەتەوە و پاشان ڕادەستی مۆزەخانەی شاری «ورمێ»یان کردووە. ئەو سکانە لە شێوە جۆراوجۆرەکانی سەردەمی پاشاکان لەوانە: «خوسرەوی دووەم، هۆرمزی پێنجەم، یەزگردی سێهەم و خوسرەوپەرویز» بوون.

٢٢ی سەرماوەز: دوو ئەندامی شورای دەورەی شەشەم و دوو کارمەندی دیکەی شارەداریی شاری مەهاباد بە تۆمەتی گەندەڵیی ماڵی و ئیداری لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران. ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی سەرماوەزیش، ئەندامێکی شورای شاری پیرانشار لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دەسبەسەر کرا.

٢٥ی سەرماوەز: لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز بەڕێوە چوو. لەم ڕێوڕەسمەدا ڕێز لەو پێشمەرگانەی گیرا کە ماوەی ٢٠ ساڵە لە ڕیزەکانی خەباتدان و لە لایەن «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتەوە لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا. ئەو پێشمەرگانە بریتی بوون لە: «تاهیر مەحموودی، کەریم پەرویزی، ئیسماعیل ڕەحمانی، فەریدە حوسێنزادە، فەرزاد ڕەزایی، حوسێن ئاقایی، کەیوان فاتحی، ڕەزا پیرووزی، ڕێبوار عەبدی و ڕەحمان غەفووری».

٢٥ی سەرماوەز: زانکۆی پەیامی نووری ئیلام ناوی لەنێو پلەبەندیی زانکۆکانی سەوزی جیهاندا تۆمار کرا. ئەو زانکۆیە وەک یەکەمین زانکۆ لە ئاستی ئێران و یەکەمین زانکۆ لە پارێزگای ئیلامدا توانی ئەو سەرکەوتنە بەدەست بهێنێت.

٢٦ی سەرماوەز: وەزارەتی بازرگانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک، ٣٧ شیرکەت کە بەپێچەوانەی سیاسەتی دەرەوە یان ئەمنییەتی نەتەوەیی ئامریکا کار و چالاکییان ئەنجام داوە، خستە لیستی گەمارۆکانەوە کە لەو ژمارەیە ١١ شیرکەت بەهۆی پەیوەندییان لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران خراوبوونە ئەو لیستەیەوە.

٢٧ی سەرماوەز: شورای ڕاوێژکاری ناوەندی فەرهەنگی و چاپەمەنیی «باشوور»، سێیەمین خەڵاتی ئەدەبیی خۆی، دوای هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی ٥٦ نووسەر، شاعیر، ڕۆژنامەوان، وەرگێڕ و چالاکی بواری ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردی، پێشکەش بە د. «عەلی ئولفەتی» و د. «ڕەهبەر مەحموودزادە» کرد. د. «عەلی ئولفەتی» لە بەشی ئەدەبیاتی داهێنەرانە (شێعر و چیرۆک) و د. «ڕەهبەر مەحموودزادە» لە بەشی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی، توانییان سێیەمین خەڵاتی ناوەندی فەرهەنگی و چاپەمەنیی «باشوور» بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

٢٨ی سەرماوەز: «حەیدەر قوربانی» کوڕی «عەلی»، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری کامیاران، لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە زیندانی سنە لە سێدارە درا.بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی لە زیندانی سنە حوکمی ئەو زیندانییە سیاسییە کوردەیان کاتژمێر چواری بەیانی جێبەجێ کردووە. هاوکات یەکێک لە براکانی «حەیدەر قوربانی» لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

٢٨ی سەرماوەز: دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە لەسێدارەدانی شەهید «حەیدەر قوربانی» لەلایەن ڕێژیمی بکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە. لە بەشێکی ئەم ڕاگەیەندراوەدا هاتبوو: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی بە بنەماڵە و کەسوکاری «حەیدەر قوربانی» و خەڵکی کامیاران ڕادەگەیەنێت و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.

٢٨ی سەرماوەز: پاش لەسێدارەدانی «حەیدەر قوربانی» هاووڵاتییان لە کامیاران سەرەڕای هەڕەشەی بەردەوامی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوە برد. هاووڵاتییان لە بەردەم ماڵی شەهید «حەیدەر قوربانی» کۆ بوونەوە و بە دروشمی «شەهید نامرێ» دژی ڕێژیمی پەت و سێدارە ئەوپەڕی ڕق و قینی خۆیان دەربڕی.

٢٨ی سەرماوەز: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە لەسێدارەدانی خەباتکاری سیاسیی کورد «حەیدەر قوربانی» لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە. لە بەشێکیدا هاتبوو: ناوەندی هاوکاری وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە نوێیەی کۆماری ئیسلامی، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی بە بنەماڵە و کەسوکاری حەیدەر قوربانی و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان ڕادەگەیەنێت و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت. داوا لە بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان، نەتەوە ستەملێکراوەکان و ئازادیخوازانی ئێران و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستە نێودەوڵەتییەکان دەکەین بە گرتنی هەڵوێستی شیاو و یەکگرتوویی لە بەرانبەر سیاسەتە دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی، تێچووی درێژەدانی ئەو سیاسەتانە بۆ ڕێژیم ببەنە سەر و ڕێگە نەدەن ئەو ڕێژیمە تاوانکارە لەوە زیاتر، لاوازیی هەڵوێستەکانی ئەوان وەکوو دەرفەتێک بۆ درێژەدانی تاوانەکانی دژ بە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە کار بهێنێت.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

٢٩ی سەرماوەز: مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە لەسێدارەدانی شەهید «حەیدەر قوربانی» لەلایەن ڕێژیمەوە پەیامێکی بڵاو کردەوە. دەقی پەیامەکە: ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی «حەیدەر قوربانی» ڕۆڵەیەکی دیکەی نیشتمانەکەمانی ئێعدام کرد. حەیدەر قوربانی کوڕی شەهید عەلی، ئازادیخوازێکی نیشتمانپەروەر و بە ورە بوو کە وەک زۆری دیکە لە لاوانی ڕۆژهەڵات سەری بەرزی بۆ ڕێژیم نەوی نەکرد و بەم چەشنە جێگەی خۆی لەنێو دڵی نیشتمان و نیشتمانپەروەرانی کوردستان هەتاهەتایی کرد. کوردستان سەربەرزە بە بوونی ئەو لاوانە و دڵی پڕ لە هیوایە بۆ ئازادی. سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری «حەیدەر»، خەڵکی بەوەفا و خەباتکاری کامێران و هەموو ئۆگرانی ئازادی لە کوردستان دەکەین. سەرشۆڕی و نەمان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

٢٩ی سەرماوەز: یەکێک لە بەکرێگیراوانی ڕێژیم بە ناوی «محەممەد محەممەدی» تەمەن ٣٢ ساڵ و کوڕی «حوسێن»، خەڵکی گوندی «بۆڕیەر» لە مەریوان، لەلایەن کەس یان کەسانێکی نەناسراوەوە کوژرا. برایەکی ناوبراو بە ناوی «حەبیب محەممەدی» لە بەڕێوەبەرانی پایگای بەسیج لە بۆڕیەرە.

٣٠ی سەرماوەز: ناوەندی فەرهەنگی- هونەریی ڤەژین لە ڕاگەیەندراوێکدا رایگەیاند کە فەرمانداریی ڕێژیمی ئێران لە مەریوان ڕێگریی لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی شەوی یەلدا و بەخشینی «خەڵاتی بەرووی زێڕین» لەلایەن ئەو ناوەندەوە کردووە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتبوو: دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندی ڤەژین لە هەموو ئەندامان و لایەنگران و ئەو کەسانەی لە دوور و نزیکەوە یارمەتیدەرمان بوون بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بەرنامەیە، داوای لێبووردن دەکات و هیوادارە بتوانێت لە ساڵانی داهاتوودا ئەم بۆنەیە بە شێوەیەک کە شیاوی خەڵک و شارەکەمان بێت بەڕێوە ببات.

# چەنگیز شکاک:

## جۆری سیاسەتی ئابووریی ڕێژیم لە چوارچێوەی هیچ ڕێبازێکی ئابووری پێناسە ناکرێت و تەنانەت بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئامریکا و هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکانی، دۆخی ئابووریی خەڵک باشتر ناکرێت و لەوانەیە تەنیا وەک هەناسەدان و پشوویەک بێت



وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و پێداویستییەکانی ژیان لە ئێران بەبێ ڕاوەستان هەروا لە هەڵکشاندایە، بەشێوەیەک کە دەوترێت کۆنترۆڵی هێندێک لە کاڵاکان لە دەستی دەوڵەت چووەتە دەر. بەرپرسانی ڕێژیمیش وەک ڕابردوو تەنیا وادە و دروشمی دابەزاندنی نرخی هەڵاوسان دەدەن، بەڵام لە بازاڕەکاندا نرخەکان هەروا بەرز دەبنەوە. شەپۆلی ئەمجارەی گرانییەکان بووەتە هۆی ئەوەیکە تەنانەت بەرپرسانی ڕێژیم دەنگی نارەزایەتییان دەربڕیوە. دەوڵەت دەیهەوێت لە ڕێگای نرخدانانی دەستووری نرخی شتومەکەکان کۆنترۆڵ بکات، کە بە وتەی کارناسانی ئابووری نرخدانانی دەستووری هیچ لەو دۆخە ناگۆڕێت.

لەم وتووێژەدا دۆخی ئابووریی دارماوی ئێرانمان لەگەڵ بەڕێز «چەنگیز شکاک» ڕۆژنامەوان، خستووتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**. بۆچی ڕەوتی گرانی شتومەکەکان لە ئێران بۆ ماوەیەکی کورتیش ڕاوەستانی نییە و کێ بەرپرسی ئەم دۆخەیە؟**

کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەهۆی ئەوەیکە توانای سەقامگیرکردنی بەهای پارەکەی نییە و پاش گەڕاندنەوەی سزا ئابوورییەکان لە سەردەمی دۆناڵد ترامپ سەرکۆماری پێشووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نەختینە و دراو شکستی خواردووە و نەیتوانیوە بە سیاسەتی نەختینەکانی (چاپکردنی پارە) و سیاسەتی دراوەکانی (سوودی بانکی) دراوی وڵات سەقامگیر بکات.

شکستی ئەم سیاسەتە، بووەتە هۆی هەڵاوسانێکی کەموێنە، کە خۆی لە گرانبوونی کاڵا و شتومەک و هەروەها بێبەهابوونی پارەکەیدا دەبینێتەوە .پێموایە سزا ئابوورییەکان تەنیا هۆکاری ئەم هەڵاوسانە نین، بەڵکوو هۆکاری دیکەش لە پشت ئەم گرانییەوەن. ڕاستە بەهۆی سزا ئابوورییەکانەوە، کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە وەک پێویست نەوتەکەی بفرۆشێت و دراوی پێویست بۆ ڕاگرتنی بەهای تمەن بەدەست بێنێت، بەڵام ئەمە تەنیا هۆکارێکە، کە بەرپرسانی ڕێژیم بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتیی شکست لە بەڕێوەبردنی کەرتی ئابووری و بۆ تۆمەتبارکردنی ئامریکا و سزا ئابوورییەکانی، باسی لێوە دەکەن.

جوگرافیای ئێران بەهۆی فراوانبوونی و هەروەها بوونی سەرچاوەیەکی زۆری سروشتی و مادەی خاو لەگەڵ بوونی سەرچاوەیەکی زۆری مرۆیی و ئاکادیمی لە بوارە جیاوازەکانی پیشەسازیی، تەکنۆلۆژی، کشتوکاڵ و بازرگانی توانایی هەبوونی ئابوورییەکی بەهێز لەسەر ئاستی ناوچە و جیهان هەیە، کە تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەستێت و لە کەرتەکانی دیکە توانای بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێزی هەیە.

بەڵام کۆماری ئیسلامی بەهۆی سیاسەتە ئیدئۆلۆژییەکانی بە ناوی سەیروسەمەری وەک «اقتصاد مقاومتی» یان داخراو بوونی ئابوورییەکەی و ناوەندێتی لە بەڕێوەبردنی ئابووری و لەگەڵ قۆرخکردنی کەرتی ئابووری لەلایەن هەندێ لە دامەزراوە سەربازییەکان کە خراونەتە نێو لیستی تیرۆری ئامریکاوە، ئەوەندەی دیکە زیانیان لە ئابووریی ئێران داوە ؛ هەربۆیە، وای لێهاتووە کە هەر بە بیستنی هەر دەنگۆ و هەواڵێک سەبارەت بە گوشار و سزا بۆسەر ئێران یان ڕێکنەکەوتن بۆ نەهێشتنی سزاکان، نرخی شتومەک گران دەبن. پرۆسەی بەرزبوونەوە و دیاریکردنی نرخی شتومەک بەسەر سیاسەتە شکستخواردووەی کەرتی ئابوورییە.

ڕێژیم، بەتایبەتی کۆنەپارێزانی، هەر لە خامنەیی و دامەزراوەکانی سەر بە ئەو، تا دەگاتە دەوڵەتی ڕەئیسی بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی ئەنجامە خراپەکانی کەمبوونەوەی توانایی کڕینی خەڵک پەنایان بۆ بوارەکانی ئیدئۆلۆژی دەسەڵاتەکەیان بردووە و لەم ڕێگەیەوە هەوڵ دەدەن ئارامی بۆ خەڵک بگەڕێننەوە و ئەنجامە خراپەکانی لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی بشارنەوە. ئەمە واتە لە بواری ئابووری نەتەنیا شکستیان خواردووە، بەڵکوو بەرنامە و پلانە ئابوورییەکانیشیان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دارایی تووشی شکست بووە.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی هەر دوو باڵەکەی، ئەوپەڕی توانایییەکانی بۆ سەقامگیرکردنی ئابووری و بازاڕ بەکار هێناوە و هەموو سیاسەتە ئابوورییەکانی ڕێژیمەوە بازی داوە و توانای کۆنترۆڵکردنی بازاڕی نەماوە.

**- توانای کڕینی خەڵک (قدرت خرید) بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە بە جۆرێک کە زۆرێک لە پێداویستییە خۆراکییەکان لە سەر سفرەی بنەماڵەکان نەماوە، ئەم ڕەوتە بەم شێوەیە تا کەی دەڕواتە پێش؟**

بە بەردەوام گرانبوونی شتومەک لە ئێران، بە بێ ئەوەیکە توانایی خەڵک بۆ کڕین بەرز بکرێتەوە، ئەنجامێکی زۆر خراپ بۆ خەڵک، بەتایبەتی بۆ ئەو بەشە لە کۆمەڵگا بەدەستەوە داوە کە داهاتیان سنووردارە یان بەهۆی شکستی سیاسەتی ئابووریی ڕێژیم بێکار بوونە یان کار و سامانەکەیان لە دەست داوە. یەکەم، گرانبوونی شتومەک بووەتە هۆی ئەوەیکە زۆرێکیان کەوتوونەتە خوارەوەی هێڵی هەژاری، واتە نەک تەنیا سفرەیان بچووک بووەتەوە، بەڵکوو بەهۆی هەژارییەوە، دیاردە دزێو و خراپەکانی کۆمەڵگا زیاتر بووە و تەنانەت گۆڕانکارییەکی نەرێنی بەسەر هەڵسوکەوتی هاووڵاتیاندا لە بەرانبەر یەکتردا هاتووە و بەهۆیەوە کەسایەتییەکی زۆر تووڕە و کەمپشوو (بێ تحمل) و کورتبین لە خەڵک دروست کراوە.

ئەمە تەنیا باسی ئەنجامی بچووکبوونەوە یان نەمانی خواردنە سەرەکییەکان لەسەر سفرەی خەڵک نییە، بەڵکوو شیرازەی ژیانی خەڵکیش تێکدراوە و زۆربوونی تاوان و دیاردە دزێوەکان، ئەنجامی ئەم شێوازەکانی لە ناوخۆ و دەرەوە لە بابەتی هەناردەکردنی نەوت و بەرهەمەکانی و مامەڵە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دۆستی خۆی گرتەبەر، بەڵام ڕۆژ بە دوای ڕۆژ، قەیرانە ئابوورییەکەی قووڵتر بووەتەوە. پێشم وانییە بە هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکانی ئامریکا، کێشەکە وەک پێویست چارەسەر بکرێت، بەڵکوو تەنیا پێدانی هەناسەیەکە بە ڕێژیم بۆ درێژەپێدان بە ژیانی و سیاسەتە موشەکی و دەستێوەردانەکانی لە ناوچەکەدا.

**. ئابووریناسان بەردەوام لەبارەی هەڵکشانی نرخی هەڵاوسان لە ئێران هۆشداریی دەدەن، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی تا چەندە گرینگی بەو هۆشدارییانە دەدەن؟**

بەپێی ئەو بنەمایەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەری دامەزراوە و دیهەوێت وڵاتێکی پڕ لە خێر و بەرەکەتی پێ بەڕێوە ببات، ئەوەیکە بۆی گرنگ نییە بیرۆکە ئابوورییە باوەکان، یان هۆشداریی ئابووریناسانە. چونکە پێشوەختە بڕیاری خۆی بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژییەکەیان داوە؛ بۆ نموونە پاراستنی ڕێژیم و پێشخستنی سیاسەتە ناوچەییەکانی بۆ دەستێوەردان لە وڵاتان، زۆر پێی گرنگترە لە باشترکردنی دۆخی ئابووریی خەڵک لە ناوخۆی وڵات. هەربۆیە ئەوان بە هیچ شێوەیەک گوێ بەو هەموو هۆشدارییانە نادەن کە بە نیازپاکییەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری کراون؛ چونکە دەزانن ئەوەیکە ڕێژیمەکەیان لەسەر دەسەڵات دەهێڵێتەوە، نە ئابوورییەکی بەهێزە و نە سیاسەت و دیپلۆماسییەکی سەرکەوتوو لەسەر ئاستی جیهانی، بەڵکوو ئەو زەبروزەنگەیە، کە تەنیا ئامرازی بەردەستی ڕێژیمە بۆ پاراستنی خۆی و سەرکووت کردنی هەر جۆرە دەنگێکی ناڕازی و درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی.

**. تیمی ئابووری کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی چ کەرەستە و مکانیزمێکیان بۆ کۆنترۆڵی هەڵاوسان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی ئێستا لەبەر دەستدایە؟**

لەوەتەی کە کابینەی ڕەئیسی دەست بەکار بووە، هیچ پلان و دەستپێشخەرییەکی بەرچاو و هەستپێکراو بۆ کۆنترۆڵکردنی هەڵاوسان و سەقامگیرکردنی بەهای تمەن نابینرێت، ئەوەی کە لەبەرچاوە دوو شتن، یەکەم تۆمەتبارکردنی دەوڵەتی ڕوحانی و زۆرقسەکردنی بێ بەرنامە و بنەمای ڕەئیسی لەسەر پرسە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بە ئابووری، بەبێ ئەوەیکە پلانێکی تۆکمە و شیاوی جێبەجێکردن پێشکەش بکات دووهەم، تەنیا پشتبەستن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئامریکا بۆ گەڕاندنەوەی بۆ بەرجام و هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکان و هەموو هەوڵێکیان لەم پێناوەدا داوە.

ئەم شێوازە، دوو ڕاستیمان بۆ دەخاتەڕوو، یەکەم لە بیرمانە کە کۆنەپارێزانی ڕێژیم لە سەردەمی کابینەی ڕوحانی لە دژی بەرجام بوون و قەیرانی ئابوورییان دەخستە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتیی ڕوحانی و سیاسەتە ئابوورییەکانی کە بە کرانەوە و پشتبەستن بە دەرەوە و جێبەجێنەکردنی خواست و ڕێنماییەکانی خامنەیی بۆ پراکتیزەکردنی «ئابووریی مقاومتی» تۆمەتبار دەکرا.

دووهەم، لە سەردەمی کابینەی دووهەمی ڕوحانی، خامنەیی هەر جۆرە دانوستاندنێکی لەگەڵ ئامریکا قەدەغە کردبوو و ڕێگە بە هیچ بەرپرسێکی ڕێژیم نەدەدرا بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووری باس لە بەرجام و دانوستان لەگەڵ ئامریکا بکات؛ بەڵام لەوەتەی کە ڕەئیسی بووەتەوە سەرکۆمار، ڕوانینەکانیان بەپێچەوانەوە بوونەتەوە. لەلایەکەوە هەموو هەوڵێکیان بۆ سازش لەگەڵ ئامریکا خستووەتە گەڕ و لەلایەکی دیکەوە چاوەڕێی بەدەستەوەهاتنی ئەنجامی ڕێککەوتنن، کە بەهۆیەوە بتوانن بە میلیاردها دۆلار بهێننە ناوخۆی وڵات و بەربەستەکانی بەردەم بە ئازاد فرۆشتنی نەوت و بەربەستەکانی دیکەی بەردەم هەناردە و گەڕاندنەوەی دراوی بیانی بۆ ناوخۆ لا ببەن. بەردەوامبوونی ڕەئیسی لەسەر قسە بێبنەماکانی و چاوەڕێکردن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئامریکا، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە هیچ پلان و بەرنامەیەکی بۆ باشترکردنی دۆخی ئابووری نییە و تەنیا چاوەڕێی کلیلەکەی جارانی ڕوحانی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئامریکا و بەدەستهێنانی میلیاردها دۆلار دەکات.

**. ئایا سیاسەتی دەستووری نرخدانان کە بەرپرسانی ڕێژیم دەیانهەوێت بەڕێوەی بەرن، تاچەندە چارەسەری دۆخی گرانییەکان دەکات؟**

دیاریکردنی نرخ بۆ شتومەک یان پاراستنی بەهای تمەن لەلایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە تووشی شکست بووە، چونکە سەرچاوەی دارایی یان پشتیوانیی ئابوورییان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەیان نییە کە پلانیان بۆ داڕشتووە. بەپێچەوانەوە ڕۆژبەڕۆژ شاهیدی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک و بێبەهاتربوونی بەهای تمەنین. هۆکاری ئەم بەدبەختییەی خەڵک کە ڕۆژانە بەدەستییەوە دەناڵێنن، جۆری سیاسەتی ئابووریی ڕێژیمە کە لە چوارچێوەی هیچ ڕێبازێکی ئابووری پێناسە ناکرێت و تەنانەت بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئامریکا و هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکانی، دۆخی ئابووریی خەڵک باشتر ناکرێت و لەوانەیە تەنیا وەک هەناسەدان و پشوویەک بێت. چونکە بەشێکی زۆری ئەو پارە و داهاتەی کە بەهۆی ڕێککەوتنی ئەتۆمییەوە بۆ ڕێژیم دەگەڕێتەوە، بۆ خەرجییە زەبەلاحەکانی لە بواری سەربازی و سیاسەتی موشەکی و دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە و یارمەتیدانی گرووپە بریکار و تیرۆریستییەکانی سەر بە ڕێژیم لە وڵاتانی عێراق، سوریە، لوبنان و یەمەن و شوێنەکانی دیکە خەرج دەکرێت.

کێشەی سەرەکیی دارمانی بەهای تمەن و بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و گرانیی شتومەک، ئەو سیاسەتە ئابوورییەیە کە بەهۆی قۆرخکاری و بوونی دەوڵەتی سێبەر بە توانایی ئابووریی هاوشانی حکوومەت و دەستێوەردانی لە هەموو کایەکانی ژیانی خەڵک و داخستنی بەشێکی زۆری کارگەکانی بەرهەمهێنان و هەڵاتنی سەرمایە و نەبوونی وەبەرهێنانی بیانی و داخراوبوونی ئابووری و پشتبەستن بە یەک سەرچاوەی داهات و تەرخانکردنی بەشێکی زۆری داهات بۆ هەندێ لە دامەزراوە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیم و دەستێوەردانەکانی لە دەرەوە بە هیچ جۆرە پلانێکی ئابووری چارەسەر ناکرێت، بەڵکوو چارەسەرکردنی، پێویستی بە هەندێ گۆڕانکاریی قووڵ لە نێو خودی هەناوی ڕێژیمدا هەیە کە پایەکانی پاراستن و درێژەپێدانی تەمەنی ڕێژیم پێک دێنن.

**. شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکراینا تا چەندە لەسەر بازاڕەکانی ئێران کاریگەرییان هەیە؟**

بەشی هەرەزۆری کاریگەرییەکانی شەڕی ئۆکراینا لەسەر بازاڕەکانی ئێران هاوشێوەی وڵاتانی هاوکۆفی ئێرانە، کە تەنیا دەنگۆی کەمبوونەوەی بەرهەمەکانی وەک گەنم و ڕۆن بووەتە هۆی گرانبوونی بەروبوومەکان لە بازاڕەکانی ئێراندا. ڕێژیم بەهۆی سزا ئابوورییەکانی ئامریکا و نەبوونی دراوی پێویست و بێبەهابوونی تمەن توانایی هاوردەکردنی ئەو بەرهەمانەی نییە، کە بەهۆی شەڕی ئۆکرایناوە گران بوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری بەسەر بەرزبوونەوەی شتومەک لە ئێراندا هەبووە. لەلایەکی دیکەوە، شەڕی ئۆکراینا قازانجیشی بۆ دەسەڵات لە ئێران هەبووە، یەکەم بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، هەروەک تەواوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت بە قازانجی ئێرانیش بووە.

دووهەم، هەوڵدانی ئورووپا بۆ کەمتر پشتبەستن بە وزەی ڕووسیا، دەرفەتێکی بە ئێران بەخشیوە کە بەهۆیەوە دەتوانێت گوشارە ئابووری و سیاسییەکانی ڕۆژاوا لەسەر خۆی کەم بکاتەوە؛ بەڵام ئەوەیکە دەبینرێت ئەوەیە کە ئێران بەو هەموو سەرچاوە سروشتییەی وزە، بەتایبەتی گازی سروشتی لەسەر نەخشەی وزەی جیهان نابینرێت. هەربۆیە سەرچاوەی چارەسەرکردنی دارمانی ئابووریی ئێران لە سەرەتادا، لە شوێنێکی دیکەی دەرەوەی کەرتی ئابوورییە و تا ئەو بەربەستانە لا نەبرێن و چارەسەر نەکرێن، هیچ ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی یان پلانێکی ئابووری توانای چارەسەرکردنی بنەڕەتی قەیرانی ئابووریی ئێرانی نییە.



# کۆتەڵ

## عەلی سۆهرابی

هەتا هێزم هەبوو، بە سەر تاریکی ئەشکەوتەکەدا قیژاندم: تۆ منت کردە پەیکەرتاش... ئەوینی تۆ نەبوایە، چیم لە پەیکەرتاشی دابوو؟

_ کوڕی خۆم.... دایە دەبەر ئەو بەژن و باڵایەت مرێ... وازی لێ بێنە....

بیرم کەوتەوە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقدا، لە ترسی تەیارە، کونەتەیارەمان چێ دەکرد. منیش خەریک بووم لە ترسی تەیارە نا، لە ترسی باوکم، لە ترسی خەڵک و تەنانەت لە ترسی خۆشم، دوور لە ئاوەدانی لە دەم جۆگەی گەورە و لە قەدپاڵی تەپۆڵکەی «خیزەشین» کونەتەیارەم دروست دەکرد. دەرگاکەم بە ئەنقەست لەژێر پۆلەتوودرکێک و لە پەنا شیلانەجارێک کردبوووە بۆ ئەوەی لە دوورەوە زارکی کونەکە نەبیندرێ. چەندین شەوی زستان، هەڵمکەند و هەڵمکەند. تا وای لێ هات چوار پێنج کەس دەیانتوانی تێیدا دانیشن. زارکی ئەو کونەتەیارەیە، هێندە چووکە بوو کە مرۆڤ بە ساناییی نەیدەتوانی بە دانیشتنەوە بچێتە ژوورەوە. دواشەو گەسکم دا و خاوێنم کردەوە بەڵام بەر لەوەی بچمە دەرەوە، دیواری ژوورەوەی بە لای پشتەوەدا، داڕووخا. لە پشت تۆز و تاریکیدا، ئەشکەوتێکی هەراو و تاریک دەرکەوت. بزەیەکی نامۆ کەوتە سەر لێوانم.....

باوکم دەیگوت: «ماڵەکەمان بووەتە بۆتخانە. ئیتر نوێژ و تاعەتیشمان بەر ناکەوێ. بە خودا شەرم لە خەڵک و خودا دەکەمەوە. ئیتر ڕەحمەتی خودا، ڕوو لەم دەرگایە ناکات».

دایکم دەیگوت: «کوڕی خۆم وازی لێ بێنە. کچە مێردی کردووە و دوو منداڵی هەیە. ئیتر بەسە... وازی لێ بێنە«.

مژێکی قورسم لە جگەرەکەم دا. پێم وابێ دووکەڵەکەی هەتا دوایین کەلەبەری سییەکانم ڕۆیی. بێ ئەوەی بمهەوێ فرمێسک بە گۆنامدا هاتنە خوار. بێهیوایانە چاوێکم لە دایکم کرد. دایکم بە لۆی لەچکی خەریک بوو فرمێسکەکانی دەسڕی. کە گریانی دایکم دیت، ئاگرم لە جەرگی بەربوو. جگەرەم فڕێ دا و باوەشم پێداکرد. لەگەڵ دایکم کوڵی دڵمان هەڵڕشت:

_ دایکە گیان... حەز دەکەم... بەڵام ناتوانم لە بیری کەم... ناتوانم لە بیری کەم.... ناتوانم...

_ لە بیری کە کوڕەکەی خۆم....لە بیری کە...

_ دایکە گیان، ئەم هەموو کۆتەڵەی نەیانتوانیوە برم بشکێنن... تینوایەتیم کاڵ کەنەوە.... تاسەی دەکەم دایکە گیان... تا سەر ئێسقان تاسەی دەکەم...

_ کوڕەشێتەکەم... دەبەر ئەو چاوە گەشانەت مرم... دەبەر ئەو بەژنەت مرم دڵێی داری عەرعەرە... بیری لێ مەکەوە...

جارێکیتریش ژماردمن. ببوون بە ١٤٣ کۆتەڵ. هەر هەموویان هی ئەو بوون. دوایین کۆتەڵ لە هەمووان زیاتر شێوەی ئەوی دەدا... لە بن تاقەداری حەسارەکەمان ڕاست ڕوو بە دەرگا چەقاندم. کە دەرگای حەسار دەکراوە، سەدوچلوسێهەمین کۆتەڵی ئەو، بە گۆزەیەک لە سەر شانەوە، وەدیار دەکەوت.

_ « خۆیەتی.... ڕێک کچەتیوە. بە خودا ئابڕوومان دەچێ». یەکەم جار کە باوکم چاوی پێی کەوتبوو، ئەوەی بە دایکم گوتبوو. «پێی بڵێ واز لەم بەزمانە بێنێ. خەڵکی ببینن، حەیامان دەچێ. چ جوابی مێردی ژنەتیوەی بدەینەوە؟». دواتر تەلیسێکی بە سەر کۆتەڵەکەدا، داکێشابوو.

«کۆتەڵێکی تەواو ڕووت» سەدوچلوچوارەمین و دوایین بیرۆکەی شێتانە و حیزانەی من بوو. دایکم بە ڕووی خۆیدا کێشا. «تۆ ئاخری حەیای ئەو ژنە دەبەی». دایکم بوو بە سەریدا قیژاندم: «تۆش پیاوی و شەڕەفت هەیە؟ هیچ نەبێ شەرمێک لەو سەروسوکتەی خۆت بکەوە.»

دایکم ڕووی خۆی لە منیش و لە کۆتەڵە ڕووتەکەش وەرگێڕا. ئیتر من بووم و کۆتەڵی ژنێکی ڕووتی ڕاکشاو... کۆتەڵی ڕووتی ئەو. زیاتر تووڕەیی دایکم بوو بە هۆی ئەوەی بەم زستانە، بیر لە هەڵکەندنی ئەو کونەتەیارەیە بکەمەوە. شوێنێک کە هیچ کەس پێی نەزانێ... شوێنێک کە هەر خۆم بم و ئەو کۆتەڵە ڕووتە...

ڕۆژێکی تەواو بوو هیچی نەخواردبوو. بە دەست و پێی شەتەکدراو لەو ئەشکەوتە هەراو و تاریکەدا، لەگەڵ کۆتەڵە ڕووتەکەی جێمهێشت.

سەرەتا زەق تێی ڕاما. لە ژێر ڕووناکی بێهێزی چۆڵەچرا ، وەک خۆی بە ڕووتی دیتبێ ، واقی وڕ ما. بە شەرمەوە سەری داخست. فرمێسکی بە چاواندا هاتنە خوار. «حەیات بردم... جا تۆش پیاوی؟ تۆش مرۆڤی؟». بە دەم هەنیسکدانەوە ئەوەی گوت.

_ هەناسەکەم لە من و دایکم زیاتر کەس نەیدیوە. دڵنیابە ناشهێڵم هیچ کەس بیبینێ.

ڕاهات دواتر... چەند ڕۆژ دواتر... بە تاریکی ئەشکەوتەکە... بە تەنیایی... بە خواردن و تەنانەت بە کۆتەڵە ڕووتەکەش ڕاهات. شەوێک دەستی بە قژە بەردینەکەی دادەهێنا و دەیلاواندەوە.

هەموو کازیوان بەر لەوەی خۆرەتاو هەڵێ، جێمدەهێشت و دەگەڕامەوە ئاوەدانی. شەوخەوتنانیش هەمیسان دەچوومەوە لای. خواردنم بۆ دەهێنا. بۆی دەدوام لە ئاوەدانی و بێ هەواڵی ئەو. لە بە دواداگەڕانی بێ ئاکامی مێردەکەی... لە دەنگۆ یەک لە دوای یەکەکانی پڕوپیرێژنان. بێ ئەوەی یەک قسەشم لەگەڵ بکا، چاوی دەبڕییە بەر پێی و جاروبارەش نیونیگایەکی دەبڕییە کۆتەڵەکەی. دواجار بە گریانەوە دەیگوت بەرم دە با بڕۆم. مێردم هەیە... منداڵم هەیە. ئەگەر منت خۆش دەوێ بەرم دە با بڕۆم.

_ چۆنت بەر دەم هەناسەکەم... چۆنت بەر دەم...خۆشەویستی تۆ هەرگیز منی بەر نەدا... من چۆنت بەردەم؟

_تۆ شێتی. نەخۆشی. بۆ ناتهەوێ تێبگەی من هی تۆ نیم قەتیش نابم.

ئیتر وەک مەنجەڵی شیری سەر ئاگر لە پڕ هەڵچووم :

_ بۆ نابی تەرەسباب. بۆ نابی؟ هەموو تەمەنم بە دیار تۆوە دانیشتم. هەموو ژیانم بە دیار تۆوە هەڵوەری. بۆ نابی ئاخر... بۆ نابی؟

بە هەموو هێزمەوە شەقێکم دە کۆتەڵە ڕووتەکەی هەڵدا. ژانێکی قورس و بێ بڕانەوە، لە کەڵەقامکی لاقی ڕاستەم گەڕا. چوار قامکی دەستی ڕاستی کۆتەڵەکە شکان. دانیشتم. قامکە شکاوەکانم هەڵگرتەوە. کۆتەڵەکە بزەیەکی حیزانەی لە سەر لێو بوو. سەیری پەنجەکانی ئەوم کرد کە لە ژێر ڕووناکی کزی چرا دووکەڵ گرتووەکەی قەدی ئەشکەوتەکە، ڕێک دەخشان و لە بەر چاوم هەڵدا و پێدایان دەکرد. ئەو بیرۆکە شەیتانییە ئالێرەوە پەڕییە مێشکم. ئیتر هەر شەوە و قامکێکم بە قیژەو هۆڕەوە دەبڕی و لە بەر چاوی ئەو دەمخوارد. تەنانەت خوێنەکەشم دەخواردەوە.

هەستم دەکرد قامکەکانی تێکەڵ بە قامکەکانی خۆم دەبنەوە. خوێنەکەی تێکەڵ خوێنی من دەبێتەوە و لە کۆتاییدا هەموو لەشی تێکەڵ بە هەموو لەشی من دەبێتەوە. ئیتر ئەو جەستەیە دەبێ بە هی هەردووکمان و هیچ کەس ناتوانێ لە یەکترمان جیا کاتەوە بۆیە دەبوایە هێور هێور و هەر شەوەی پارچەیەک لە لەشی ئەوم خواردبا.

_ تۆ مرۆڤ نی. بە دەنگێکی کز و خەمبارەوە گوتی.

_ مرۆڤم هەناسەکەم...مرۆڤم. بەڵام هیچ چارەی ترم نییە.

ئەو پشکە خوێنەی بە لالێومەوە بوو، لێستمەوە.

_ تۆ مرۆڤ نی. تۆ ئەو کەسە نی من دەمناسی.

خەریک بوو دیسان هەڵدەچووم. چاوم سوور هەڵگەڕابوون. دەستی ڕاستم بردە بەر دەمی و گوڕڕاندم :

_ ها بڕوانە... ئیتر ئەو دەستە تەنیا هی من نییە. هی هەردووکمانە... تێدەگەی؟ هی هەردووکمانە...

چاوم لە دەستی ڕاستی کرد. هیچ ئەنگوستی پێوە نەمابوون. خوێنی دوائەنگوستیشی وەستابوو بەڵام مەچەکی تەواو ئاوسابوو. ڕووناکایی چۆڵەچراکە لە سەر دەموچاوی هەڵداوپێدای دەکرد.

کز و ڕەنگ‌زەرد پاڵی وە دیواری ئەشکەوتەکە دابوو. دوو ڕۆژ بوو هیچی نەخواردبوو. لە ئانیشکەوە دەستی پێوە نەمابوو. باسکی تەواو ئاوسا بوو. هەستم کرد هێزی دەبەردا نەماوە. بەرەوڕووی هەڵترووشکابووم و خەریک بووم ئێسکی مەچەکیم دەکڕووسییەوە. لە دەمارەکانی ئانیشکی بەردەوام و بێبڕانەوە خوێن دەهات.

_ تۆ مرۆڤ نی... بە خودا تۆ مرۆڤ نی....

لە بێدەنگی ئەشکەوتەکەدا، دەنگەکەی لە کاسەی سەرمدا دەنگی دەدایەوە. خوێنەکە هەر دەهات و ئەشکەوتەکەی پتر دادەگرت. هەتا ڕەنگی ئەو زیاتر زرد هەڵدەگەڕا، تەوژمی خوێنەکەش زیاتر دەبوو. لە نێو خوین و تاریکیدا پەلەقاژەم دەکرد. خوێن کۆتەڵەکەی داپۆشیبوو.

هەستم کرد کۆتەڵەکە ڕۆژی بووکێنییەتی بە کراس و تارای سوورەوە. جووتێک سێوی سوور، لە سەر سینگی جاروبار وەدیار دەکەوتن. گێژوویژ سەیری ڕەنگی زەردی ئەو و بزە حیزاوییەکەی کۆتەڵەکەم دەکرد کە بە نازەوە لەبن تاراکەی چاوی لێ دادەگرتم. هەمیسان چاوم لێ کردن. هەردووک بزەیان لە سەر لێو بوو. لە بەر چاوم جێگۆڕکێیان دەکرد. نەمدەزانی کامەیان خۆیەتی و کامەیان کۆتەڵەکەیە. بۆنی خوێن هەناسەی گرتبووم. لە ناو کەف و خوێندا خەریک بوو بخنکێم. وڕ و کاس بەرەو زارکی ئەشکەوتەکە دەخۆم نووسام. تریقەی قاقایەک وەخۆی هێنامەوە. گورگاوڕێکم وێدانەوە. دەنگی قاقای کامەیان بوو؟ ئەشکەوتەکە هەر دەهات و لە بەر یەک دەڕەوییەوە و تاریکتر دەبوو. من لە ناو خوێن و تاریکیدا لە دەرگای ئەشکەوتەکە دەگەڕام و ئەو و کۆتەڵەکەش بە شوێن منەوە بوون. دنیا هەمووی تێکەڵی خوێن و تاریکی بوو.....























KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan No :821 20 April 2022

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٤٠١ هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران .

### ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

**دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان:**

ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی خاکەلێوە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «زانکۆ مەسعوودی» کوڕی ڕەسووڵ خەڵکی گوندی «مەڵقەرەنیـ»ی شاری سەقز، بۆ دووهەم جار و پاش دانانی وەسیقە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرایەوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا؟
ڕۆژی شەممە ٢٠ی خاکەلێوە، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ڕێبین ڕیشی» و «ڕامین ڕیشی» خەڵکی شاری بانە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.
ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی خاکەلێوە، ٦ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ڕەزا ئیسلامدوست»، «سامان ڕەسوڵزادە»، «سەنعان ڕەسوڵزادە»، «دیاکۆ خەلیلی»، «ئەشکان شکاک» و «سینا ئاقازادە» کوڕی سلێمان خەڵکی شاری «نەلۆس»ی شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.
سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی خاکەلێوە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد فەتحوڵڵاهی» کوڕی «بایەزید» خەڵکی شاری بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی سێشەممە ٩ی خاکەلێوە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حامید عوسمانی» کوڕی «ئیبراهیم»، خەڵکی گوندی «یاسینئاوێ» و دانیشتووی شاری سەردەشت، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.
ڕۆژی شەممە ٢٧ی خاکەلێوە، هاووڵاتییەکی دیکە بە ناوی «خالید حاجی ڕەسووڵیپوور» خەڵکی شاری بۆکان لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی خاکەلێوە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەعدی مەحموودی» کوڕی عومەر خەڵکی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٧ی خاکەلێوە، چوار هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «شارام بوورک، سەیدناسر حوسێنی، عومەر ئیبراهیم نادری و لەیلا ئیبراهیم نادری» کچی عومەر خەڵکی گوندی «سۆغانلوو»ی شاری پیرانشار لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.
چالاکێکی کرێکاری کورد بە ناوی «مورتەزا سەیدی» تەمەن ٣٧ ساڵ خەڵکی شاری کامێران و دانیشتووی شاری تاران، پاش ٥ ڕۆژ لە دەسبەسەرکرانی چارەنووسی ناڕوونە.

**بانگهێشتکردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئەمنییەتییەکان:**

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ٩ هاووڵاتی بە ناوەکانی «واحید سۆفی»، «جەماڵ عەلەوی»، «ئاکۆ ئەحمەدی»، «ڕەحیم ئەحمەدی»، «ناسر ڕووزخوون»،«لوقمان شەنگە»،«وەیسی قادری»، «ئەمیر سوڵتانی» و «مەتین خوولە»، خەڵکی شاری مەهاباد، بانگهێشتی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارە کراون و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.
سەلاح ئازادی یەکێک لە چالاکانی سێنفیی مامۆستایانی شاری مەریوان بۆ دادسەرای گشتی و ئینقلابی ئەو شارە بانگهێشت کرا.
ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی خاکەلێوە، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەیدعەزیز ئەحمەدی» کوڕی سەید ڕەحمان خەڵکی شاری پیرانشار، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.

**ڕاگواستنی زیندانی بۆ ئیتلاعات:**

ڕۆژی یەکشەممە ٢١ی خاکەلێوە، «کەیوومەرس لەتیفی» چالاکی مەدەنی و مامۆستای زمانی کوردی لە زیندانی سنە بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

**ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:**

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی ژن بە ناوی «شلێر ئەحمەدی» کچی مستەفا خەڵکی گوندی « قزڵقۆپی» سەر بە شاری مەهاباد، لە یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی ورمێ، بۆ بەندی ژنانی زیندانی ناوەندیی ئەو شارە، ڕاگوێزرا.
ڕۆژی شەممە ٢٧ی خاکەلێوە، «کەیهان موکەڕەم» زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی گوندی «ئەنبێ»ی ناوچەی تەرگەوەڕ، پاش تەواوبوونی مەرەخەسییەکەی گەڕایەوە زیندانی ورمێ.

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**


سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ١٦ی خاکەلێوە، سێ کۆڵبەر بە تەقەی تاپڕ لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە لە سنووری نەوسوود پێکران.
ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی خاکەلێوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «دیار ئەمینی» کوڕی حەمەتوفیق خەڵکی گوندی «هانەگەرمەڵە»ی شاری پاوە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار کرا.
سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی خاکەلێوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «محەممەد مەولوودی» خەڵکی شاری بانە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری «هەنگەژاڵ»ی ئەو شارە پێکرا.
ڕۆژی سیشەممە ٢٣ی خاکەلێوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «فەریاد ئەداک» خەڵکی گوندی «ژیوار» سەر بە شاری سەوڵاوا، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نەوسوود بریندار کرا.
ئێوارەی ڕۆژی سیشەممە ٢٣ی خاکەلێوە، سێ کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «فەرزاد ئیمامی» خەڵکی گوندی «بانەوڕێ» سەر بە شاری پاوە، «ئارمان مستەفازادە» تەمەن ٣٠ ساڵ کوڕی ئەحمەد و «سەلام ئەعزەمی» خەڵکی گوندی «مەنسوور ئاقایی» سەر بە بەخشی شاهۆی شاری ڕوانسەر، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری نەوسوود بریندار کران.
ڕۆژی شەممە ٢٧ی خاکەلێوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «تورەج کەریمی» تەمەن ٣٧ ساڵ کوری موشیر، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری شووشمێ، پێکرا.
ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی خاکەلێوە، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، دەسرێژیان لە ژمارەیەک لە کۆڵبەران لە سنوورەکانی نەوسوود و شووشمێ کرد و لە ئاکامدا، چەندین کۆڵبەر پێکران.
شوناسی چەند کەس لەو کۆڵبەرە بریندارکراوانە بریتییە لە، «حەسیب عەزیزی» خەڵکی گوندی «شمشێر» سەر بە شاری پاوە، «ساسان خانی» خەڵکی شاری سەلاس باوەجانی و دانیشتووی شاری جوانڕۆ و «حەبیب» خەڵکی گوندی «شروێنە»ی شاری جوانڕۆ، سەعدوڵڵا حوسێنی، نامدار حوسێنی، موبین و مەهدی خەڵکی شاری جوانڕۆ.
ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی خاکەلێوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سلێمان ئیبراهیم زادە» تەمەن ٣٧ ساڵ خەڵکی گوندی «بنووخەلەف»ی شاری سەردەشت، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «بێتووش»ی ئەو شارە، گیانی لەدەست دا.
سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣٠ی خاکەلێوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئارش نووری» کوڕی بارام خەڵکی گوندی «کلاش نەهێن» و دانیشتووی شاری جوانڕۆ، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری نەوسوود پێکرا.
ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی خاکەلێوە، «ئارش نووری» کۆڵبەرە برینداربووەکەی خەڵکی گوندی «کەلاشی لوولم» سەر بە شاری جوانڕۆ، بەهۆی قورسیی برینەکانییەوە، لە نەخۆشخانەی تاڵقانیی کرماشان گیانی لەدەست دا.

**بەڕێوەچوونی دادگا بۆ مەحکوومکردنی هاووڵاتییان بە زیندان:**

دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی «حەیدەر عەلیزادە» خەڵکی گوندی «قەزەناوێ» و «شێرزاد مامەندی» خەڵکی گوندی «نەرزیوێ»ی شاری شنۆ، لەلایەن لقی ١٠١ی دادگای کەیفەریی ئەو شارە، بە ٦ ساڵ زیندان مەحکووم کران.
بەپێی ئەو حوکمە داسەپاوە، حەیدەر عەلیزادە بە ٤ ساڵ زیندانی تەعزیری و شێرزاد مامەندی بە دوو ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم و ئەو حوکمەش ڕۆژی سێشەممە ١٦ی خاکەلێوە، بە شێوەی فەرمی بەو دوو هاووڵاتییە ڕاگەیەندراوە.
هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «واحید شێخمحەممەدی» خەڵکی گوندی «ئاڵیاوێ»ی شاری شنۆ، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی ئەو شارە، حوکمی ٦ مانگ زیندانی تەعزیری بە سەردا سەپا.
هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەبدولواحید عەباسیزادە» تەمەن ٣٥ ساڵ کوڕی عوسمان، لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری سەقز، جێگیر لە شاری بانە بە سەرۆکایەتیی دادوەر «ئەکبەر میرزایی» بە سێ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.
لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئەحەد مەولوودی» کوڕی موتەلیب خەڵکی گوندی «یوونسلیان» و «حوسێن خەلیانی» کوڕی خوسرەو خەڵکی گوندی «کۆییک»ی شاری نەغەدە، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارە هەر کامەیان بە ٥ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کران.
هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «هوشیار شەعبانی» تەمەن ٢٧ ساڵ کوڕی محەممەد خەڵکی شاری بانە، لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری سەقز جێگیر لە شاری بانە، بە سەرۆکایەتیی دادوەر «ئەکبەر میرزایی» بە ساڵێک زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.

**کوژرانی هاووڵاتییان لە ژێر ئەشکەنجە:**

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «میلاد جەعفەری» تەمەن ٢٥ ساڵ و خەڵکی شاری کرماشان و دانیشتووی شاری تاران، بە شێوەی گوماناوی لە یەکێک لە گرتنگەکانی هێزە ئینتزامییەکان گیانی لەدەست دا.









**گیانلەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران:**

دوو ڕۆژ پێش، کرێکارێکی کرماشانی بە ناوی «تورەج حەیدەری» کرێکاری شیرکەتی بەرق کرماشان، لەکاتی کارکردن بەهۆی تەزووی بەرق بەربوویەوە و گیانی لەدەست دا.
ڕۆژی شەممە ٢٧ی خاکەلێوە، کرێکارێکی کورد بە ناوی «یاسین ڕەزایی» کوڕی ڕەزا خەڵکی گوندی «قەسرک»ی شاری سەڵماس، بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان گیانی لەدەست دا.

**خۆکوژی هاووڵاتییان:**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژنێکی لاوی سەقزی بە ناوی « لەیلا ئیسلامی» کچی محەممەدڕەسووڵ، بەهۆی کێشەی بنەماڵەیی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

KURDPA